# شۆڕشی ژینا

- نامیلکەی **شۆڕشی ژینا**
- پێداچوونەوە و ئامادەکردنی بۆ چاپ: حەسەن حاتەمی، حەمەڕەسووڵ کەریمی، کوێستان بابایی
- دیزاینی بەرگ و کتێب: جەعفەر شەریعەتی
- ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- ساڵی ۱۴۰۲ی هەتاوی

# پێرست


پێشەکی، حەسەن حاتەمی ..... ٥
خاڵی وەرچەرخان، ئاسۆ مینبەری ..... ١٣
خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی، ئێران ڕەشیدی ..... ١٩
پیرۆزبایی بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەیان کەریمی ..... ٢٢
دیداری ژیناونەورۆزی شۆڕشی ژینا، حەسەن حاتەمی ..... ٣١
شۆڕشی ژینا، یەکێک لە زێرینترین لاپەڕەکانی مێژوو سەیران عیزەتی ..... ٣٨
"ژن، ژیان، ئازادی"سرووودی سرووودەکان، سرووودێکی ناتەواو، شەهلا دەباغی ..... ٤٢
کورتەیەک لە خەباتی سەرانسەریی ژنانی ئێران و بەتایبەتی ژنی کوردو شۆڕشی ژینا، شەهێن زادئەحمەد ..... ٥٧
شۆڕشێکی مودێرن بە ڕێبەرایەتیی ژنان، کوێستان بابایی ..... ٦٧
شۆڕشی ژیناو دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، گەلاوێژ محەممەدی ..... ٧٥
ئالنگارییەکانی بەردەم بزووتنەوە "شۆڕش"ی ژینا مۆژگان عەلیپوور ..... ٨٠
شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ گەڕاندنەوەی مێژووی دزراوی ژنان بۆ خاوەنەکەی، مەجید حەقی ..... ٨٤
ژن کوژییەکانی دوای دروشمی، "ژن، ژیان، ئازادی" نەسرین یوسف زادە ..... ٨٧
ژنان و کچان لە مەیدانی خەباتدان، هێرۆ جەلدیانی ..... ٩٢
شوڕشی ژیناو چەند سەرنجێک، هیوا ئەحمەدی ..... ١٠٠
Perî Reşîdiyan ،Yekîtiya Jinan û rewşa jinê ..... ١٠٤
گوڵاڵەکان دەڕوێنەوە، ئاشق ..... ١٠٨
سرووودێک بۆ نەورۆز، ڕەحیم لوقمانی ..... ١٠٩
وەرن لەم بەژنە بڕوانن...، ناسر حیسامی ..... ١١٠
هێمن شاعیری ژن، ژیان، ئازدی، برایم جەهانگیری ..... ١١١

## پێشەکی

خوێنەری بەڕێز!

ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ (١٥ی مارسی ١٩٤٦) خاڵێکی زۆرگرینگ لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان بە گشتیی و دەسپێکی چالاکیی ژنان بە شێوەی ڕاستەخۆ بەتایبەتییە. ئەو ڕۆژە دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتی ژنانی کوردستانە، کە ٥٢ ڕۆژ دوای ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی دامەزرانی کۆماریی کوردستان چێ کرا. ئەو حیزبە ڕەشەممەی ئەمساڵ ١٤٠١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠٢٣ ی زایینی، ٧٧ مین ساڵوەگەڕیی دامەزرانییەتی.

ئەو بۆنە مەزنە لە هەموو ژنانو کچانی ئازادیخواز، تێکۆشەر، نیشتمانپەروەر و یەکسانخواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ایران)، باشووری کوردستان و تاراوگە، بەتایبەتیی بنەماڵەی مەزنی حیزبی دێمۆکڕات، تێکۆشەران و ئەندامان و لایەنگرانی لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەن، پیرۆز بێ.

بەڕێزان!

ئێمە لە حاڵێکدا، ئەو یادە مەزنە دەکەینەوە کە پتر ٦ مانگ لە ڕاپەڕین و شـۆڕشـێکی نوێی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، گەلانی دیکەی بەرایی لە ئێران و لە تاراوگە، بە ناوی شـۆڕشـی ژینا (مەهسـا) ئەمینی، بە پێشـــەنگیی کچان و ژنان و بەتایبەتیی لاوانی بوێر و ئازا و گیان لەســـەر دەست، لە ئارا دایە. ئەو شۆڕشە چەخماغەکەی لە ژیان و گیان ئەستاندنی کارەسات باری کیژە کوردێکی سەقزیی لێدرا، کە ٢٢ بەهار تەمەنی بوو.

کارەســـــاتەکە بە کورتی بەوجۆرە خوڵقێندرا: کچێکی لاوی جوانی، ٢٢ ساڵەی سـەقزی، بە کوردی ناوی ژینایە. ئەو کیژە شـۆخە بە پێی پێناسـە (شناسنامە)، ناو و ناوبانگی مەهسا ئەمینییە. ئەو لە مانگی ڕەزبەری ١٤٠١ (٢٠٢٢) قەراربوو بچێتە زانســـتگە و درێژە بە خوێندن بدا. بەڵام وەرزی هاوین بوو و خوێندگەکان بەسترا بوون.

ژینا /مەهســـا بۆ گۆڕینی هەوای ژیان و کەڵک وەرگرتن لە پشـــووی هاوین و دیداری ئازیزان و خزمانی لە تاران، لەگەڵ کیارەشـــی برای سەفەر دەکەن. ژینا هیچکات بە بیر و زەینی دا نەدەهات کە ئەم سەفەرە بەداخەوە بێ گەڕانەوە دەبێ. ژینا، شاد و خۆشحاڵ بە دڵێکی پڕلە ئومێد و خولیای زۆر لە ژیان دا، لە یەکێک لە شـــەقامەکانی تارانی پێتەخت، لە نزیک ئوتووبانی "حقانی" لەگەڵ کچە پوورەکەی، بە لەشساغی و دڵخۆشی تێدەپەڕی.

لە نەکاو ماشـێنێکی وەن و چەند پیاو و ژنی نامۆیان لە بەرپێیان شـین دەبن. کات سەریی شەوێی سێ شەممۆ ٢٢ی خەرمانی (١٣ی سێپتامبر)ە. لەوپەڕی ناباوەڕی دا، ژینا دەگرن و بە ڕاکێشان بۆ نێو ماشێنە نگبەتەکەی گەشـــتی بە ناو "ئێرشـــاد"ی دژە ژنی دەبن. لە کاتی گرتنی دا، دەڵێن:

نیگەران مەبن. ماوەی ٢٠ خولەک ســــەبارەت بە حیجاب (ڕووپۆش و سەرپۆش) قسەی لەگەڵ دەکەین!؟ پاشان بۆ مۆڵگەیەکی پۆلیس بە ناوی "پۆلیسی ئەخلاق و ئەدەب" لە شەقامی وزرا دەبرێ. بە بیانووی دیاربوونی چەند تاڵە مووی قژی جوانی "دەســــکەنە دەکرێ" و ڕووی گەش و جوان ودەمی بە پێکەنینی  بە هاوار و گریان، دەگۆڕن. بە تەواوی جارێ ڕوون نەبۆتەوە کە ئەو دوو کاتژمێرە چیان بەسەر هێنا؟!.

دوای ماوەیەکی کورت، ژینا وێنەیەکی سەیر و سەرسووڕ هێنەری لێ بڵاوکراوەیە.- خاتوو "نیلوفر حامدی"، هەواڵنیری ڕۆژنامەی "شـــرق"  ئەو وێنەیە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە گواســـتەوە و دواتریش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا، بڵاوکرایەوە و ئەوپەڕی هاودەردی لەگەڵ کرا.

ژینا /مەهســا لە ســەر تەختی نەخۆشــخانەی کەســرای تاران، لە ژێر دەزگا دا، خەوێنـدرابوو. ژینـا لە کۆمـا دابوو. ئەو وەزعە زۆر نـاخۆش و دەڵتەزێنە دوای سێ ڕۆژ بوو بە کارەسات. ژینا لە نەخۆشخانەی کەسرای تاران بە غەریبی بەداخەوە گیان دا.

تەرمی پیرۆز و جوانمەرگ کراوی ژینـا لە غەریبـایەتیی ڕا، بۆ زیـد و نیشتمان هاتەوە. لە بەردەرگای نەخۆشخانەی کەسرای تاران کۆبوونەوە و نارەزایەتیی چێ ببوو و دروشم گەلێکی دژی ڕێژیم درابوو. دواترسەقز بوو بە مەکووی غەم، بەرخۆدان و دروشــم دان. لەکاتی بە خاک سـپاردنی دا، خەڵکیکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتـان و هێنـدێـک نـاوچەی دیکە کوردستان و سەرانسەریی ئێران دا، بەشدار بوون.  کچان و ژنانی بوێر و ئازا بۆ نیشـــان دانی هاوســـۆزیی لەگەڵ ژینا و ئەو بیانوویەی بەداخەوە لەســـەری کوژرا، کە دواتر بە "قتل حکومتی" ناوی برا؛ ڕووپۆشـــی ســـەر (لەچکە) ی سەریان تووڕ هەڵدان، یا سوتاندیانن. ژمارەیەکیش بەشێک لە

بسک (مووی سەر) یان بڕی، کە دواتر بوو بە باو لە کۆبوونەوە و شوێنی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی کوردستان، ئێران و تاراوگە دا.

دنیای پێشکەتووی دیجیتاڵی و ئەلەکترۆنیکی، بە موبیل و گووشییەکانی دەستانی خەڵکێکی بەشدارلە گۆڕستانی ئایچی و بڵاوبوونەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دا، لە لایەک، و نووسراوەی هەواڵنێری ڕۆژنامەی "هم‌میهن" خاتوو "الهه محمدی"، بەناوی "یک وطن اندوه" (نیشتمانێکی غەمین) لە لایەکی دیکە، بوون بە هۆی ئاگادارکردنی بەشێک لە بیروڕای گشتیی، کە دیسان "سروشت هەواڵێکی ڕەش" و کارەساتی ژینا / مەهسای "بە گوێچکەمان دا، چرپاند".

گویا: یەکێک لە پوورەکانی ژینا، لەسەر گڵکۆیەکەی هەم بە هەنسێکی گریانەوە و هەم بە سۆزێکی دایکانەوە، قسە لەگەڵ کێلێکی ژینا دەکا و دەڵێ: بنوو ژینای خۆشەویست و جوان، دڵنیام ناوت دەبێتە ڕەمزی خەباتمان. هەرلەوێ، دروشمی "ژن ژیان ئازادی"، دەبێتە ئاڵای پڕ بە باڵای ژینای کوردان و دواتر مەهسا لە ئێران و بە ناوبانگ لە جیهان دا.

هەواڵی کارەساتی جوانەمەرگ کرانی ژینا /مەهسا، هاودەردیی سنەی "خوێناوی" و تووڕهەڵدانی ڕووسەرییەکان و ئاگردانیانی لێکەوتەوە. "شین گێڕێ" ئەو جارمان وەک بۆمبارانی "بانە" نەبوو؛ بەڵکوو بۆ هەموو کوردستان، ئێران و جیهان زایەڵەی چوو. جوانمەرگ کرانی ژینا بوو بە هاوارێک بۆ نیشان دانی زوڵم و غەدری ڕێژیمی ئیسلامی سیاسیی لە ئێران و خوێنڕژتن لە پێناو، ئینسان بوون، ژن بوون، کورد بوون، جوان بوون، ناو ژینا بوون، موسافیر بوون، سونی بوون، بێ حورمەتی کردن بە "کەرامەتی ئینسانی"و ...

سێ حیزب و ڕێکخراوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندام لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە لەو کاتی دا، دێمۆکراتێکی

یەکگرتوو و دوو کۆمەڵەی لە بەرەبەریی یەکگرتن دا بوون، بۆ سێ ڕۆژانەی جوانەمەرگ کرانی ژینا /مەهسا لە ٢٨ ی خەرمانان دا، داوایان لە خەڵکی کوردســــتان کرد، بەیانی هەتا نیوەڕۆ مان بگرن، و لە دوانیوەڕۆیەش دا، بێنە سەر شەقامەکان و نارەزایەتیی دەبڕن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە مانگرتنی گشتیی لە ٢١ ی خەرمانانی ١٣٩٧ (٢٠١٨)، ٤ ڕۆژ دوای کارەســـاتی مووشــــەکبارانی قەڵای دێمۆکرات و ناوچەی تێکۆشــــانی دێمۆکڕاتەکان لە کارنامەی پڕشــــنگداریی خەباتی مەدنیی‌دا هەبوو، ئەمجاریش داوای بانگەوازیی ناوەندیی هاوکارییان بەربڵاوتر و چالاکانەتر وەرگرت. خەڵکێکی زۆر هاتنە سەر گۆڕەپانی شار و شـارۆچکە و تەنانەت گوندەکانیش و مێژوویەکی مەزنی نوێیان بەدژی پتر لە چوار دەیە دەســەڵاتی ڕەش و پڕشــورەیی ڕێژیمی ئیســلامی ســیاســی مەزهەبیی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی دا، خولقاند.

ڕووماڵی بەردەوامی تی‌ڤی و ڕادیۆکان، گەردەلوولی هەشــتەگی "مهســا امینی" لە تویتێر بە فارســی و ئینگلســی کە لە ٢٧ ی خەرمانان دەســتی پێکرد، لە یەکەم ڕۆژ دا، ١١ میلیۆنی تێپەڕاند!!! لە ماوی ٢٦ ڕۆژ دا، هەتا ٢٣ ی ڕەزبەری ١٤٠١ (١٢ ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢)، ڕادەکەی گەیشتە ٢٧٥ میلیۆن و لە بڵاوکرانەوە و چەند پات بوونەوەکان (باز نشــر) دا، لە تویتێر، ئینستاگڕام و تیک‌تۆک دا، ٩٢٠ میلیۆن جار بینران و...

لە چلەی ژینا دا، ســـەرەڕای قەدەغە و قۆڕغ و هەڕەشـــەکانی ڕێژیمی دژی گەلیی بۆ نەهێشـــتنی چوون بۆ گوڕســـتانی ئایچی و ســـەر گڵکۆی ژینا/مەهســا دا، گەلانی ئێران و بەتایبەتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان، ئاپۆڕای ١٠٠ هەزار کەســیان ئەنجام دا، و گەمارۆی لەشــکری خوێنڕێژ و کوشــتاریان شــکاند. ئەمجار لە جێگەی هەواڵی "ڕەش" و کارەســات باری

ژینا دا، گەلی کورد قەقنەس ئاســـا، لە کردەوە دا، دێڕەکانی ســـروودی "هێزی گەل، هێزی خەبات و ڕاپەڕین، بۆ ئەوەی میللەت بە ســـەربەرزی بژین"یان نۆژەن کردەوە.

لە دەرەوەی ئێران و لە تاراوگەش دا، گەلانی دڵ پڕ لە ســۆ بۆ هاوڕێی لەگەڵ بزووتنەوەی ژن ژیـان ئـازادی (زن زنـدگی ئـازادی) بۆ خولْقـانی شـۆڕشـی هاوتەریب لەگەڵ نیوخۆ، لە پتر لە ١٠٠ شـاری گەور و بچووک بە حەشیمەتی، لە هەزار هەتا پتر لە ١٠٠ هەزار کەسی کە بواری ئازادی ڕێپیوان و کۆبوونەوەی ئازادانەیان هەیە، کوورەی شـۆڕش و خەباتیان - لە سەرمای بەرەو زستان، لە ژێر شەڕی زۆر ناخۆشی داسەپاوی ڕووسیە بە سەر ئۆکڕاین دا- نێڵ دا.

دڵسۆزانی بەرگریی لە مافی روای ئینسانی و هەوڵدان بۆ "بانگی ئازادی و گڕووی یەکســـانی" لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤایەتیی و مرۆڤ تەوەرکان لە تاراوگە دا، هاوتەرتەریب لەگەڵ چوونەسەر و بڵێسەدار و بەرفراوان بوونی پتری شـۆڕشـی نوێی ژینا /مەهسا دا، وڵاتانی ئاڵمان و ئیسلەند، بەتایبەتی خاتوونی ژیر و هەڵســـوور، "ئانالێنا بێربووک"، وەزیری دەرەوەی ئاڵمانیان هێناســـەر ئەو بڕوایە داوای کۆبوونەوی بە پەلەی شـــووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکـان بکەنو "کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان" (کمیتەی حقیقت‌یاب) سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دروســت بکرێ. ئەو کۆمیتەیە بە ٢٥ دەنگی موافیق، ۶ دەنگی موخالیف و ١۶ دەنگی ســـپی (ممتنع)، پەســـند کرا. - لەوانەیە ئەگەر کردەوی ئەو کۆمیتەیە بە باشـــی بچێتە پێش، بکرێ "تێرۆرِ ســـیاســـییەکان"یش کە ژمارەیەک لە ڕێبەرانی ئۆپۆزیســـیۆن و تێکۆشـــەرانی گەلانی ئێران لە تاراوگە، بەداخەوە گیانیان لێئەستێندرا بتوانێ زیندوو کرێنەوە."

ئێستا بەخۆشییەوە شۆڕشی ژینا/ مەهسا وەک باسکرا، بە پێشەنگیی ژنان و کچان زۆر بەرەو سەر چووە. دروشمی ژن ژیان ئازادی بە کوردی و (زن، زندگی آزادی) بە فارسی و بە زمانی نەتەوەکانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران و بە ئینگلیسی و زۆربەی زمانەکانی دیکەی جیهان، دەنووسرێن و دەوترێن. چەند سروود، شێعر، وێنە، شانۆ و کاری هونەریی خوڵقان کە سروودی "بۆ" (برای) ی شەروینی حاجی پوور و بە چەند زمان گوترا و بوو بە سروودی وێردی زمانی هەزران کەس لە جیهان دا کە خەڵاتی "گرامی" لە ئەمریکایەشی پێدرا. کەوابوو، لە پێشبینی سەر گڵکۆی ژینا دا، ناوی ژینا /مەهسا بوو بە ڕەمزی شۆڕشی نوێمان، لە نێو گەلانی ئێران و بەناوبانگ لە جیهان دا.

پێویستە ئاماژە بکرێ کە ٧٧ ساڵ پێش ئێستا لە سەقزی ژینا دا، یای زێڕەوشانی دایکی سێ کوڕە شەهیدی سەرداری ١١ تێکۆشەری کۆماری کوردستان، لە زستانی سارد و زۆر ناخۆشی ١٣٢٥ ی هەتاوی و ١٩٤٧ی زایینی دا، کە بۆ ڕۆڵەکانی لە بەرچاوی دوژمن نەگریا، دواتر لە کتێبی پاشەرۆکی یاد بەڕێز مامۆستا هێمن دا، بە "شیرە ژن" ناوی برا. ٣٢ ساڵ دواتر ڕێژیمی محەممەد ڕەزا شای پەهلەوی دژە کورد و دژی گەلانی ناکورد و ئازادیخواز و ماف خواز، بەهۆی شۆڕشی گەلانی یەکسان خواز و ماف پێشێل کراو بە مێژوو سپێردرا.

بێشک ڕێژیمی دژی گەلیی و تاریک بیری ئاخوندی - سپایی ئێستاش، بە خەباتی یەکگرتووانە و بەربەرینی گەلانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە کە پتر لە ٦ مانگە درێژەی هەیە و بە پشتیوانیی دنیای ئازاد و مرۆڤدۆست، سەردەکەوێ و ئەو ڕێژیمە توتالیتێرەش، دەچێتە نێو ئارشیوی مێژووی سەرەڕۆیان، دیکتاتۆران و تۆتالیتێرەکان.

ئازیزان!

ئەو نامیلکەیەی لەبەر دەست دایە، کۆمەڵە وتارێکی لێکدانەوە و شرۆڤە کردنی خەبات و بەرخۆدانە کە بۆ ڕێز گرتن لە شـــۆڕشـــی ژینا و هەموو شـــەهیدان و گیانبەختکردوان، برینداران، گیراوان و بەندکراونی ســیاســی گەلانی ئێران، بەتایبەتی کوردەکان نووسراون. بەو ئومێدەی بە سوود بن.

حەسەنی حاتەمی
مەی ٢٠٢٣ زایینی بەرانبەر بە گوڵان
بانەمەڕی ١۴٠٢ی هەتاوی.



# خاڵی وەرچەرخان

ئاسۆ مینبەری

ژنان بە درێژایی مێژوو و لە زۆر کۆمەڵگادا بە هەموو جیاوازییە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و ...وەوە، بەرەوڕووی جۆرە جیاوازییەکانی هەڵاواردن و توندوتیژی بوونەتەوە و بێگومان ئەوەی کە ئێستا وڵاتانێکی زۆر هەن کە تێیاندا ژنان ئەگەر نەڵێین بە تەواوەتی لانیکەم ئازادی و ئارامییەکی ڕێژەییان هەیە ئاکامی تێکۆشانێک بووە کە خودی ژنان بۆ دەرباز بوون لە دۆخی ئەوکاتی خۆیان خستوویانەتە گەڕ.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە ئەزموونی جیاواز و جۆراوجۆر، لە هەر جوغرافیا و وڵاتێکدا بە هەر ئایین و یاساوڕێسایەکی تایبەتەوە، ژیانی ژنان بە جۆرێک تێدەپەڕێ، وڵات هەیە ژن تێیدا سەربەستە و وەکوو مرۆڤێک پێوەرەکانی ژیانی ئاسوودە و بەدوور لە هەڵاواردن و توندوتیژی ئەزموون دەکات، وڵاتیش هەیە کە تێیدا ژن وەکوو کۆیلە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش دۆخەکەی خراپتر دەبێ.

ئەڵبەت نابێ لە بیرمان بچێ کە زیاترین ڕێژەی کێشەکانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە وەکوو وڵاتانی جیهانی سێهەم ناسراون، وڵاتگەلێک کە گەشەیان نەسەندووە و لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی،

کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابووری و تەنانەت ئەخلاقییەوە نەیانتوانیوە خۆیان بەرۆژ بکەنەوە، هەر بۆیە هەڵسوکەوتە گشتییەکان لەگەڵ توێژە جیاوازەکان و بەتایبەتیش ژنان نالەبارە.

هەمووومان باش دەزانین کە وڵاتانی پێشکەوتووی ئێستاش، خۆ لە بنەڕەتەوە پێشکەوتوو نەبوون و بە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکەکە و بە فکر و ئایدیای حاکمان و دەسەڵاتداران قۆناغە سەختە مێژووییەکانی گەشەسەندن و پێشکەوتنیان بڕیوە و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ هەر بۆیە نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەوانیش لە سەرەتاوە وەکوو ئەمڕۆ نەبوون و ڕەنگە هەندێ جار ڕووداوێکی دەگمەن توانیبێتی ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگاکە بەگشتی.

بەم ڕوانینەوە با بێینەوە سەر کوردستان! ساڵانێکی زۆرە کە کوردستان لەژێر هێژموونێی هێزی داگیرکەردایە و لەم ساڵانەشدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە خەباتی سیاسی لە کوردستان چۆن پەرەی ئەستاندبێ، هەوڵ دراوە خەباتی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیش لەپاڵیدا تووشی گۆڕان بێ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەبینین کە چۆن دامەزرانی دەسەڵاتێکی کۆماری توانی کاروباری کۆمەڵگا ڕێک بخات و لە ڕێگەی بەڕێکخراوەیی کردنی کاروباری کۆمەڵگاوە، گۆڕانێکی مەزن و شوێندانەر لە کۆمەڵگادا درووست بکات تا جێگایەک کە دەتوانین بڵێین، خودی کۆماری کوردستان خاڵێکی وەرچەرخانی گرینگ لە مێژووی کوردستاندا بە ئەژمار دێت.

یەکێک لە دەسکەوتە هەرە گرینگەکانی کۆماری کوردستان وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بووە کە توانیویەتی ڕوانینی کۆمەڵگا بەگشتی بەنیسبەت ژنان و بەشدارییان لە کاروباری

ڕێکخراوەیی و سیاسیدا بگۆڕێ، واتە بەشێک لەم گۆڕینی ڕوانینە، گۆڕینی ڕوانینی ڕەگەزی و کردنەوەی مەیدان بۆ ژنان بووە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان توانیی بەستێنی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەنیسبەت پرسەکانی ژنانەوە درووست بکات، ئاڵوگۆڕێک کە تا ئەو سەردەمە لەلایەن دەسەڵاتی حاکم بەسەر کوردستانەوە هەر بیریشی لێ نەکرابووەوە، بە دوور لە ڕاستی نییە ئەگەر بڵێین دەسەڵاتەکانی حاکم بەسەر کوردستاندا کە وەکوو دەسەڵاتی داگیرکەر دەناسرێن تاکوو ئێستاش نەیانتوانیوە بەو ئاستە لە تێگەیشتوویی بەنیسبەت ڕۆڵ و ئەرکی ژنان لە کۆمەڵگادا بگەن، کە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە نموونە ئێجگار زۆرن!

لە ماوەی ٧٧ ساڵی ڕابردوودا واتە لە پاش دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان لە کوردستان، تاکوو ئەمڕۆ، مێژووی ئێمە وەکوو کورد بە قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، ڕەنگە زۆر جار دەسەڵاتی حاکم توانیبێتی لە ڕێگەی دامودەزگا و ئیمکاناتی بەردەستی خۆیەوە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر تاک و کۆمەڵ بووبێت و ڕوانین و بیرکردنەوەی خۆی گواستبێتەوە بۆ نێو هزری تاکەکان، بەڵام بێگومان هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەش هەر بەردەوام بووە.

ڕەوتی ئاسێمیلاسیۆن و تواندنەوەی تاکەکان لە گوتاری باڵادەست زۆر جار توانیویەتی سەرکەوتوو بێت چونکە دەسەڵات بە هەموو هێزەوە و لە ڕێگەگەلی جیاوازەوە توانیویەتی هەوڵ بۆ پێکانی ئامانجەکەی خۆی بدات، کە لەم ڕاستایەدا میدیا، کەرتی پەروەردە، تەنانەت نۆرمە جێگیرکراوەکان لە کۆمەڵگاش توانیویانە یارمەتیدەری باشی دەسەڵات بن.

ئەم ڕەوتە مێژووییەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گوتار و ئاکاری زاڵی داگیرکەر، ئێستاش هەر بەردەوامە، بە پێی ئەو ڕێچکەیەی کە لە کۆماری کوردستانەوە دانراوە، ژنان هیچکات ملکەچی و زەبوونییان قەبووڵ نەکردووە،

هەر بۆیە لە دوایین ڕووداوی گرینگی کوردستاندا، واتە لە شۆڕشی ژینادا کە بە کوژرانی کچێکی کورد بەدەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد دەستی پێکرد، ئەوە ژنان بوون کە چەخماخەی شۆڕشە نوێیەکەیان لێ دا.

لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی تەرمی ژینای جوانەمەرگدا، لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز ڕووداوێک ڕووی دا کە دەبێ لە مێژوودا بنووسرێتەوە! ژینا لەلایەن تاریکپەرەستانەوە بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی ئەوان گیانی لێ ئەستێندرا، بەڵام لە ڕۆژی بەخاکسپاردنەکەیدا، ژنان لە گۆڕستانی ئایچیدا بە فڕیدانی سەرپۆشەکانیان و وتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، چەخماخەی شۆڕشێکیان لێ دا کە پاش ٥ مانگ ئێستاش هەر بەردەوامە! ئەم کردەوەیە گرینگ بوو چونکە: کۆماری ئیسلامی حیجابی کردبووە بیانوو بۆ کوشتنی کچێکی کورد، لە دژکردەوەدا ژنان بە فڕێدانی سەرپۆشەکانیان وەبیر ڕێژیمیان هێنایەوە کە ئەو سەرپۆشە زۆرەملێیە و ئەگەر ژیانتان لە ژینا ئەستاند بۆ ئەوەی کە حیجابەکەی باوی دڵتان نەبوو، ئەوە ئێستا هەموومان ژیناین و بە لابردنی، بەرەنگاری بیری چەقبەستووتان دەبینەوە، لەلایەکی تریشەوە بە وتنەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بۆ جارێکی دیکە وشیاری نەتەوەیی و تێگەیشتوویی خۆیان بەنیسبەت بوون و کەرامەتی خۆیان وەکوو مرۆڤی خاوەن ئاوەز کە مافی یەکسانی ژیان و ئازادییان هەیە بە گوێی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی گەیاندەوە.

هەر لەم ڕاستایەدا ئەگەر دامەزرانی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خۆماندا دەناسین کە بووە خاڵێکی دەسپێک بۆ هەوڵ و تێکۆشانی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان و بەتاڵکردنەوەی بیری دواکەوتووانەی لاوازبوونی ژن، ئەوە شۆڕشی ژینا بەڕاستی دەکرێ وەکوو خاڵێکی وەرچەرخانی دیکە لە مێژووی کوردستاندا ناوی لێ ببردرێ.

ڕاسته که کۆماری کوردستان توانی به کردەوە ژنان بهێنێته نێو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەڵام له شۆڕشی ژینادا بوو که ژنان له مەیدانی کردەوەدا و تەنیا به چەکی ئیرادە بەرەنگاری دژەمرۆڤترین دەسەڵاتی سەردەم بوونەوە و لەم پێناوەشدا ژمارەیەکیان شەهید بوون و ژمارەیەکیش دەسبەسەر کران و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

شۆڕشی ژینا وێستگەیەکی گرینگ بوو، لێرەدا بوو که ژنان به کەڵکوەرگرتن له ئەزموونەکانی ڕابردوودا، جارێکی دیکه هاتنەوە مەیدان و به خوێندنەوەی ئەمڕۆییانه بۆ دۆخەکە، پێشەنگایەتییان له ئەستۆ گرت. ژنان لەم قۆناغەدا سەلماندیان که مرۆڤێکی وشیارن بۆ داواکردنی مافەکانیان، دایکێکی تێگەیشتوون بۆ پشتیوانی له ڕۆڵە ئازاکانیان، هاوسەرێکی بەجەرگن بۆ پاڵپشتی له هاوسەرەکانیان و خوشکێکی بەوەرەن بۆ یارمەتی گەیاندن به براکانیان. ژنان لەم قۆناغه له مێژووی خەباتی کوردستاندا، مۆرکی لاوازبوونیان فڕێ دایه زبڵدانی مێژووەوە و به وره و ئیرادەی بەهێزی خۆیان نەک تەنیا هاوکار و هاوسەنگەرێکی باش بۆ خەڵکی کوردستان بەڵکوو پێشەنگێکی بوێر بۆ گەیاندنی شۆڕشەکە به ئەنجامێکی دڵخواز بوون. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین، شۆڕشی ژینا ئەگەرچی دەرفەتێکی نوێ بۆ هاتنەمەیدانی ژنان بوو، نیشانی دا که ژنان وەک چۆن له ڕابردوودا هەوڵیان دابوو بوون و کەرامەتی خۆیان لەدەست داگیرکەران بپارێزن، ئێستا پێشەنگایەتیی خەباتێک دەکەن که خودی کۆماری ئیسلامیش به هەموو هێز و تواناوە و سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی بۆ کپکردنی دەنگی ژنان، دانی پێدا دەنێت و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم هێزە، دروشمگەلی جۆراوجۆر له بەرانبەر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا دادەنێ، که بێگومان هیچکات ئەم هەوڵانه ناتوانن بیری ئازادی بۆ ژیانێکی ئازادانه له ناخی ژناندا بسڕنەوە، هەر وەک

چۆن هەوڵە سیستماتیکەکانی ساڵان و دەیەکانی ڕابردوو نەیتوانی ژنان لە داوا ڕەواکانیان پاشگەز بکاتەوە بۆیە شۆڕشی ژیان دەبێ وەکوو ئەو خاڵە وەرچەرخانە گەورەیە بناسین کە بۆ جارێکی دیکە ژینی بەبەر ژنان کردەوە و وای کرد کە وەکوو کۆماری جوانەمەرگ وتی هیچ شتێکیان جگە لە ئازادی خۆش نەوێت! •



# خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی

ئێران ڕەشیدی

پێش ئەوەی باسی ڕۆڵی ژنان لە شۆڕشی ژینادا بکەین، بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژووی گەلی کورد، دەبینین ژنان لە هەموو شۆڕشەکانی کورددا ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە و لە بڕیاردانی سیاسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دا شوێن پەنجەیان دیارە، تەنانەت چەکی ئازادیخوازی لەشانکردووە و بەرانبەر بە داگیرکارانی کوردستان و دوژمنانی کورد شەڕیان کردووە و لەم پێناوەدا گیانیان بەخشیوە و شەهیدبوون. لەم پێوەندییەدا شێرە ژنان و کچانی کوردستان بێچاوەڕوانی و خۆنەویستانە خزمەتیان کردووە، بەڵام بەداخەوە زۆربەیان بە نادیاری ماونەوە و لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا تۆمارنەکراون.

بەهۆی زوڵم و زۆری و بێدادییەکانی کۆماری ئیسلامی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، توند و تیژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە گشتیی و ئۆرگانە سەرکوتکەرەکانی وەک گەشتی ئیرشاد و حیجابی زۆرەملێ بەتایبەتیی بەدژی کچان و ژنان، کاسەی سەبری ژنان و کچان پڕبووە و لەهەر دەرفەتێکی گونجاو کەڵک وەردەگرن. مەرگی ژینا ئەمینی، بەهۆی ئەشکەنجەی گەشتی ئیرشادەوە بوو بە دەسپێکی نارەزایەتیی بەرفراوانی

خەڵکی شاری سەقز و خەڵکی ئەم شارە لە کاتی بەخاکسپاردنی ژینادا بۆ نیشاندانی نارەزایی خۆیان بەم تاوانەی کۆماری ئیسلامی هاتنە سەر شەقام و بەشـــداریان لە مەراســـیمی بە خاکســـپاردنی ژینادا کرد. بەم شـــێوەیە شـــۆڕشـــی ژینا لە شـــاری ســـەقزەوە بە دروشـــمی "ژن، ژیان ئازادی" دەستییپێکرد، سەرەتا کوردستان و دواتریش هەموو ئێرانی گرتنەوە.

بەهۆی ئەوەی کە ئەم شـۆڕشـە مۆرکێکی ژنانەی بەخۆیەوە گرت، هەر زوو پشـــــتیوانی ژنـانی گەلانی دیکەی دنیـای بەدوای خۆیـدا هێنـا، زۆر کەسـایەتیی ناسـراو و نێوەنەتەوەیی و ئەندامانی پارلەمانی وڵاتانی ئوروپایی بە نیشـــانەی نارەزایەتیی بۆ کوشـــتنی ژینا پرچەکانی خۆیان بڕی و بەم هۆیەوە پشـتیوانی خۆیان بۆ ئەم شـۆڕشـە و بۆ ژنانی کوردسـتان و ئێران دەربڕی. ئەم شـۆڕشـە هەر زوو پشـتیوانی هێزە سـیاسـی‌یە کوردی‌یەکان و دواتریش لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەدەستهێنا.

ئەم شـۆڕشـە لە کوردسـتانەوە دەسـتی پێکرد و بەهۆی ڕۆڵی بەرچاو و پێشـــەنگایەتیی ژنانی مافخواز وئازادیخواز، ســـەرەتا بە لابردنی کەچکە و سـەرپۆشـەکانیان و سـوتاندنیان لە مەیدانی ئەسـڵی شـارەکان دەسـتیان کرد بەڕاپەڕین و پێشـەنگدارەتی ئەم شـۆڕشـەیان کرد. شـۆڕشـی ژینا زۆر زوو پەرەی ئەسـتاند، گەنجان و پیاوانی ئازیخواز بۆ پشـتیوانی لە ژنان و کچانی نیشـــتمان هاتنە دەنگ و بەدەســـتی بەتاڵ بەرەنگای ســـوپای داگیرکار، چەکدار و تەیار بە کەرەســـتەی ســـەرکوتی کۆماری ئیســـلامی بوونەوە. پڕشـــنگی ئەم شـــۆڕشـــە هەموو ئێرانی گرتەوە و پشـــتیوانی زۆری خەڵکی دنیای بەدوای خۆیدا هێنا. دامودەزگا ســـەرکوتکارەکانی کۆماری ئیســـلامی بێ بەزەییـانە بەگژ خەڵکی وەزاڵەهـاتوودا چوونەوە و لە هیچ تـاوانێـک نەپرینگانەوە، سـەدان کەس لەم شـۆڕشـەدا سـینگی خۆیان کردە قەڵغان و

تێکەڵ بە کاروانی شـــەهیدان بوون و لەم ڕێگایەشـــدا ژنان و کچان بە دەڕەندەترین ونامرۆڤانەترین شێوە بەدەستی جەللادانی ڕژیم دەستبەسەر کران ولە ژێر ئەشـــکەنجە و تەنانەت دەســـتدرێژی جنســـیدا گیانیان لە دەست دا.

شـــۆڕشـــی ژینا هەوراز و نشـــێوەکانی تێدەپەڕێنێ و بە کۆتایی هێنان بە دەســـەڵاتی کۆماری ئیســـلامی ســـەردەکەوێ، هەر ئەوەش ترس و لەرزی خســـتۆتە نێو دڵی دەســـەڵاتدارانی کۆماری ئیســـلامی و زۆر بێبەزەییانە بەرەنگاری شۆڕشگێران دەبنەوە.

ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی کۆلکەزێڕینەیە بۆ ئازادی هەموو گەلانی ئێران. بەڵام ژنانی کوردســتان حەفتاوحەوت ســاڵە بۆ ئازادی و یەکســانی خەبات دەکەن، ئێستا هەموو ژنانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بوونە هاوخەباتیان بۆ ئازادی، یەکســـانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتیی. بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن لە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتی دا پێکەوە بژین.

دیاردەیەکی بەرچاوی ئەم شۆڕشە ئەوەیە، کە دایکان و خوشکان، باوک و کەس و کاری شـــەهیدانی ئەم ڕاپەڕینە لە کاتی ناشـــتنی ئازیزانیان دا، بەڵێن بۆ بەردەوامی ئەم شـــۆڕشـــە دووبارە دەکەنەوە، خەڵکی بەشـــدار لەم مەراسیمانەدا بە دروشم دان و بەڵێنی بەردەوامی ئەم شۆڕشە سەرەخۆشی لەیەکـدی دەکەن. کەس و کـاری شـــەهیـدانی ئەم ڕاپەڕینە لەکـاتی بەخاکســـپاردنی ئازیزانیان وانەکانی نیشـــتمان پەروەری و خۆشـــەویســـتی نیشـــتمان دەڵێنەوە. ســـروودی نیشـــتمانی دەڵێنەوە و ئاڵای کوردســـتان دەشەکێننەوە، چۆپی سوری دەستی دایکان و جامانەی ملیان و جلوبەرگی لەجامانە دروستکراویان کە هێمان بۆ پێشمەرگە بوونە هێمای خۆڕاگری و یەکیەتیی نەتەوەیی و ئازادیخوازی، دژی زوڵم و ناکسانییە●

بەهیوای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا



# پیرۆزبایی بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

بەیان کەریمی

دوای ۷۷ ساڵ تیپەڕبوون بەسەر دامەزرانی حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان و دواتر یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، هیشتاش وەک ئەسترەیەکی گەش لە خەبات و تیکۆشانماندا دەگەشیتەوە.  گەرچی تەمەنی کورت و لە بازنیەکی تا رادەیک سنووردارد سەری هەڵدا،,بەڵام هەندی دەستکەوتی گرینگی وەک میرات بۆ شەپۆلەکانی دیکەی جووڵانەوی ژنان لە کوردستان بە جیٚ هیشت. بۆ یەکەمجار توانی لە چوارچێوەی "پرسی ژندا" ویستی یەکسانیخوازی ژنی کورد بخاتە نێو گوتاری نەتەویی کورد. لە ژێر سێبەری ڕێبەرایەتیکی ژیر و پیشکەوتووخوازدا، لە شکاندی هەندیٚ تابوودا نەقشی بەرچاوی هەبوو.  بۆ وێنە، لە ئاشنا کردنی ژنان بە مافەکانیان، لە دژایەتی کردن لە گۆشەگیری و خانە نشینی ژن، لە هێنانیان بۆ ناوەندی شەقامەکان، بۆ ناوەندی کۆڕ و  کۆبوونەوە سیاسییەکان، لە بەرز کردنەوی دەنگی ژن،  بە پیشکەشکردنی وتار، توانی سەرکەوتوانە تا رادەیکی زۆر هیمای پیاوسالارانەی جووڵانەوی رزگاری خوازیی نەتەویی بشکێنیٚ. بە واتایەکی دیکە ئامادە بوونی ژنانی لە شوێنە گشتی و سیاسیەکان شەرعیەت پیٚدا و ئاسایی کردەوە. بە مۆبالیزە کردنی ژنان بۆ خەباتی نەتەویی توانی

ژنان بینێته نێو گۆرەپانی سیاسی وە کە تا ئەو کاتە تەنیا بە مافی سروشتی پیاوان دەزاندرا.

هاوکات، بە هەڵگرتنی مافی یەکسانی خوێندن بۆ ژنان، دەرگایەکی بەربڵاوی بۆ ژنان لە کوردستان کردوە کە بتوانن داهاتوویکی جیاواز بۆ خۆیان و نەوکانیان مەزەندە بکەن. خوێندن بوو بە مەرجێکی گرنگ بۆ هاتنە دەرەوەی ژنان لەماڵەکانیان، بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ بنەمای پیاوسالاری، بۆ دابینکردنی داهاتوویەکی گەش، بۆ کردنەوە و بەربڵاو کردنی هەلەکان و خەونەکانیان و بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتیی لە پەیوەندییە نایەکسانی جەندەریەکانە. بۆ یەکەم جار ژنان مەحروومەیتی ژنانی کوردستانیان لە خوێندن و پیشە زەق کردوە و پێوەندیان دا بە ژێر دەستی نەتەویان، پرۆسەی گەشەنەسەندن و ستەمی پیاو مەزنی. نەک تەنیا مافی بوون بە "دوکتور، مامۆستا، شارەزاو، ڕێبەری" وەک پیاوان بۆ خۆیان مەزندە کرد، بەڵکوو، بە بەرز کردنەوەی دروشمی مافی چارەنووس، خۆیان یەکسان لە گەڵ ژنانی نەتەوەکانی دیکە دەبینی. بە وتەیەکی دیکە "مافی خوێندن بۆ ژنان" بوو بە گوتاریکی بە هێز بۆ یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان.

لە ژیر فەزایکی سیاسی ئازاددا، بیری ئازادی ژنان لە کوردستان، لە ماوەیەکی کەمدا بەربڵاوتر بوو. کاتێک کە ژنان مافی بوون بە وتە بیژ، خاوەن پێنووس، مامۆستا و دوکتۆریان بۆ خۆیان مەزەندە دەکرد، ئیتر گەڕانەویک نەبوو.

گرنگتر لە هەموو شت، سەرهەڵدانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو بەهۆی بەرزکردنەوی هوشیاری سەبارەت بە ستەمی یەکتربری (ئینترسیکشنال) ژنان لە کوردستان. لە کوردستانێکی بە کۆلۆنیالیزە کراودا، ستەم و جووڵانەوەی "جیاوازی" ژنان تاریفێکی نوێی

وەرگرت و رزگاری جەندەری ژنانی راستەوخۆ بەستەوە بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیی، و گوتاری جەندەری ژنانی خستە نێو گوتاری سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد. بە وتەیەکی دیکە شۆڕشێکی لە نێو شۆڕشێکدا دەست پێکرد و دەرگای هوشیارییەکی نوێ و پێک بەستراوی بۆ خەباتی ژنان لە کوردستان کردەوە.

**شەپۆلی دووهەمی شۆرشی ژنان لە کوردستان**

سی ساڵ دوای ئاوابوونی، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، پەنجە مۆری لەسەر شەپۆلی دووهەمی جووڵانەوەی ژنانی کوردستان لە ساڵانی دوای ١٩٧٩دا بە روونی دیار بوو. جیلی نوێی شەپۆلی دووهەم توانیان ئاڵ و گۆری بنەڕەتیتر پێک بهێنن. ئەگەر، شەپۆلی یەکەم لە بازنەیەکی بچووکدا لە شاری مەهاباد و لە نێو کۆمەڵیک ژنی نوخەبەدا سەری هەڵدا، شەپۆلی دووهەم بوو بە بەرەیەکی بەرفراوان بۆ سەرانسەری کوردستان. ژنانی کوردستانی لە چین و توێژە جیاوازەکان، لە گوندەکان و شارەکان، بە ویستی تایبەتی خۆیانەوە و بە زمان و جل و بەرگی خۆیانەوە هاتنە گۆرەپانی خەباتی نەتەوەیی و پرسی ئینتەرسیکشۆناڵی خۆیان خستە نێو گوتاری ئەو کاتی جووڵانەوەی نەتەوەیی. بەشداری بە هەزارانی ژنانی کوردستان لە شۆڕشدا لە ژیر سیبەری جووڵانەویەکی سەردەمیانەی نەتەوەیی توانی دەستکەوتی گرینگ وەدەست بهێنیت.

لە قۆناغی یەکەمدا، شۆرشی ژنانی کوردستان بوو بە چەقڵی چاوی ڕێژیمی داگیرکار، ئیسلامی و فاشیزمی، دژی ژنی کۆماری ئیسلامی. بوو بە هێزیکی سەرەکی بە دژی حیجابی زۆرە ملێ، بە نیزامیک کە لە سەر بنەمای خوێن و ئیعدادم و زیندان دەستی پێ کردبوو.

ئامادەیی بە هێزی ژنان لە گۆرەپانی شۆڕشدا توانی هەندێ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە پەیوەندی بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوی نەتەوەیی دا، بکا. ژنی لە وێنەیەکی هیمایی، ڕەمزی و سیمبۆلی بۆ "زیندوو کردنەوەی نەتەوە" رزگار کرد و کردی بە ئەکتەرێکی سەرەکی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا. ئەم دەسکەوتە بە خەباتی قارەمانەیان لە بەرەکانی شەڕ بە دژی داگریکەریکی نوێی کۆماری ئیسلامی هاتە دی. خەباتی ژنان لە بەرەکانی بەرگری، هێزەکانی پێشمەرگە، زیندانەکان، قوتابخانە و نەخۆشخانەکانی شۆڕش، لە "سەنگەرەکانی پشتەوەی شۆڕش"، ژنانی لە پەڕاویز خستن رزگار کرد. ژنان توانیان ڕۆلە دیارکراوە سونەتییەکان بشکێنن. ژنانی کوردستان یان 'ژنی کورد' چیتر هیمای وەبەرهەم هێنەرەوەی نەتەوە و کەلتوورەکەی نەوبوو، بەڵکوو ئەکتەریکی سەرەکی خەبات بە دژی داگیر کار بوو.

سەرەرای ئەمە، پیاو سالاری لە نێو بزووتنەوی کوردایەتیدا بەرخۆدانی کرد. حیزبە کوردستانییەکان هیشتا بنەمای و بناغەی پیاو سالاری خۆیان تێک نەشکاند. ژنانیان لە خەباتدا لە پەڕاویزدا راگرت. ویستی یەکسانیخوازی جەندەری ژنان چوە پلەی دووهەم و دانرا بۆ دوای رزگاری نەتەویی. گەرچی مەیدانی شۆڕشیان "کراوە" ڕاگرت بۆ ژنان کە "شانبە شانی پیاوان"خەبات بکەن، بەڵام لە هیمای بنچینەیی ژنان و نە لە پەڕاویز خستنی ژنان خۆیان لا نەدا. ژن هیشتا تەسویریکی هیمای هەبوو، بەرپرسیارەتی فیداکاری، وەک دایک، ژنی پیشمەرگە، و وەک خوشک و کچ دەخستە سەر شانی. ئەرکی ژن تەنیا فیداکاری بوو بۆ گەیشتنی پیاو بە دەسەڵات. کێشە لەوەدا بوو، کە ئارەزووی گەیشتن بە دەسەڵات، خولیای سیاسەتی کوردایەتی بوو، هەوڵ بە تیکشکاندنی بنەما کۆلۆنیلیەکان دوور بوون لە خولیاو و خەیالی کوردایەتی. شەپۆلی دووهەمی کوردایەتی هیشتا

لە سەر بنەمای پیاو مەزەنی دەرویشت. پیاوی کورد وەک "ڕێبەر، پێشمەرگە، نووسەر، رزگاریکار"، تێکستەکانی جووڵانەوەی کوردایەتی دەنووسییەوە. کوردایەتی هێشتا هیمای پیاویکی ئەکتەر بوو کە پالپێونەری سەرەکی میژوو بوو.

**شۆرشی ژینا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"**

شەپۆلی سێهەمی شۆڕشی ژنان لە کوردستان سەرهەڵدانی خەباتیکی نوێیە، کە لە بۆشایدا سەری هەڵەندەاوە، بەڵکوو بەرهەمی پتر لە ٧٧ ساڵ خەباتی ژنانە لە کورستان (هەموو بەشەکانی) و بەرهەمی زیاتر لە سەد ساڵ میژووی کۆلۆنیالیزمە لە کوردستان. بەرهەمی خۆڕاگری ژنانێکە کەبوون بە پێشمەرگە، گیانی خۆیان بەختکرد، چوونە ژێر پەتی سیدارە، شاخ و کێوەکانیان پێوا.

شۆرشی ژینا، ژێر دەستی و خەباتی ژنان لە کوردستاندا دیسان دەنووسێتەوە. لەم دیسان نووسینەوەدا، مێژووی ژێردەستیی ژنان لە کوردستاندا پەیوەند دەدا بە پرۆسەی کۆلۆنیالیزم، بە پرۆسەی جینۆساید، زمانکوژی، ئیتنیک کوژی، کۆچی زۆرە ملێ و ڕەگەزپەرەستی. شۆڕشی ژینا گەرچی شۆڕشێکە بە دژی بناغەی پیاوسالاری، گەرچی لەژێر ڕێبەرایەتیی ژنانداو بە قوربانیدانی بێ وێنەیان تۆمار کراوە، بەڵام تەنیا شۆڕشێکی ژنانە نیە، بەڵکوو شۆڕشێکە کە کۆمەڵگەی کوردستانی بە ڕادەیەکی زۆر هێناوەتە سەر شەقامەکان. شۆڕشێکە بەدژی بەها داسپەواکان، بەدژی هەموو ستەمەکان، هەموو هایراکیەکان، وە هەموو رۆژ ئاسۆی ویستەکانی بەربلاوتر دەبیت.

شۆرشی ژینا، ئەمرۆ تەنیا بناغەکانی کۆماری ئیسلامی نەلەرزاندوە، بەڵکوو تەواوی ساختاری کۆلۆنیالیزمی لە مەشرووتە، پەهلەوی و تا ئەمڕۆ

لەرازندوە. بۆ یەکەمجار لە مێژووماندا، سروشتی بوونی، ئاسایی بوونی "ئیرانی" لەرزاندوە. بەروونی نیشانیداوە کە ئەم سنوورە لەسەر بنەمای سەدەیەک نەکوولّی، ڕەگەزپەرەستی و رووبارگەلی خوێن دامەزراوە، لە سەر بنەمای فاشیزم. لە بیرمان نەچێ، کە شۆڕشی ژینا ئیلهام وەرگر بوو لە شۆڕشی ژنانی باشوور و ڕۆژئاوا، کە بە هەمان شێوە لە بەرانبەر سووریەی دەستکرد و تورکیەی دژی مافی کورد قارەمانانە ڕاوەستاون.

شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، لە هەمانکاتدا، ڕۆحیکی دیکەی بە شۆڕشی رزگاری نەتەوەیی کوردستان داوە کە بە بێ گۆڕانی بەهاکان، بەبێ شکستی پیاوسالاری، تێپەڕین لە کۆلۆنیالزم نە مانای هەیە نە ئیمکانی هەیە.

بەڵام بەداخەوە، نەیارانی شۆڕشی ژینا زووتر لەوەی کە چاوڕوان دەکرا خۆیان ڕێکخست. بە داگیر کردنی شۆڕشی ژینا و وەرگێرانی بە شۆڕشی مەهسا بوونە بەربەستیکی بەهێز لە بەرامبەر شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادی)دا.

شۆرشی مەهسا ئەمرۆ لە ژێردەستی ئۆپۆزسیۆنی ئیرانی-فارسیدا بە ڕێبەرایەتی بەرەی شاپەرەستەکان و هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ بەشێکی سەرەکی فێمینزمی فارس و ناوەندگرا دا، بوونە بەرەیکەی بەهێز. بەداخەوە ئەم بەرەیە، ئەمرۆ خەریکە پشتیوانی هەندێک لە حیزبە کوردیەکان بە لای خۆیدا رادەکیشتت و بۆتە جێی نیگەرانی.

داگیرکردنی شۆرشی ژینا و کردنی بە مەهسا، و داگیر کردنی (ژن، ژیان، ئازادی) ستراتیجکی کۆلۆنیالزیمی نوێیە، مەبەستی سەرەکی بێدەنگکردنی شۆرشی ژنانە لە کوردستان. ئەمە تاوانێکی دیکەیە دژی ئێمە، بۆ بێدەسەڵات کردنمان، لاواز کردنمان. پرۆسەیکی دیکەیە بۆ کوشتنی زمان و ئەندیشەمان. ئەم ئۆپۆزسیۆنە شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو مێژوویکی دوور و درێژی هەیە.

لەم پرۆسەدا فێمێنیزمی هیژەمۆنی ناوەندگرا، بە هەموو ڕەوتەکانیەوە (لە سەلەبەریتی، لیبرال، شاپەرەست و چەپەوە) لە داگیر کردن و بە لە ڕێبەدەر بردنی شۆڕشی (ژن، ژیان، ئازادیدا) تیکەڵ و تاوانبارن. بە بەرز کردنەوەی شۆرشی "کەشفی حیجاب" نە تەنیا نەیانتوانیوە بەربەرەکانی بکەن لە گەڵ حیجاب کە سومبوولی زیاتر لە چوار دەیە ژیردەستی ژنانە لە ئێران، بەڵکوو بە چوونە بەرەو فاشیزمەوە پێداگری لە بەرهەم هێنانەوەی پیاو سالاری دەکات.

فێمێنیزمی ناوەندگەرا بە درێژای مێژوو (لە دوای مەشرووتەوە تا ئەمرۆ) تێوەگلاو لە تاوان بەدژی ژن لە کوردستان و نەتەوەکانی دیکە دا. بە درێژای مێژووی سەد ساڵە، بە پەیوەندییەکی سیاسی و دەروونی کە لە گەڵ ناسیۆنالیزمی باڵادەست هەیبووە، لە ژێردەستی ژنانی نەتەوەکانی دیکە قازانجی بردوە و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ نوخبەکانی خۆی نەبووە. ئەم فێمێنیزمە دەیان ساڵە لە ئاستی تاوان بە دژی نەتەوەکانی دیکە بێدەنگە، لە زیندانی کردنی زینەبەوە بگرە تا زاراو و کوشتاری ژنان لە زیندانەکانی کوردستان. ئەم فێمێنستە لە سڕینەوەی شۆڕشی ژنی کورددا و ئەمرۆ لە داگیر کردنیدا تاوانبارە. ئەم فێمێنیزمە هیشتاش خۆی لە دەوڵەت و زمانی فارسی جیا نەکردۆتەوە. شۆرشی ژنانی کوردستان بە "ناسیۆنالیز"، قەبیلە گەرایی، یان ئامرازی پیاوی کورد ناو دەبات. "کەچی خۆی ئەمڕۆ ئامرازی پیاوانی وەک ڕەزا پەهلەویە. جووڵانەوی ژنانی کوردستانی ناچار کردوە کە لە نێوان 'فێمێنیست بوون" و "کوردستانی بووندا" هەلبژاردن بکا. ویستی ژنانی کوردستانی بۆ وەدەست هێنانی مافی چارەنووسی، وەک ویستێکی ناشەرعی پێناسە کردوە. ویستی جەندەری خۆی بە جیهانی کردوە.

لە ئاستی ستەمی چەند لایەنەی ژنان لە کوردستان، لە ئاستی جینۆساید، زمانکوژی، ئێتنیک کوژی، بە نامرۆڤکردنی ژنان لە کوردستاندا خۆی کەڕ

کردوە. ئەمرۆ (زن، زندگی آزادی) نۆرم و مێعیارەکانی ژنانی باڵادەست دووپات دەکاتەوە. تا ڕادەیەک دەنگی ژنی کوردی بێدەنگ کردوە. وێنەی مەهسا بە سەر پشیلەی نەقشەی ئێراندا وەبیرهێنانەوەی کۆلۆنیالیزمێکی دڕندە بوو کە نە تەنیا لە پڕۆسەی داگیری کردنی شۆڕشێکدا بوو، بەڵکوو زەوتکردنی دروشمێک، سڕینەوی مۆری خاوەنداری ژنی کورد بە سەر دروشمەکانیان و ویستەکانیان.

هاوپێوەندی و هاوپەیمانیی خوشکانە لەگەڵ ئەم ڕەوتە فێمێنیستە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە. ئێمە تەنیا کاتێک دەتوانین لەگەڵیان هەمبەستگی ببەستین ئەگەر سەنگەریان لە گەڵ فاشیزم جیا بکەنەوە. ئەوکاتەی کە خۆیان لە مەرکەز، لە ناسیۆنالیزمی فارس و رەگەزپەرەستی دوور بەخەنەوە. کە ئێران وەک وڵاتێکی دەستکردی ڕەگەز پەرەست پێناسە بکەن. هەمبەستەگی کاتێک دروست دەبێ کە هەموومان ڕزگار بین. هەمبەستەگێکی ساختە لە سەر بنەمایکی ساختە کە "هەموومان ژێر دەستی هاوشیوەی ستەمی جەندەرین" تەنیا پەرە دەدات بە پەڕاویز بوونمان. تەنیا دەبێتەوە بە هۆی بەرهمهێنانی کۆلۆنیالیزم و سیستەمی پیاو مەزنی. هەمبەستەگی تەنیا ئەو کاتە دیت کە مافی چارەنووسی ژنانی نەتەوەکانی دیکە بە فەرمی بناسین. ئەو کاتەی کە شۆڕشی ژینا بە نێوی راستەقینەی خۆی بگەڕێنەوە و دروشمی (ژن، ژیان ئازادی) دیسانەوە بڵێنەوە بە زمان و مانای راستەقینەی.

ئەمرۆ بە هاودەستی بەرەی فاشیست ئەم فێمێنیستە بەرامبەر بە شۆڕشی ژینا ڕاوەستاوە. لە شەقامەکانی دایسپۆرا بە بەرزکردنەوەی ناوی مەهسا، و وتنەوەی (زن، زندگی، آزادی) بە کردەوە لە گەڵ بەرەی ناسیۆنالیزمی مەرکەزگەرادایە. بە پشتیوانی بە میدیا زلهیزەکانی  چاوەشەکاری و هەڕەشە

دەکات. بە تەواوەتی لە بایخە مرۆڤی و تێکشینەرەکانی شۆڕشی( ژن، ژیان، ئازادی ) لای داوە. لە ژێر ئەم فەزایدا، بە هاوڕیزی لە گەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە بەرهەمهێنانەوەی هیژمۆنی زمانی فارسی، تەواوییەتی ئەرزی ئێران، لە بنەما ئیتنیکی و جەندەریەکانی پشتیوانی دەکا. ئەمرۆ فێمێنیزمی ئێرانی، لە بەرەی فاشیزمدا، نەیویستووە و نەیتوانیوە لە هەڕەشەی ساواک و سەرکوتی شاپەرەستەکان بۆ سەر ویستی نەتەوەکانی دیکەی ئێران خۆی دوور بکاتەوە. سەلەبەریتی فیمینیستەکان، ئەمڕۆ لە پشت لەشکەرێک لە فاشیزم لە شەقامەکانی ئەمریکاو ئورووپادا ڕاوەستاون و خولیای نەستۆلیژیای ناسیۆنالیزمی فارسن.

ئەمڕۆ ئەرکی ئێمە ڕاوەستان لە پشت شۆڕشی ژینایە، هەڵگرتن و خاوەنداری کردنەوەی دروشمی( ژن، ژیان، ئازادی). ژن، ژیان، ئازادی تەنیا دروشم نیە، بەڵکوو چەمکێکە کە هەموو ویستەکانمانی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە و بەهاکانمان، روانگەمان ڕوو بە داهاتوو بە ڕوونی نیشان دەدا.

پشگیریمان لە (ژن،ژیان، ئازادی) لە شۆڕشی ژینا دا، واتە ڕاوەستانمان لە شەقامەکانی کوردستان، گیلان، لۆڕستان و بلووچستان بە دژی فاشیزمی کۆماری ئیسلام، واتە ڕاوەستانمان لە هەندەران بە دژی بەرەی فاشیزمی ئیرانشەهری. واتە وەرگرتنەوە و گەڕانەوەی بەها سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا، واتە گەڕانەوە بۆ ژیان، بۆ شکۆی مرۆڤایەتی، واتە داکۆکی لە داهاتوویەکی کە مافی نەتەوەیی نەتەوەکان وەدی بێن، کە خۆی لە سیستەمی هایراکیانی جەندەری، ئیتنیکی، سیکشۆلاتیەکان، ڕەگەزی، زمانی و چینایەتی بپچڕێنیت. داکۆکیمان لە ژن،ژیان، ئازادی و شۆڕشی ژینا واتە گوزەر لە کۆلۆنیالیزم، لە فاشیزمی پیاو سالاری پەهلەوی و ئیسلامی.

دیسان پیرۆز بیت یادی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی ژنانی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران●



# "دیداری ژیناو ژیانەوە"
# و
# نەورۆزی شۆڕشی ژینا

حەسەن حاتەمی

"دیداری ژینا و ژیانەوە" ناوی کۆنفرانسێکی زانستی، سیاسی بوو کە ڕێکخراوی جیهانی کورد، لە ٢٥ ی فێوریە ٢٠٢٣ لە شاری بۆنی ئاڵمان لە ژێر دروشمی بەناوبانگی "ژن ژیان ئازادی" دا، بۆ دیالوگیی نێوان کوردەکان و هەڵسەنگاندی ڕێژەیی "شۆڕشی ژینا" و چۆنییەتی کۆدەنگی و هاوڕیزی نێوان کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لەنێوان حیزبەکانی ناوەندی هاوکاریی و ژمارەیەک لە ژنانی تێکۆشەر وکەساتییە ئاکادێمەکان، لە لایەک و هەوڵدان بۆ هەڵسوکەوتی بەرپرسانە و زۆرگرینگ، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی سەرانسەریی لە ئێران و نەتەوە نافارەسەکانی تورکی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب و تورکەمەن لە لایەکی دیکە بوو.ئەو کۆنفرانسە ماوەی ٩ سەعاتی خایاند.

لەو ڕەهەندە دا، لەسەر بەرنامەکانی پێکهاتەی کوردی- کوردی یانی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"، بەرفراوانکردنی و هاوپێوندی بە پێی سەرنج دانی جیاوازەییەکان و فرەیی کۆمەڵگا و تواناییەکانی مەدەنی بوو. دواتر کوردی - نەتەوە نافارسەکان "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدڕاڵ" و کوردی- حیزب و ڕێکخراوە سەرانسەرییەکان، کە "شووڕای دێمۆکڕاسیخوازان" و "هاوپێوەندی بۆ ئازادی وبەرانبەری لە

ئێران دا“ هەوڵ بۆ یەکرێزی دەدەن. ئەو پێکهاتە کۆماریخوازە فێدراڵیستانە لە ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و دەرەوە دا، لە بەرانبەر ڕێژیمی نگبەتی مرۆڤ کوژی ئاخوندی - سـپایی دا، تا ڕادەیەکی زۆر لێک نزیکن و هاوکاریی بە کردەوەش لەنێوانیان دا، کەم و زۆر هەبوە و هەیە. بەتایبەتی لە خۆپێشاندانەکانی دەرەوەی وڵات لە ٦ مانگی ڕابردووی "شـۆڕشـی ژینا" دا، کە بە ئاڵای نەتەوەکانی بەرایی لە ئێران و ئارمی پێکهاتە ناوبراوەکان، زایەڵەی بەشـێکی گرینگ لە هاواری ئازادیخوازی، دیکتاتۆرِ نەویسـتی عەلیی خامنەیی جینایەتکار و تووڕهەڵدانی دەسـەڵاتی ئیسـلامی سـیاسـی ویلایەتیی موتڵەقەی فەقیە لە ئێران دا، بوون. و...

**نەورۆزی ژینا**

خرۆشانی گەلانی ئێران لە چوارشەممە سووری و نەورۆز بە یادی ژینا (مەهسا) ئەمینی دا، کە لەو شۆڕشە دا تا ئێستا پتر لە ٦٠٠ کەس گیانیان لێئەسـتێندرا و سـەرەڕای ئەوەی کە، پتر لە ٥٠٠ کەسـیش ئەندامانی لەشـیان زامار و چاوێکیان، نا بینا کرا، و یەک لە گرینگترین ئەندامانی جەستەیان لێستاندرا، هەزارانی کەسی دیکە بریندار و بە دەیان هەزاریش گیران، کە بەسـتێنکی گرینگی ”شـۆڕشـی ژینا“ و ژیانەوەیەکی نوێیە کە کچان و کوڕان، ژنان و پیاوان بە ”عیشـقەوە“ لە نێوخۆ هاتنە سـەر شەقامەکان و کۆشکی بێدادی و ستەمیان لەرزاند. لە دەرەوەی کوردستان و ئێرانیش زایەڵەکەیان بە جیهان گەیاند.

ڕۆژی ١٨ ی مارسی ٢٠٢٣ (٢٧ ی ڕەشەممەی ١٤٠١)، لە ژمارەیەک پێتەخت و شارەکانی ئورووپا، کانادا و ئەمریکا، کوردەکان بە بۆنەی نەورۆز، خاوەنداریتی مەزنیان لە شـۆڕشـی کچە جوانمەرگ کراوەکەیان ژینا

(مەهســـــا) کرد. خاڵێکی زۆر گرینگ وجێی ســــەرنج، لە پیرۆز کردنی نەورۆزدا، بەرنامەیەکی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردســـــتانی ئێران، کۆمیتەی ســـــوئێد بوو، کە ١٠٠ ژن و کچ بە یادی ســـــەرچۆپییە بەرگە سـوورەکەی ژینا، بەرگ و لیباسـی سـووریان لەبەر کرد. ئەو تێکۆشـەرانە مەشغەلی شۆڕشیان لە ژێر باران و سەرما لەگەڵ وێنەی ژینا، بە یادی ئەو و هەموو ژیناکانی شـۆڕشـی نوێمان، ئیرادەی باوڕبەخۆ بوونیان لە نەورۆزی شـــۆڕشـــی ژینا دا، (٢٧٢٣ ی کوردی) و ١۴٠٢ی هەتاوی، لە مێژوو دا، تۆمار کرد.

لە نێوخۆی ئێرانیش لە دووشـــەمۆ شـــەوی ٢٩ ی ڕەشـــەممە دا، دوا سـاتەکانی سـاڵی ١۴٠١ی پڕلە ڕووداوگەلی "خۆش و ناخۆش" شـەوێکی ڕەش بۆ دەسـەڵاتداران و شـەوێکی زۆر ڕووناک لە لایەن تێکۆشـەران و "پێشمەرگەکانی ئازادی لە شەقام" خولٗقیندرا، کە بەداخەوە تەقیان لێکرا، و ژمارەیەک زامدار بوون و ژمارەیەکیش گیران. -گۆیا زۆرترین بریندارەکانی شـاری مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردسـتان، ژنان، کچان و منداڵانن- بەڵام مەشـغەلانی ئاگری دەستی کچان و ژنان، کوڕان و لاوان و پشتیوانی چین و توێژەکانی نەتەوەکەمان لە کوردستان، بوون بە هەوێنی "پڕئومێد"ی درێژە دانی بە گوڕ و تینی "شـــۆڕشـــی ژینا"، بەتایبەتی دایکان و باوکانی شـــەهیدان و باوکە لە خۆ بوردوویەکەی ژینا، کاکە ئەمجەد کە لە ڕیزی پێشـەوە مەشـغەڵ بەدەسـتەوە، لەگەڵ گرووپێک دوایین دێڕەکانی شـێعری ناڵەی جودایی "دێم و دێم"ی سەردەمی شۆڕشی ١٣۵٧ی مامۆستا هێمنی یادی بەڕێزی لەگەڵ ئەمەگناسی شەهیدان لەسەر گۆڕی ژینا و دەرووبەر و شـەهیدانی سـوورخەڵاتی دیکەی گەل دەکوتەوە. پاشـان ئاگری نەورۆزی شۆڕشی ژینایان هەڵکرد.

ئۆگرانی نەورۆز و ئەمگناسـانی شـەهیدانی ڕێی ئازادی و مافی نەتەوەی لە کەم تەمەنترینان هەتا بەسـاڵداچوان، ژمارەیەکیان جامانە لەمل، هەوری لەسەر و گولی سوور بەدەست، لەگەڵ ئاپۆڕای خەڵک سەما وهەڵپەڕکێیان بە گۆرانی فۆلکلووری کوردی ئەنجام دا، یا دروشـــمی دژی دەســـەڵاتی تۆتالیتێری ئیسلامیان دا، یا سروودی شۆڕشگێڕیان گوتەوە.

هەروەها لە ڕۆژانی کۆتایی ساڵ دا، ڕاگەیەنەرەگشـتییەکان، باسی فایلی ئاشـکرا بووی نێوهەناوی دەسـەڵاتیان کرد، کە ژمارەیەک لە فەرماندەرانی خوێنڕیژ و جینایەکاری ئەمنییەتی داماو لە "کپ" کردنی شــۆڕشـــی ژینا (مەهسا)، قسەی لەسەر کرا. ئەوان زۆر بە ڕوونی باسی هەڵوەرینی کەسانی فەرماندەر، بەرپرس و ئەندامانی هێزە نیزامی، ئینتیزامی و بەســـیجییەکان دەکەن کە ئامادە نیین دریژە بە ســـەرکوت بدەن. بەتایبەتی لە بەرانبەر ژنان و کچانی فیداکار و شۆڕشگێڕ دا. جێی سەرنجە کە باسکرا ئەفسەرێک کە لە حەڵب خەریکی ســـەرکوت و مانەوەی تۆتالیتاریزمە لە ســـووریەی بەشـار ئەسـەدی جیناتەکار دا؛ بەڵام ژنەکەی لە نارەزایەتیی سـەرشـەقام و گەڕەکان دا، گیراوە و لە ئەوین زیندانی کراوە!؟ ئەو دیمانە و ئەو بەشـــە قســـانەی کە هاتوونە دەرێ، کە زۆر کەمن، بەڵام بەشـــێکی گرینگ لە "ئاوینەی ڕاستییەکان" نیشان دەدا، کە بۆ تێکۆشـەرانی ڕێی ئازادی و مافی نەتەوەیی لە بەرەبەری نەورۆز دا، زۆر گرینگ و جێی دڵخۆشین.

بەڵام ئەوەی لەو فایلە دا، باسی کرا: قووڵایی و ڕێشە داکوتانی بەهێزی ئەو شۆڕشە لەو ماوەیە دا، نیشان دەدا و پەیوەست بوونی ژمارەیەکی زۆرلە ئەندامانی بنەماڵەکانی سـەرکوتکاران بە شـۆڕشـگێڕان، حەقانەیەتی گەلانی وەزاڵە هاتوویە بەدژی پێشـــێلکارانی مافی تاک و کۆیەکانیان، پێداگریی دەسـەڵات لەسەر درێژی ئیجباریی کردنی ڕووپۆش و سەرپۆش بۆ ژنان و

کچان (حیجابی ئیجباری)، بوونی بێکاری، نەداری، نەدانی مووچەکانی کار لەکاتی خۆی دا، گرانی، ئاوسان، ئەوپەڕی بێنرخ بوونی پووڵی وڵات (یەک دولاری ئەمریکایی گەیوەتە سەرووی ٥٠ هەزار تمەن)، پەرەپێدانی بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان و تووش کردنی لاوەکان و میرمنداڵان بۆ سڕ کردنی مێشکیان و کردەوەی باشیان، بێ حورمەتی بە تێگەیشتووی خەڵک و پێداگری لەسەر خورافاتی مەزهەبی و مەیدان دان بە پێهەڵاکوتن (مداحان)، مەترسی سازکردن لەسەر تەناهیی و ئەمنییەتی جیهانی و پەرەپێدانی مووشک و درۆن سازی و پشتیوانی لە "شەڕی جێگرەوە" (نیابەتی) لە ناوچەگەلێکی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، و بەتایبەتی بوون بە پشتیوانی ڕووسیە لە شەڕی ئۆکڕاین و وێرانکاری وخوێنڕێژی "فڕۆکەی بێفرۆکەوانەکانی ئیسلامی" و هەنگاونانی پتر بەرەو "بۆمبی ئیسلامی"، خۆ دزینەوە لە ئیجرای پێکهاتنەکانی بەرجام، کە بەشێک لە دەروەستییەکان لە ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ تەواو دەبن و زۆر فێڵ و تەڵەکەی دیکە. و...

"بیۆشیمایی" یا "تێرۆریسمی شیمایی" کچان و مامۆستایانی تێکۆشەری بەرەی گەل، کە تا ئێستا ٢٣٠ قوتابخانەی بەداخەوە گرتۆتەوە کە بە "ئەسپایی" لە سێ مانگی ڕابردوو دا، لە لایەن هێزە سەرکوتکارەکانی ڕێژیمی "توتالیتێری ئیسلامی" ئەنجام دراوە، کە ترس لە هاتنە مەیدانی مێرمنداڵانی کچ و پشتیوانی مامۆستا شۆڕشگێڕەکانە کە هەم کاریگەری زۆر باشیان لەسەر بیروڕای گەلان و هەم لەسەر کردەوەی سست کردنی سەرکۆتکارە پیاوەکان هەیە.

کردەوەی دژ بە قوتابییەکانی کچان لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ دا، دەچێتە قاوغیی "جینایەتکاری شەڕ" و پەلکیش کران بۆ دادگە نێونەتەوەییەکانە. بەداخەوە ئەو دیاردە دزێوە، بەرەو بەرفراوانتر کردن

دەچێ و لە باکووری ئێران هێرشـــی شـــیمایی بۆ زەماوەندێکیش کراوە و ژمارەیەک "مەسمووم" بوون!!!؟؟؟

جگە لەوەش لە ڕۆژی هەینی ٢٦ ی ڕەشـــەممەی ١٤٠١ دا، بەهۆی جینایەتەکانی ولادیمێرپووتین، سەرکۆماری ڕووسیە، لە شەڕی ئوکراین و منـداڵ دزی و منـداڵ کوژی لە دادگەی ســـزای نیونەتەوەیی جینـایی یەکیەتیی ئورووپـا مەحکووم کرا و حوکمی گیرانی دەرکرا. خـامنەای و هاوبیر و بەکرێگیراوەکانی پشـــتیوانیان لە هێرشـــی جینایەتکارانەی پوتین کردەوە و درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان) یان ، بە نیزامییە هێرشـــکارەکانی ڕووســـیە داوە، کە لەســـەرەوەش ئاماژەی پێکراوە. ئەو درۆن (پەهلباد) انە، خوێنێکی زۆریان ڕاژاند و وێرانییەکی زۆرتریان خوڵقاند کە لە کارنامەی پڕ شـــەڕ و شـــوورەیی ڕێژیمی ئاخوندی- ســـپایی دا، تۆمار کراون. بەڵام شـەڕی داسـەپاو بەسـەر ئۆکرانییەکانی بوێر و ئازا و بەرگریکار لە خاک و نیشـتمانەیان دا، سـەرکەتوو نەبوو و نابێ. بەداخەوە شـەڕێکی زۆر خوێناوی و پڕ تێچوویە کە پتر لە ساڵێکە لەو دەڤەرە درێژەی هەیە.

ڕێژیمی دژی گەلیی کە هەوڵی دا، نەورۆزێکی قەڵـب و دروویین لەنێوخۆ داسـەپێنێ و بۆی نەچووە پێش، شـانۆییەکیان بۆعەلێی خامنەیی لە مەشهەد ناوەندی دوویەمی "واتیکانی ئیسلامی ڕێژیم" دوای "قوم، واتیکانی یەکەمی ئیســـلامی ســـیاســـی شـــیعە مەزهەب"، بۆ خەڵکانی هاوردە لە مەشـهەدو درووبەر،کە پتر بە ئیجبارلەوێبوون و کەمتر بە ئیختیار، قسـەی کرد. ئەو ترس و دڵەراوەکیی لە قســـەکانی دا، هەبوو. چونکە حاشـــای لە درۆنە ناردراوەکان بۆ ڕووســـیە کرد. ئەو دەترســـێ کە وەک پوتینی بە کەســـێکی ئەنجام دەری "جینایەتکاری شـــەڕ" بناســـرێ، کە ئومێدەوارین وەدی بێ و پێویستە خەباتی بۆ بکرێ.

شـــۆڕشـــی ژینا (مەهســـا) لە هەموو بوارەکانی دا، لە بە ”ژیانەوەی کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگیی“ و فارســەکان بە ”ڕۆنێســانســی ئێرانی“ ناوی دەبن، پێویستە لە نێوخۆ و دەرەوە، کردەوی مەیدانی و دیپلۆماسی پتری بۆ ئەنجام بدرێ و ئەو هەموو جینایەگەلە چەند لایەنەی ئەو ڕێژیمە دژی گەلیی مرۆڤ کوژ و منداڵ کوژە، پتر لە قاو درێ وئیزنی مانەوەی نگریسی پتر پێ نەدرێ.

شـــۆڕشـــی ژینا و درۆشـــمی ژن ژیان ئازادی، لە نێوخۆ و دەرەوە دا، قونــاغێکی دیکەی بەهێزی لە نەورۆزی ٢٧٢٣ی کوردی و ١٤٠٢ی هەتاوی دەست پێکرد. ئاڵای کوردستان، بەرگ و لیباسی کوردی، جامانە لە مل و هەوریی لەســەر و گوڵی ســوور بەدەســت، کوردســتانی لەنێوی نیشــتمان و لە دەرەوە دا، کردە خاوەن شــوناســێکی پڕڕەنگتر لە پێشــوو، یەکرێزییەکی جێی دەســتخۆشــی و دڵخۆشــی لێکەوتەوە، کە پێویســتە هەتا سەرکەوتن و دواتریش درێژە بدرێ.

موژگانی ئیفتیخاری، دایکی شـــەهید ژینا (مەهســـا) بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی نوێی ژینا سپاسی لە گەلان کرد و کوتی: ”لەگەڵ ئێوە تەنیاییمان بە تەنیایی سپارد. بە گەرمیتان ژیانمان گەرم بۆوە، هەتا ژینا ڕەمزی بوون و هەرمانی دنیای باشـــتر بۆ ڕێزگرتن لە گەلانێک بێ. ژینا فریشـــتەی پیامهێنەری ڕزگاریی ژنانە و ناوەکەی ڕازاوەی زۆربەی کووچە وکۆڵان، گەرەک و شەقامەکانە“•

مارسی ٢٠٢٣، خاکەلێوەی ١٤٠٢

---

ســـەرچاوەکان: گووگل، ماڵپەڕی کوردســـتان میدیا، ڕادیۆ فەردا، یوتیووب و ئێران ئینترناشناڵ.



# شۆڕشی ژینـــا

## یەکێك لە زێڕینترین لاپەڕەکانی مێژوو

سەیران عیزەتی

شۆڕشی ژینا هەر لە دەستپێکەوە تا ئێستا یەکێک لە زێڕینترین لاپەڕەکانی مێژووی کورد و مێژووی خەباتی گەلانی ئێران و هەموو ناوچەکە بووە و دەکرێ بڵێین بوومەلەرزەیەک بووە بۆ هەڵتەکاندنی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری کە لەسەر بناغەی ستەم و کۆنەپەرەستی و هەڵاواردنی جۆراوجۆر دژ بە چین و ڕەگەز و نەتەوە و کولتوورە جیاجیاکان دامەزراوە.

ئاستی پێشکەوتنخوازی و کاریگەریی قووڵی ئەم شۆڕشە تا ڕادەیەک بووە کە نەک لە هەموو ئێران، بگرە لە هەموو جیهاندا پرستیژ و ڕەواییەکی بێ وێنەی پەیدا کردووە و بۆتە یەکێک لە لووتکەکانی شانازی و بەرخۆدانی مرۆڤایەتی و وەکوو چەخماخەی ڕێنیسانس و لەدایکبوونەوەیەکی نوێی مرۆڤایەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چاوی لێدەکرێت.

ئەوەی کە ئەم شۆڕشە هەم لە گوتار و هەم لە مەیدانی کردەوەدا لە کوردستان چەکەرەی کرد و هەر لە کوردستانیش گەشەی کرد و باڵی بەسەر هەموو ئێراندا کێشا، تەنیا هەڵکەوت نیە و دەرئەنجامی بێئەملا و ئەولای ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و بەرهەمی گەشەی هزری و سیاسیی مرۆڤی کورد و تێڕوانینی بۆ ژیان و ماف و

بەرپرسیاریتییەکانی خۆی بە مەبەستی پێکهێنانی گۆڕانی بنەڕەتی لە هەموو گۆڕەپان و ئاستێکی ژیاندایە.

هەر ئەو ڕاستییە کە سەرەڕای بەجیهانیبوونی، شۆڕشی ژینا و دروشمە سەرەکییەکەی واتە "ژن، ژیان، ئازادی" مۆرکی کوردی پێوەیە، بوو بە هۆی ئەوەی کە نەک هەر ڕژیمی ئێران بگرە ڕژیمە داگیرکەرەکانی دیکەی ناوچەکە و هەموو ڕەوتە پاوانخواز و فاشیستی و کۆنەپەرەستەکان ئەو شۆڕشە و سەرچاوە سەرەکییەکەی واتە کوردستان بە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر خۆیان و مەوجوودیەتیان بزانن و بە فیکر و بە کردەوە بەرەنگاری ببنەوە.

یەکێک لەو ڕەوتانە کە لە سەرەتاوە تا ئێستا لە هیچ هەوڵێک بۆ دامرکاندنەوە و بەلاڕێدابردن و دەستبەسەرداگرتنی ئەو شۆڕشە لە هیچ هەوڵ و تەقەلایەک خۆی نەپاراستووە، تاقمی فاشیستیی سەر بە بنەماڵەی پەهلەوی و لایەنگرانی سەڵتەنەت لە ئێراندان کە ئەگەر نەڵێین زیاتر لە کۆماری ئیسلامی، دەتوانین بڵێین بە هەمان ڕادە و شانبەشانی ڕژیم لە پەیام و ئارمانی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" تۆقیوە و بە هەموو هەوڵی خۆیەوە بەرەنگاری بۆتەوە.

تاقمی فاشیستیی پەهلەوی لەو ماوەیەدا بە ئاشکرا هەوڵی بۆ نەهێشتنی ئاسەواری شۆڕشی ژینا داوە و کاتێک کە زانیان لە سەر شەقامدا ناتوانن دەرەقەتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دیکتاتۆری بێن و لە جیاتی دروشمی دژەدیکتاتۆری و فاشیزم، دروشمە فاشیستییەکانی خۆیان بخەنە سەر زاری شەقام، ئەمجار لە ڕێگەی بەکارهێنانی فەزای سایبری و سانسۆری بەربڵاو و چەواشەکاریی بەکرێگیراوانی خۆیان لە ڕاگەیەندنە فارسی زمانەکانی وەک "ئێران ئینترناشناڵ، بیبیسی فارسی، ئیندیپندنتی فارسی و من و تۆ"و

زەقکردنەوەی هێندێک سلبریتیی و کەسایەتیی ئینستاگرامی و بەرز کردنەوەیان تا ئاستی ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنەوە، سیمای ڕاستەقینەی شۆڕش بشارنەوە و سیمایەکی دەستکرد و بێ ناوەڕۆک لەو شۆڕشە پیشان بدەن و کۆنترۆڵی شۆڕش لە دەستی خاوەنە ڕاستەقینەکانی دەربێنن و هاوکات ئامانجەکانی شۆڕشیش لە ئازادی و یەکسانییەوە بگۆڕن بۆ کۆنەپەرستی و دەمەزەردکردنەوەی تیغی ژەنگاویی فاشیزم و دیکتاتۆری.

هەربۆیە شۆڕشێک کە بە باوەڕی زۆربەی شارەزایانی سیاسی و کۆمەڵایەتی هیوای ئەوەی تێدا بەدی دەکرا کە ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی و نەتەوەیی و کولتووری و چینایەتی لە ڕیشە دەربێنێت و بناغەی کۆنەپەرەستی هەڵتەکێنێت، ئیستا لە ڕێگەی چەندین بووکەڵەی سیاسی و ڕێبەری بێ ناوەڕۆکی کاڵفام تەنانەت گوماناوییەوە، و بە پشتیوانی هێندێک دەوڵەت کە هیچ کات ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی وپڕ دەسکەوتی خەڵکی ئێران و کوردستان لە قازانجیاندا نەبوە و نییە هەوڵی بەلاڕێدابردن و دامرکاندنی دەدەن و تا ڕادەیەک سەرکەوتوویش بوون.

یەکەم هەوڵی فاشیستی و یەکەمین خیانەت لە ژینا و شۆڕشی ژینا کە لە نێو هات و هاواری میدیایی فارس و کەمتەرخەمی و نیازپاکیی ماڵوێرانکەری کورددا سەری گرت ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی کە یەکەم چەخماخەی شۆڕش بە ناوی ژینا وەکوو یەکەم شەهید و ڕەمزی شۆڕش لێ درابوو، بۆ شاردنەوەی شوناسی نەتەوایەتیی ژینا، لە پاش شەهیدبوونی ناوی "مهسا" بە سەریدا بسەپێنن و هەر لە یەکەم هەنگاودا پێناسەی کوردیی یەکەم شەهیدی شۆڕش بسڕنەوە و ئێرانیزەی بکەن.

هەنگاوی دواتر هێنانی دروشمی پیاوسالارانەی فاشیستیی "مرد، میهن، آبادی" و دواتریش نکۆڵیکردن لەو ڕاستییە بوو کە ئەو شۆڕشە شۆڕشی

ژنان و نەتەوە ستەملێکراوەکان و چەوساوەکانە، نەک شۆڕشی نیشتمانیی ئێران.

سەندنەوەی پێناسەی ژنانە و شوناسخوازانەی ئەم شۆڕشە، گەورەترین ئامانجی فاشیزمی ئێرانی بوو کە بە جەنجاڵسازیی میدیایی هەوڵ دەدا خەڵکی ئێران و دنیا بە باس و بابەتی کوڕی شای دیکتاتۆرەوە سەرقاڵ بکەن و ناوەڕۆکی ڕادیکاڵی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی لە چەند هەوڵی خیانەتکارانەدا بەتاڵ و تا ئەو شوێنەی توانیان نێوەرۆکی ژنانەو نەتەوەیی ئەم جووڵانەوەیە کەم ڕەنگ و بێ بەها بکەن، ئەم هەوڵە پلان بۆ داڕێژراوانە ئیستە وایکردوە کە ژنان وەک نیوەی کۆمەڵگا و داینەمۆی ئەم شۆڕشە بێدەنگ و بێ هیوا ببن و جارێکی دیکە ڕەنگی شا و تاج و تەخت لە لایەن نۆکەرەکانییەوە زەق بکرێنەوە. لە لای دیکەشەوە نەتەوە ستەملێکراوەکان و بەتایبەتی کورد وەکوو پێشەنگی ئەم شۆڕشە، چالاکییەکانی سەرشەقامیان ڕابگرن چوونکە پەرۆشی ئەوە بوون کە شۆڕشێک بە خوێنی ئەوان سەربکەوێ نابێ ببێتە ڕێگەخۆشکەری هاتنە سەرکاری دیکتاتۆرییەکی نوێ و سەرلەنوێ پێشلێکردنەوەی مافەکانیان●



# ”ژن، ژیان، ئازادی“ سرووودی سرووودەکان، سرووودێکی ناتەواو

شەهلا دەباغی

**چ شەماڵێک هەڵیکردووە بەم نیشتمانەدا نازیلیێ!**
**بەم درەنگ وەختە ماچ دەچڕێ**
**وەک ئەوەی نیوەشەو**
**دوایین دەرفەتی ڕزگاری بێ.**
**(س.ف) ٢٩ی نوامبری ٢٠٢٢**

ئەم نووسینە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە شۆڕشی ژینا به دروشمی ”ژن ژیان ئازادی“ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک کۆلۆنییەکی نێوخۆیی ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاڵی وەرچەرخانێکی مێژوویی و ”ژن ژیان ئازادی“ سرووودی سرووودەکان و باڵاترین سرووودی هاوچەرخە بەڵام هێشتا ناتەواوە. جووڵانەوەی ژینا بە دروشمی ”ژن ژیان ئازادی“ تێروانینێکی ئینتێرسێکشنالی نوێیە لەسەر چەند ئەستوندەکی سێکۆلاریزم، ئازادی بیروڕا، دادی کۆمەڵایەتی و یاسایی، یەکسانی جێندێری، مافی چارەی خۆنووسین، وێڕای خۆشەویستیی ئاو و خاک و هەوڵی ژینگەپارێزی. بەڵام هەرچەند نەتەوەکانی ژێردەست، ژنان، گەنجان و زەحمەتکێشان لەم چەند مانگەدا لەسەر شەقام بوون، نوێنەرانrepresentant ی ئەم نەتەوە و چینانە

و داواکانیان بۆ پەرەدان و پێشبردنی خەبات لە دەرەوەی وڵات دیار نین و یــان حەزف کراون. دوای چەنــد مــانــگ تـێـپەڕین لە جـووڵانەوەی ئینتێرسێکشنالی ژینا، هێشتاش ڕێبەری و مێکانیزمی جووڵانەوەکە بەدەست ئێلیتی چینی سەرەوە، ناوەندنشین و پیاوانە .

نووســـەری ئەم وتارە نزیک بە چل ســاڵە لە نیشـــتمان دوورە و ئەم نووسینە زیاتر لەژێر کاریگەریی ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگە لە مێدیاکاندا نووســـراوە و ســـەرچاوەکانی هەواڵەکان زیاتر مێدیاو دنیای مەجازیی بوون نەک زانیارییەکی مەیدانی. بەڕای نووســـەر، مێدیاکان کە زیاتر بەدەست نەتەوەی ناوەندنشین و باڵادەستن، بەشێکن لە سیستیمێک کە هێژمۆنی نەتەوەی بـاڵادەســـت دووبارە بەرهەم دێننەوە. مێـدیـاکـانی باڵادەستان لەم چەند مانگەدا نەیانتوانی ببنە دەنگ و بڵندگۆی نەتەوەکانی ژێردەســت و دروشــم و ئامانجەکانی "ژن ژیان ئازادی" دەسـتی بەسـەردا گیراوە. پرسـیار ئەمەیە کە ئایا دروشـمی "ژن ژیان ئازادی" نابێ بەردەوام لە کۆنتێکستێکی کوردانەدا دووبارە خوێندنەوەی بۆ بکرێ و کامڵ کرێ؟

سروودی سروودەکان

بە پێی کتێبی پیرۆز، سروودی سروودەکان یەکێک لە سروودەکانی ناو تەوڕات و ئەنجیل، لە زمان حەزرەتی ســـولەیمان گوتراوە. ســـروودی سـروودەکان دیالۆگێکی سـێکسوال و ئاشـقانەی نێوان ژن و پیاوێکە. ژنەکە دەست بە سروودەکە دەکا:

١ Sångernas sång, av Salomo.

Hon

٢ Kyssar vill jag dricka ur hans mun!

- Din kärlek är ljuvare än vin.

٣ Ljuvligt doftar din balsam,

som Turak-balsam är ditt namn,
och kvinnorna älskar dig.
٤ Ta mig med, låt oss skynda,
för mig, konung, till ditt rum.
Vi skall jubla och glädjas över dig
och prisa din kärlek högre än vin.
Med rätta älskar de dig.

١ سروودی سروودەکان، لە سولەیمان
ژن
٢ دەمهەوێ لە زارت ماچ بنۆشم!
ئەوینی تۆ سەرزیندووترە لە شەڕاب.
٣ بزێوە باڵسامی تۆ،
وەک باڵسامی توراکە ناوی تۆ،
وە ژنان ئەویندارى تۆن.
٤ لەگەڵ خۆت ببمە، با گوناح بکەین،
بمبە، ئەی شەهنشا، بۆ ژووری خۆت.
هەلهەلە دەکەین و شاد دەبین لە تۆ
وە ئەوینی تۆ خەڵات دەکەین بانتر لە شەڕاب.

بەمجۆرە ڕەوایەتێکی سێکسوال و ئێرۆتیک لە هەشت بەندا دەگێڕدرێتەوە و ژن و پیاوەکە پێکهەڵدەڵێن و باسی ئارەزووی خۆیان بۆ یەکتر دەکەن. گەرچی ئەم سروودە بە "سروودی سروودەکان" ناسراوە، واتە بەرزترین و عالیترین سروود، بەڵام ئەم برگەیە بە گشتی لە بۆنەکانی ئایینیدا ناخوێندرێتەوە. توێژەران پێیانوایە کە ڕیشەی سروودی سروودەکان

دەگەڕێتەوە سەر کولت و سوونەتی دایک/ژنانە لە شارستانییەتی میزۆپۆتامی کە لەوێ، ژنایەتی، دایک و سرووشت پەرستش دەکرا و ڕیتواڵەکان جۆرێک لە بایەخ بوون و بۆ بەپیت بوونی کشت و کاڵ و ژیانەوە گرینگییان پێ دەدرا. بە لێژبوونی جێگەی کولتی دایکتەوەر وردە وردە بۆنە و بایخەکانی پێشووی ژنانە گرینگی خۆیان لەدەست دا و ژن و تواناییەکانی پاشەکشەیان پێ کرا و سیستیمی باوکسالاری دەسەڵاتی گرتە دەست. سروودی سروودەکان پاشماوەی ئەو دەورانەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میزوپۆتامیا .

سەردەمانێک، زیاتر لە حەوت هەزار ساڵ پێش زایین، لەم ناوچەیەدا سروشت و ژن، بە دایک و ئافەریدەگار دەبیندران. بە ڕای ئانیتا گۆڵدمان، کە لێکۆڵینەوەی بەرینی لەسەر مێژووی ژنان و وێنای ژن لە تەوراتی و ئینجیل دا کردووە، ئەو سەردەمانە ژن دەسەڵاتی هەبوو. نوێ بوونەوەی ژیان و زەوی جێژن دەگیرا. منداڵ بە دایکەوە دەناسراوە (کە ئەمە هەر ئێستاش لە هێندێک شوێن لە کوردستان و ئەفریکا و هێندێ شوێنی دیکە هەیە) و خودایانی ژن ستایش دەکران. بەڕای گۆڵدمان لە پرۆسەیەکی مێژوویدا و بەهاتنە کایەی دەسەڵاتی ئایین و پیاو وردە وردە جێ پێی دەسەڵاتێکی ژنانە لێژکرا و ئەمجارە پیاو پێناسەی دەدا بە ژن، و ڕیتوال و کولتی ژنانە بە پلەی نزمتر دەبیندرا.

**جێ پەنجەی "ژن ژیان ئازادی"**

هەموو کوردێک دەزانێ کە دروشمی ”ژن ژیان ئازادی“ لە باکوور و دواتر لە ڕۆژاوای کوردستان لە شەڕی داعش و ڕۆڵی بەرچاوی ژنانی قارەمان لە شەڕەکەدا زیاتر ناسرا و جیهان بە چاوی ڕێزەوە ڕوانییە کورد

و ژنانی کورد. ئینجا دروشـمی "ژن ژیان ئازادی" لە سـووڕانێکی زەمەنیدا لە پاییزی ٢٠٢٢ و لەسـەر گۆڕی "ژینا" لە شـاری سـەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوار کرا. دوابەدوای بەخاک ئەسپاردنی ژینا، ئەم دروشـمە لە سـەراسـەری ئێران و دنیادا بڵاو بۆوە. جیهان یەکپارچە بە چاوی ڕێزەوە بۆ بەرخۆدانی پـاییزی ٢٠٢٢ و بە دووپـاتکردنەوەی ئـاواز، سـروود و سـیمبۆلەکانی ئەم جووڵانەوەیە لە شـوێن و قوژبنی جیاوازی دنیا بوونە هاودڵ و هاوکاری ئەم جووڵانەوەیە. جووڵانەوەی ژینا و دروشمی "ژن ژیان ئازادی" بەشێوەیەکی ئەرێنی بە ڕووداوێکی نوێ و گرینگی مێژووی ئینسان و ڕێنێسانسێک دادەندرێ. لەم بارەوە ژیژک دەڵێ:

ئەم بەرخۆدانە بۆ لێ فێربوون دەبێ. جۆرێک لە فێمینیزم کە پیاوانیش لەخۆ دەگرێ. چونکە پیاوان دەزانن ئەو سـتەمەی کە لە ئێران دا لە ژنان دەکرێ تەنانەت خۆیان دەگرێتەوە و ئەگەر ژنان ئازاد نەبن ئەوانیش تامی ئازادی ناچێژن. هەروەها بۆ زۆربەی ئێرانییەکان کە کورد نین ڕوون بۆتەوە کە ئەگەر کورد ئازاد نەبن ئەوانیش ئازاد نابن. هاوکات بەشـێکی دیکەی ئەم خەباتە دژی ڕادیکاڵیسمی ئیسلامییە. ئەو خاڵانە بۆ ئێمە لە ڕۆژاوا کە لە ئازادیدا دەژین دیار نییە و دەتوانین لێیان فێربین. دژایەتی فێمینیزم، زەبروزەنگی سـیاسـی و ئایینی لە پەرەئەسـتاندن دایە. شـتێک کە لەم خەباتەدا زۆر جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە هەموو کلیشـەکانی کولتووری و قەومی کە "ئێمە لێک تێناگەین" شـکان. ئەم جووڵانەوەیە دادخواز و حەقخوازە و سەردەکەوێ.

بەڵام دوابەدوای ئەم دروشـمە، پیاوسالاری باڵادەست تاقەت ناهێنێ و دەیهەوێ دەسـەڵات بگرێتەوە دەسـت و لەبەرامبەر ئەم دروشـمە پێشـکەوتوویەدا ڕاوەسـتی و "مرد، میهن، آبادی" لە بەرامبەریدا قوت

دەکاتەوە. باسێک کە نووسەری ئەم وتارە و زۆر کەسی دیکە لەوان نووسەری ئێرانی "فرج سەرکوهی" هەمانکات کە دروشمی "مرد، میهن، آبادی" درا ڕەخنەمان لێگرت.

هەروەها نووسەری ئەم بابەتە زۆر زوو لە هەوەڵ ڕۆژانی بەرخۆدانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەسەر شەقامەکان "شۆڕشی ژینا"ی لەگەڵ "ڕێنێسانس" و "شۆڕشی مەزنی فەڕانسە" بەراورد کرد و ئاماژەی هەم بە تایبەتمەندیی "یەکسانی خوازی جنسییەتی" شۆڕشەکە دا، باسێک کە لە شۆڕشی فەرانسەدا ون بوو، و هەم بە خوڵقانی ڕووحێکی تازەی ڕزگاریخواز لەلای تاکی کورد. هاوشانیی شۆڕشی ژینا لەگەڵ شۆڕشی فەڕانسە دواتر لەلایەن بیرمەندانی گەورەی دنیا باس و قسەی لەسەر کرا. بۆ وێنە فیلسووفی ئەمریکی مایکل هارت باسی ئەوە دەکا کە دروشمی "ژن ژیان ئازادی" لەگەڵ "بەرابەری، بەرایەتی و ئازادی" شۆڕشی سەدەی ١٨ی فەرانسە بەراورد دەکرێ، بەڵام بە تەفسیرێکی تازە. دروشمەکان سەفەر دەکەن. هاوکات مایکل هارت ئارەزووی ئەوەی دەکا کە "ژن ژیان ئازادی" ببێتە هۆی شۆڕش لە شوێنەکانی دیکەی دنیادا.

**سروودێکی ناتەواو؟**

هەر دروشم و سروودێکی شۆڕشگێرانە لە سەردەمێکدا دەتوانێ کاریگەریەکی شۆکهێنەری لەسەر کۆمەڵگا هەبێ، بەڵام دوای ماوەیەک یا بە لاڕێ دا ببردرێ، یا ڕێبەری جووڵانەوە فەرامۆشی بکا، یا تەرازووی هێزەکان بە قازانجی ئیدە و دروشمەکە نەشکێتەوە. بەڵام خاڵێکی گرینگ کاکڵ و ناوئاخنی دروشمەکەیە. لە ڕاستیدا هەر دروشمێک لە خۆیدا ناتەواوە. واتە دروشم و ئیدەکان لە ڕەوت و پرۆسەدا کامڵ دەکرێن و

گەشـــە دەکەن. "ژن ژیان ئازادی"یش لەم قاعیدەیە جیا نییە. "ژن ژیان ئازادی" دەبێ پەرەی پێ بدرێ و هەلی گەشـەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی بۆ بڕەخسێ. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەم ئیدە جوان و شۆکهێنەرە لە کوێ دەبێ تەکمیل کرێ؟ بۆ گەشـە و تەواو کردنی دروشـم و ئیدەیەک دەبێ هەوەڵ بزانین کەمایەسییەکە چییە.

دروشـمی "ژن ژیان ئازادی" وەک دروشـمەکەی شـۆڕشـی مەزەنی فەرانسە، "بەرابەری، برایەتی، ئازادی" و یا بیرۆکەی "سۆسیالیسم" دروشم و بیرۆکەیەکی یونیڤێرساڵ و گشتین. بەڵام بۆ وێنە لە فەڕانسە دەوڵەتێک هەبوو و داوای خەڵـک لە دەوڵەت و حـاکمییەتی فەرانســـە بە گوتنی دروشمی "بەرابەری برایەتی و ئازادی" ڕوون بوو.

دروشم و ئیدەکان سەفەر دەکەن و لە کۆنتێکست و کاتشوێنی جیاوازدا تایبەمەندی تازە وەردەگرن و دەگونجێندرێن و دەگۆڕدرێن و تەفســـیر دەکرێن. یونیڤێرساڵ بوونی دروشـمی "ژن ژیان ئازادی" لە عەینی جوانی و ئەرێنی بوونی خۆیدا لە شـــوێنێک دەکوترێ کە نەتەوەکە، واتە کورد، بێ دەوڵەتە و ئەم دروشـــمە دەبێتە هەمەک بێژی/کلی گویی و گشـــتی. هەر بۆیە ئەوانەی زەخت و هێزیان زیاترە، واتە نەتەوەی باڵادەســـت، دەتوانن دروشـــمەکە بقۆزنەوە و بە نـاوی ئەوە کە هەموومـان وەک یەکین و جیاوازیمان نییە، مافی ژێردەســـتان بە هەمەک بێژی حەشـــاربدەن و ناوئاخنی بگۆڕن، واتە مۆدیفای modify بکەن یا دایبەزێنن reduce بکرێ.

دروشمی "ژن ژیان ئازادی" زۆر بە دروستی ویستی ژیانێکی ئاسایی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە حکوومەتی "ولایت فقیە"ی تاران لە هاووڵاتی زەوت کردووە. هاوکات نەمانی ئەو ســتەمە جێندێرییەی کە ٤٣ ســاڵە ممارســە دەکرێ و داوای دادی کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە ئازادی خواستی خەڵکە.

ئەمـانە مـافی هەر هـاوولاتییەکن لە کۆمەڵگـایەکی پێشـــکەوتوو لە ژێر دەســـەڵاتی یەک دەوڵەتی مۆدێرن دا. گەیشـــتن بەم مافانە بۆ هاوولاتی ســەر شــەقامە ناوەند داوای ســەرەکین بەڵام بۆ گەلێکی ژێردەســتی وەک گەلی کورد کافی نییە و بە مانای دابینکردنی مافی چارەی خۆنووسـین و یا مافی نەتەوەیی نییە و جۆرێک لە سـەرووەریی سـیاسـی بە کورد نابەخشـی.

مافی چارەی خۆنووســـینی نەتەوەیەکی ژێردەســـت تەنیا بە دروشـــمی "جهانشمول" لە ولاتێکی تۆتالیتەردا دەستەبەر ناکرێ. هەر ئەو جۆرەی کە لەم چوارمانگەدا دیتمان تەنانەت زۆربەی ئۆپۆزیســـیۆنی ئیرانی بە پێی هەمان دروشم کە دەستیان بەسەردا گرتووە دان بە مافی نەتەوەیی کورددا ناهێنن. لێرەدا "ســـروودی ســـرووەدەکان"ی کتێبی پیرۆز و "ژن ژیان ئازادی"ی کورد لەیەک مایە و دەستەن. هەر دووکیان فۆڕم و دەربڕینێکی جوان و ئەدەبی و ئینســـانییان هەیە بەڵام لە ژێر ڕێبەری و هیرارشـــی و دەســـەڵاتی باڵادەســـتدا و لە پڕاکتیکی ئایینی- ســـیاســـیدا ســـروودی ســـرووەدەکان لە ناو ديندا وەپشـــت گوێ خراوە، و "ژن ژیان ئازادی" لە مەیدانی سـیاسـی ئەمڕۆدا هەر سـاتێک دەکرێ وەپشـت گوێ بخرێت و دروشـــمێکی دیکەی لە جێ دابندرێ (مرد میهن آبادی) و جووڵانەوەکە دەســـتی بەســـەردا بگرترێ هەر ئەو جۆرەی لەم چەند مانگەدا دیتمان نەتەوەکانی غەیری فارس، ژنان، گەنجان و زەحمەتکێشـانی سـەر شـەقام کەمترین نوێنەریان لە ڕێبەریی و باســەکاندا بووە و هەوڵ دەدرێ پرســی نەتەوەکان لەژێر ناوی "تمامیت ارضی" بێدەنگ کرێ.

ســروودی ســرووەدەکان وەک دەنگێکی ژنانە لە دەورانێکی دوور، لەناو کتێبی پیرۆزدا ماوەتەوە، بەڵام وەک ســـرووەدەکانیتری کتێبی پیرۆز لە بۆنەکانی ئایینیدا ناخوێندرێتەوە، مەگینایەک لە هێندێ سروودی موزیکالیی

و نمایشـــی، و هەڵبەتە ئێســـتا لە تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەکاندا بەهای پێ دەدرێ.

دروشمی "ژن ژیان ئازادی" یش دەتوانێ بکەویتە (کەوتۆتە) داوی ئەم خەتەرە. ئەم دروشـــمە بەدوای شـــەڕی قارەمانانەی کۆبانێ لە ناو کتێبێکی پیرۆزدا نەماوە و ژنان بەشـــێک لە دەســـەڵاتیان بۆ پاراســـتینی خۆیان و خاکیان گرتە دەســـت. ئەم دروشـــمە بە جووڵانەوەی بەرینی خەڵک دوای شەهیدبوونی ژینا لە ناوەڕاستی مانگی سێپتامبردا، بە لێشاو هاتە سەر زاری خەڵکی سەر شەقام و بوو بە واڵاترین و مەزنترین سروود، بوو بە سروودی ســـروودەکان، وەها کە لە هەموو ئێران و دواتر لە هەموو جیهاندا گوتراوە. خەڵکی جیهان بەتایبەتی ژنانی دنیا خۆیان لەم ســـــروودەدا دیتەوە. واتە دروشـمێکی کوردانە وەک "بێلاچاو"ی ئیتالی دژی فاشـیزم بە جیهاندا بڵاو بۆوە.

"ژن ژیان ئازادی" وەک دروشـــم تا بتهەوێ جوان و دڵڕفێن و هاوکات یونیڤێرسـاڵە، بەڵام لەم چەند مانگەدا دیتمان کە لە پڕاکتیکی سـیاسـیدا بۆ گەیشـتن بە مافی سـەروەریی کورد بەش ناکا و هاسـان دەسـتی بەسـەردا دەگیرێ. ژینا کرا بە مەهسـا و "ژن ژیان ئازادی" بە "زن زندگی آزادی" و تەنانەت شەهیدانی شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیسابی ئێرانی بوون و پەهلەوی داندرا. بە ڕای کەماڵ سـولەیمانی ئێسـتا دوو شـۆڕش لە ئارا دایە. شــــۆڕشـــــێک کە بە کودەتایەکی وەپاشـــــکەوتووانە دەیهەوێ زێدەخوازانە دەسـت بە سـەر هەموو شـتێک داگرێ و نابەرابەری ئەبەدی دووبـارە بەرهەم بێنێتەوە، و شــــۆڕشـــــێـک لەبەرامبەردا بۆ تێکـدانی هیرارشـییەکانی جنسـییەتی، زمانی و ئیتنیکی هەنگاوی هەڵێناوەتەوە و ژیان تێدایە پیرۆزە و گیان بە نرخە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە چارەنووسی نەتەوەیەکی ژێردەست تەنیا بە دروشمێکی جوان و یونیڤێرساڵ دیاری ناکرێ گەرچی خودی دروشمەکە پڕبایەخ و گرینگ بێ. زۆر فاکتەر، لەوان "ڕێبەری"، لە سەرکەوتن یا سەرنەکەوتنی ئەم دروشمەدا ڕۆڵیان دەبێ. ئەگەر لێرەدا دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان بەراوەرد بکەین تەنانەت لە دۆخێکی وەک باشوور کە بە حیساب عێڕاق دەوڵەتێکی فێدێڕاڵییە و لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەڕەب پێکهاتووە، تەوافق لەگەڵ ناوەند کێشەکانی چارەسەر نەکردووە و کورد نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی سەروەری. سولەیمانی ئاماژە بەوە دەدا:

"لە چەند دەیەی ڕابردووی سیاسەتی کوردیدا، مرۆڤ و نەتەوەی کورد قەت لە مەرکەزییەتی سیاسەت و ستراتیژییەکانی سیاسی دا نەبووە: کورد هێندێک داوای هەن، بەڵام خوڵقێنەری سیستەم نییە. کورد مرۆڤی پەراوێز و چاوەڕوانی مەڕەحەمەتی دەوڵەتی غەیرە کوردە. سایکۆلۆژی زاڵ بە سەر ڕێکخراوی سیاسی کوردیدا، سایکۆلۆژی مرۆڤی دەوڵەتساز نییە. مەعریفەی سیاسی کورد ئی خۆی نییە، بۆیە لە مەعریفەی سیاسی ڕێکخراوی کوردیدا، کورد بکەر نییە. ئەو مەعریفەیە کورد-تەوەر نییە، ئەویدیکە تەوەرە".

شۆڕشی ژینا لە شەقامەکانی ڕۆژهەڵات شۆڕشێکە بۆ ڕزگاری لە دەسەڵاتی ئایین و ژێردەستی. لەم بەرخۆدانەدا، ویستی ڕزگاری سووژەی کورد (بە ژن و بە پیاوەوە) لە هێژمۆنی باڵادەست تا ڕادەیەک دەبیندرێ بەڵام ڕەنگدانەوەی ئەم ویستە لەناو ڕێبەریی دەرەوەی وڵات کەمتر دەبیندرێ. سووژەی کورد لەناو وڵات خۆی لە ئیدئۆلۆژی نەتەوەی باڵادەست و ناوەندمیحوەر بە جۆرێک ڕزگار کردووە و گەیشتۆتە ساتی

ڕزگاری لە وەهمی "ئێرانی بوون". ئیدیۆلۆژی ئێرانی لە دوای مەشروتە، بە ڕای کەماڵ سولەیمانی، لەسەر بناخەی دەسەڵاتی مەزهەبی جەعفەری و حاکمییەتی نێرسالاری دامەزراوە و سەد ساڵە بەناوی مۆدێرنیتە کوردی ژێردەستەی خۆی کردووە و دەیچەوسێنێتەوە و هیچ مافێکی پێ ڕەوا نابینێ. هەر ئەم نیگایە بە دەسەڵات بەڕای ئەحمەد محەمەدپوور، لای بیرمەندانی ئیرانی دەگاتە جۆرێک لە فاشیزم و لە ئیدیۆلۆژیی ئێرانشاریی کەسانێکی وەک تەباتەبایی بە ئاشکرا خۆنیشان دەدا .

ئێستا دوای ئەزموونی چەند مانگ شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵات و باوەڕکردن و هاوکاری کردنی هێندێک لایەن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبینین کە لە هەموو شت گرینگتر ڕزگار بوونی سووژەی کورد و هێزی کوردییە لە هێژمۆنی سیاسی و ئێلیتی باڵادەست. ڕزگاری سووژەی کورد لە هێژمۆنی باڵادەست پرسێکی مانایی و جەوهەرییە. ئەوسا کە سووژەی کورد خۆی لە زنجیری باڵادەست ڕزگار دەکا بەشێکی زۆر لە ڕێگامان بڕیوە. کاتێک سووژە دەگاتە ساتی سپارتاکووسی، واتە سووژە ژێردەست بوونی خۆی دەبینێ و دەیهەوێ لێی ڕزگار بێ و ڕادەپەڕێ. دوکتور کەریمی لە وتاری دەروونشیکاریی سووژەی بندەست دا باس لەم ڕزگارییە دەکا:

"لە کۆمەڵگەی بندەستدا هەموو دامەزراوە فەرمییەکان لە سازکردنی سووژەی بندەستدا بەشدارن لەبەر ئەوەی ئەم دامەزراوانە لە لایەن سەردەستەکانەوە ڕێکخراون و پێویستە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بپارێزن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئاسۆی ڕزگاری داخراو نییە و بندەست بۆ هەمیشە لە دۆخی بندەستیدا نامێنێتەوە لەبەر ئەوەی کە سوبژێکتیڤیتە دیاردەیەکی هاڵۆزترە لەوەی کە سەردەستەکان بیری لێ دەکەنەوە. مێکانیسمەکانی سوبژێکتیڤیتە گەورەترین بەربەستن بۆ پرۆژەکانی درێژەدان

بە ســەردەســتی. یەکێک لەو میکانیســمانە شــتێکە کە دەتوانین پیی بڵێین ساتی سپارتاکووسی".

کەریمی بەردەوام دەبێ و دەنووسێ: "دامەزراوە فەرمییەکانی کۆمەڵگەی بندەســت خەریکی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ســووژەی بندەســتن. بەڵام هەســتی بندەســتی و ئارەزووی ڕزگاری بەردەوام دەبێ و ســووژەی بندەســـت لە خاڵێکی تایبەتدا بەدژی ســـەردەســـت ڕادەپەڕێ؛ ســـاتی سپارتاکووسی".

ڕزگاریی ســـووژە لە هێژمۆنیی داگیرکەران لە دەرەوەی وڵات لە ناو ڕێبەریی کورددا وەک بکەری سیاسی بە پاساوی سیاسیەتکردن کەمتر دەبیندرێ. هاوکات لە پێوەندیی لەگەڵ ئۆپۆزیســـیۆنی ئێرانیی ناوەندگەرا هەمان ڕوانگەی کۆلۆنیالیســتی لە سیاســەتی ڕۆژانەی سیاســەتی کورددا بەرهەم دێتەوە. عوســمانزادە لەســەر ئەم باوەڕەیە کە بەپێچەوانەی تیۆرە کۆمەڵایەتییە کلاســیکەکان کە پێیانوابوو تەنیا پێکهاتە و ســاختارەکان یان تەنیا ئەکتەر و بکەرە کۆمەڵایەتییەکان ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن، بەپێی ڕوانینە تێکهەڵکێشەییەکان ئەو دوو بەشە، واتە ساختاری کۆمەڵایەتی و بکەری کۆمەڵایەتی بەیەکەوە و لە پرۆسەیەکی کارلێکی بەردەوامدا ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکەن. لەم ڕوانگەوە، ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەرە کۆمەڵایەتییەکان شـــوێنی بەیەکگەیشـــتنی هەردووک پێکهاتە و بکەرە کۆمەڵایەتییەکانە و تێیدا پێکهاتەکان، ئایدیۆلۆژیاکان، و دیســـکۆرســـە جیاوازەکان بەرهەم دەهێندرێنەوە، جێگیرتر دەکرێن، دەگۆڕدرێن و پاساو دەدرێنەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی کۆلۆنیالیستیشدا، "کۆلۆنیالیزمی ڕۆژانە" بە تێپەڕاندنی ئاســـتی فراوانی ڕاڤەی کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات دیاردەی بەردەوامیی کۆلۆنیالیزم لە ژیانی ڕۆژانەدا بهێنیتە

بەرباس. بە پێی ئەم تێڕوانینە ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەری سەردەست یەکێک لە گرینگترین شـــوێنەکانی بەرهەمهێنانەوە، پاســـاودانەوە، و درێژەپێدانی ئایدیۆلۆژیا و پێکهاتە کۆلۆنیالیســـتییەکانن. ئەم ڕوانینە تەنیا کۆلۆنیالیزم لە ژیانی ڕۆژانەدا ناگرێتەوە، بەڵکوو دەشـــێ لەپەیوەندیی لەگەڵ کۆی نەزمی کۆمەڵایەتیدا بەکار بهێندرێت .

دروشــمی ژن، ژیان، ئازادی بەهۆی هەوێنی یوونیڤێرســاڵی خۆی توانی ببێتە بەشــێک لە ئیدەکانی ڕۆژانەی کوردێک، فارســێک و خەڵکی دونیا. بەڵام ئەم دروشـــمە لە ژیانی ڕۆژانەی فارســـێکدا دەبێتە "زن، زندگی، ئازادی"، بۆ ئینگلیزییەک woman life freedom و ئەم دروشــمە لەگەڵ ســیســـتەمی ســیمبۆلێک و بەهاکان و پاشــخانی ئایدیۆلۆژی- مێژوویی کۆمەڵگاکەیان دەگونجێندرێت. هەر بۆیە ئێرانییەک دەتوانێ بەناوی "زن، زندگی، آزادی" – نەک ژن، ژیان، ئازادی – دروشــمەکە بکاتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوە دۆخی ســەردەســتی- ژێردەســتی. چونکە ئەم دروشــمە یونیڤێرســـاڵە هاوکات ڕاڤەهەڵگرە. لێرەدا ڕاڤەی ئەکتەری کۆمەڵایەتیی ســەردەســت کە دەســەڵاتی هێژمونیک بوونی زیاترە، دەتوانێ بە پشــتیوانیی پاشــخانە مەعریفی و ئایدیۆلۆژییە بەهێزەکەی لەڕێگەی ئەم دروشـــمەوە نکۆڵی لە مافی نەتەوەیی خەڵکی ژێردەســـت بکات و بڵێت ئامانجی ئەم دروشـــمە و بزووتنەوەی پاییزی ٢٠٢٢ ئازادیی ژنان و هەوڵ بۆ مافەکانی هاووڵاتی و نەجات لە دەسەڵاتی سیاسی حکوومەتی ئیسلامییە، چونکە ئێمە هەمووومان یەک نەتەوەین، واتە "ملت ایران".

لێرەدایە بۆ کامڵکردنی "ژن ژیان ئازادی" پێویستە لە پراکتیکی سیاسی و یاساییدا لەلایەن هێزەکانی کوردییەوە ڕەهەندێکی پارتیکیوولار و تایبەت - ڕەهەندێکی تایبەت بە مافی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆنووســـین- بە

ڕەهەندی جێندێری و یوونیڤێرســاڵەکە زیاد بکرێت. نەتەوەی ژێردەســت دەبێ هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ یەکســـانیی جێندەری، خەباتی "ڕزگاریی نەتەوەیی"یش بکا. کامڵکردنی، ئەم دروشــمە دەبێ ببێتە بەشـێک لە ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەر و بکەری کۆمەڵایەتی- ســـیاســـیی کورد و لە ژیانی ڕۆژانەیدا پراکتیزە بکرێت؛ واتە ئاگایی ڕزگاریخوازانە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرهەم بهێنێت. بۆ ئەمە پێویســـتە "ژن ژیان ئازادی" هەم لە پێکهاتەی سیاسی و ئایدئۆلۆژیدا و هەم لە لای سووژەی بندەست ڕەنگ بداتەوە و لە بەرامبەر کۆلۆنیالیزمی ڕۆژانە داڕاوەستێ.

کاتێک باس لە ڕێبەریی ناوەندمێحوەر دەکەین دەبینین کە تەنانەت ژنانێکی وەک "مســیح عەلی نژاد، گلشــیفتە فراهانی و شــیرین عبادی" دەرکێکی دروستیان لە کێشەکانی کورد و بەلووچ نییە و پرسەکان تەنیا بە دیمۆکراســـی و مافی هاوڵاتی دەبەســـتنەوە و هەر لە پارادیمی "تمامیت ارضـــی ایران"دا دەدوێن و دەڵێن "تمامیت ارضـــی" قابیلی باس نییە. ئاتۆیەک کە بۆ ســـەرکووتی نەتەوەکان لەم ســـەد ســـاڵەدا کەڵکی لێ وەرگیراوە و گەیشـــتن بە جۆرێک لە ســـەرووەریی ســـیاســـی بۆ کورد بەڕەسمییەت نەناسیوە و کوردستان هیچ واقعیتی سەربەخۆی نییە.

ئەگەر بمانهەوێ باســـەکە کۆ بکەینەوە دەبینین کە ژنان و خەڵکی ناوەندنشین و پەڕاوێزخراو لە شۆڕشی ژینادا خاڵی هاوبەشییان هەیە واتە ڕزگاریی جنســـییەتی لە حکوومەتی ئایینی و گەیشـــتن بە ئازادی و جیایی دین لە سـیاسـەت. بەڵام ئامانجی ژن و پیاوی کورد لەم شـۆڕشـەدا تەنیا گەیشـــتن بە ئازادی و ســـێکۆلاریزم نییە، بەڵکوو بۆ ئامانجێکی دیکەش ڕژاونەتە ســەر شــەقام: داڕنینی ســیســتیمی کۆلۆنیالیســتی و گەیشـتن بە ڕزگاری. ژنی کورد لەژێر چەندین ســـیســـتیمدا دەچەوســـێتەوە: یاســـا و

نۆرمەکانی حکوومەتی ئیسلامی- شیعی، سیستیمی پیاوسالار/ نێرسالار، سیستیمی کۆلۆنیالیستی کە چەندقات دژی ژن و پیاوی کوردە. فێمینیستی باڵادەست ئەو "چەندتوێژی"یە نابینێ. لێرەدایە کە تەنیا ڕوانگەیەکی ئینتێرسێکشنالی کوردانە دەتوانێ هەموو توێژەکان بێنێتە ژێر ڕەخنە و شیکردنەوە و دروشمی "ژن ژیان ئازادی" دەبێ حەتمەن لە پراکتیکی سیاسیدا ویستەکانی لۆکاڵی و تایبەت بەخۆ بکرێ و تێکەڵاوی چەمکی سەروەریی سیاسی بێ. مافێک کە لە جارنامەی مافی مرۆڤ دا هەیە و قەبووڵ نەکردنی ئەم مافە قەبووڵ نەکردنی خودی مافی مرۆڤ و وجودی ئینسانی کوردە●

شەماڵێک هەڵدەکا، درەنگ دەکێشێ، بەڵام ڕووی لە ڕزگارییە.

مارسی ٢٠٢٣





# کورتەیەک لە خەباتی سەرانسەریی ژنانی ئێران بەگشتی و بەتایبەتی ژنی کورد و شۆڕشی ژینا

شەهێن زادئەحمەد

لە مێژووی نوێی ئێران دا ژنان بۆ یەکەم جار لە سەردەمی بزوتنەوەی مەشروتەیدا ۱۹۰۶ کە بە پێکهێنانی ڕێکخراوەی تایبەتی بە خۆیان بەشداری لە ڕووداوە سیاسیەکان دەکەن و کەم و زۆر لەم بزوتنەوەیەدە بەشدار بوون، بەلام لە یاسای بنەرەتی دا ۱۹۰۶ مافیان وەبەر چاو نەگیرا و بۆوێنە لە یاساکانی زەواج ،تەلاق، سەرپەرەستی مندال، و بەتایبەتی لە مافی دەنگدان بێ بەش کران.

**قۆناغی پەهلەوییەکان**

هەرچەند ژنان لەم قۆناغە دا مەجالیان بۆ ڕەخسا کە لە بواری کۆمەلایەتی و مودریەتی بە براوەرد بە رابردوو چالاک بن و تەنانەت مافی دەنگدان لە سالی ۱۹۶۳ دەستەبەر بکەن و ڕێکخراوەی تایبەت بە خۆیان هەبێ، بەلام ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوەیە سەربەخۆ لە دەزگای دەولەت دا بن، مەجالی پێ نەدرا و ئامانج و کردەوەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە ژێر کۆنترۆولی دەولەت دابوون.

ژنان لەم قۆناغەدا بە تایبەت لە سەردەمی محەمەد رزا شای پەهلەوی لە ریزی حیزب و رێکخراوەکانی ئۆپۆزۆسیوونی رژیم دا چالاک بوون و هەربۆیە تێکۆشانیان زۆرتر لایەنی سیاسی هەبوو کە ئامانجی سەرەکی گۆرانی رژیمی دەسەڵاتدار بوو.

هەروەها خەبات بۆ یەکسانی لە چاورچێوەی خەباتی چینایەتیدا، و لەم بوارەشدا زۆریان لە خۆبردوویی و زەحمەت کێشا، بەدەیان ژنی چالاکی سیاسی لە ژێرئەشکەنجەدا بەهۆی ساواک و یا لە تێکهەلچۆن لەگەل پۆلیسی ئەمنیەتی کوژران و ژومارەیەکی زۆریان لە زیندانەکاندا تەمەنیان تێپەر کرد. بۆ وێنە ئەو ژنانەی کە لە رێکخراوەکانی چریکی و چەپدا بوون. دەبێ ئەوراستیە کە حاشای لێ ناکرێ، لەم سالانەدا خەباتی ژنان بۆ یەکسانی لەگەل پیاوان بەهۆی زالبوونی دیسکۆرسی چەپەوە کەوتبووە پەراوێزەوە و ببوو بە تابعێک لە خەباتی چینایەتی

**ژنی کورد لەم قۆناغەدا**

بەهۆی بوونی پێوەوندیەکانی سیستمی دەرەبەگایتی و عشیرەیی و زالبوونی کولتووری سوننەتی و داواکەوتووی کوردستان لەرووی پیشەسازی و شارنشینی و هەروەها دوورکەوتنەوەی حیزبەکوردیەکان بۆ ئەودییوی سنورەکان.رۆل و خەباتی ژنان بەرچاو نیە و بێجگە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ کە بە هۆی قازی موحەمەدەوە بۆ یەکەم جار شاهیدی جموجۆلی سیاسی و خۆرێخستنی ژنان بووین لە رێکخراوەی تایبەت بە خۆیان و دواتر لە سەردەمی سەرۆک وەزیری مۆحەمەدی موسەدیق ١٩٥١ تا ١٩٥٣ کە لە چاورچێوەوی چالاکی حیزبیدا دەور و رۆلیان هەبوو واتە لە خۆپێشاندانەکانی ١٩٧٩ بە دژی رژیمی پادشایەتی ،کە چالاکانە بەشداریان کرد.

**قۆناغی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩**

لەم قۆناغە دا بە هۆی بەڕێوەچۆونی یاساکانی شەرع لە لایەک و کۆماری ئیسلامی بەرامبەربە ژنان، ستەمی چینایەتی زۆر زەق و دواکەوتوانەتر بۆنەوە لەسەر ژنان بە بەراوەرد بە رژیمی پێشوو.

ژنان لەم قۆناغە بەرفروانتر و چالاکانەتر لە ریزی خەبات بۆ گۆرینی رژیمی دەسەڵاتدار لە مەیدان دابوون.

بەهەزاران ژن لە ریزی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ئۆپۆزۆسیۆنی رژیم ڕێکخران ولە رەوتی خەبات بۆ گۆرینی رژیمی دەسهەلاتداربە تایبەت لەسالەکانی ١٩٨١ تا ٨٣ بەسەدان کەس لەو ژنانە گیانیان لێ ئەستێندرا و بە هەزاران کەسیان لە زیندانەکان توند کران.

**ژنی کورد لە قۆناغی دوای شۆڕشی ١٩٧٩**

لەم قۆناغەدا بێجگە لە ستەمی چینایەتی و جنسیەتی (ئاپارتایدی جنسی)ژنی کورد ستەمی نەتەوەیشی لێدەکرێت.کە ئەمە ژنی فارس ناگرێتەوە

واتە ژنی کورد ناتوانێ بە زمانی زگمانگی، کوردی بخوێنێ، ناتوانێ گەشە بە کولتووری خۆی بدا، ناتوانێ لە موردیەت و بەرێوەبەری جوغرافیای کە لێی دەژی، بەشداربێ و رۆل و شوێنی هەبێ و بە کورتی و پۆختی مافی بریاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی و کۆمڵایەتی خۆی هەبێ.

لەم قۆناغەدا بەسەدان ژنی کورد لە ریزی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیی و چەپ لە کوردستانا بوونیان هەیە و لە سەنگەری بەرگریدان لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان ، بە تایبەتی لە سالەکانی نیوەی یەکەمی ١٩٨٠ لە پرۆسەی بەرگری لە کوردستان لەریزی حیزبی نەتەوەیی و چەپەکان دا ،بەدەیان ژنی کورد گیانیان بەخت کرد.

لەم سالانەشدا خەباتی ژنی کورد لەژێر کارتێکەری خەباتی نەتەوەیی و چینایەتی لەریزی حیزبە نەتەوەیەکان و چەپەکان دا و بۆ بە دەستەبەرکردنی ئامانجەکانیان لە خەبات و تێکۆشان دانە.

واتە خەباتی ژنی کورد لە دێر زەمانەوە لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی بوونی هەبوە ، لە سەدەی بیستەم شۆرشی ژنی کورد بە دوو دەورەی پێش شۆرشی گەلانی ئێران و دوای شۆڕش دابەش دەبێ.

پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی سوننەتی خەبات، نۆڕمەکانی کۆمەلایەتی و بێبەش لە تیکنیک و تیکنولۆژی سەردەم کە بتوانێ ژنان لە زۆر بواری گرینگی کۆمەڵایەتیی دا ئاگادار یان وشیار کاتەوە لە ڕاستی دا زۆر کەم لە ئارا دا بوو. بەڵام هەر ناوچەیەک لە کوردستان ئەگەر جموجۆڵی لێهەبووبێ، ژنان بە تایبەتمەندییەکانی واقعی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان، ڕۆڵ و کارتێکەریی ڕێژەیی خۆیان هەبوە. ئەوە واقعییەتێکە بزووتنەوەی ژنان حاڵەتێکی ڕێکخراوایی و سیاسیی بەخۆیەوە نەبینییەو دیارە ئەوە بە ومانایە نییە کە ڕێژەی کەمی ژنان لەوبوارانە دا بەربەستێکی جیددی، لە بزاڤی جووڵانەوەی کوردی دا بێت و حاشای لێناکرێت ژنان وەک توێژیکی باوەڕ پێکراو و پشتیوانێکی متمانەدار لە ڕەوڕەوەی جووڵانەوەکان دا، تەئسیر و کاریگەریی خۆیان هەبووە.

ئەوە لە حاڵەتێک دایە کە کۆمەڵگا هێژموونی پیاوسالاری بەسەردا سەپاوە و زۆربەی کۆمەڵگا نەخوێندەوارە و تانوپۆی کۆمەڵگا لە ژێر پێکهاتەیی سەختی کۆمەڵایەتیی دا، قۆناغەکانی ژیان تێپەڕ دەکا، بەو واتایە ژن تێکەڵاوە لە ژیانی فیئۆدالی، نیوە فیئۆدالی و ئاژڵداریی کە کاریگەرییەکانی ئایینی و مەزهەبی، کۆلتوور و نەریتی خوجێی و دواکەتوویی و هێژمۆنیی نێر سالاریی لە کوردستان و ناوچەکانی دەرووبەریی کوردستان، کارتێکەریان لە گەشە و پێشکەتوویی ژنان و کچان دا، هەیە.

بەڵام دەرفەتەکان لە مێژوو دا، ئەوەمان پێ دەڵێن کە نەتەوەی کورد بەگشتی هەستی بەو کەمایەسییە کردوە، کە نەبوونی چالاکی ژنان لە بوارە جۆراجۆرەکان دا، زەرەرمەندن بۆ پێشکەوتن. بۆ نموونە دەرفەتیی زێڕینی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ دا، کە کۆمەڵگای سیاسی کوردی ئەوکاتی بە قەناعەتە گەیاند ، پەیڕەوی لە بەرنامەیەکی سەردەمیانە بکا تا ویست و داخوازییەکانی ژنان تایبەت بەخۆیان بێنەگۆڕ،لە ژێر ناوی حیزبی دێمۆکڕاتی ژنانی کوردستان (حیزبی یایانی کوردستان) بووتا ژنان و کیژان لە دەستکەوتە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دا بەشدار بن.

نووسراوە و بەڵگەکانی کۆمار ئەو ڕاستییەیان درخستوە کە ژنان و کچان ڕۆلیان لەبواری پەروەردە و ڕێکخراوەیی دا هەبوە. تەنانەت کارەساتی ڕووخاندنی کۆماریش و سەرکوتی بزووتنەوەی ئەو کاتی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نەیتوانی ئەو زەمینە زێهنییە، یا ئەو پەروەردە بنچینەییە لەنێو کۆمەڵگای کوردی دا بسرێتەوە و دەبینیین لە شۆڕشی ٥٧ دا، ژنانیش لەو دەرفەتەدا بە پێی توانایان بەشدارییان لە شۆڕش و دەستکەوتەکانی دا کرد. ڕێکخستنیان لەنێو ئەحزابی سیاسی و ڕێکخراوە سینفییەکان دا لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران تا بە ئێستا بەلگەیە بۆ ئەوراستیە.

بزوتنەوەی ژنان لە قوناغی یەکەمدا دوای شۆرشی گەلانی ئێران واتە لە دەورەی رەفسەنجانی و "گەلاڵەی سازەندەگی" ناوبراو و شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق بوو کە لەسەریەک بۆ ژنانی سێکۆلار و جیا بیر دەستکەوتێکی ئەوتۆی نەبوو و چالاکانی ئەو بەشەش بە توندی سەرکوت دەکران.

قوناغی دوویەم، دوو دەورە کابینەی خاتەمییە کە دروشمی "گەل سالاریی دینی و چاکسازی" هەڵگرتبوو. ئەوکات بە چەند هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی فەزای داخراوی سیاسیی نێوخۆیی وڵات چرژی تێکەوت کە

چالاکانی مەدەنیی و مافخواز قوستیانەوە. بەمجۆرە خێرا کۆمەڵگا لە بواری فەرهەنگی، ئەدەبی، هونەری و چاپەمەنی جموجۆڵێکی ڕێژەیی بەخۆوە بینی. لەو بارودۆخەدا ژنانیش تا ڕادەیەکی باش توانیان دووبارە بێنەوە مەیدان و خۆیان ڕێکخەنەوە. بەتایبەتی ژنانی کورد لەم قۆناغە لە ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا، لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان، لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و خوێندنگەکان گەشەی باشیان کرد و لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی ئێرانیش تا ئاستێکی بەرچاو هەماهەنگ بوون.

قۆناغی سێیەم، دوو دەورە سەرکۆماریی ئەحمەدی نەژادە کە بۆ بزووتنەوەی سێکۆلاری ژنان لە ئێران و کوردستان دەستکەوتی بەرچاوی نەبوو. لە سیستێمی دەسەڵات و کابینەکەی لە بەشی وەزارەت و ڕاوێژکاری دا، بایەخ بە ژنان لە لایەنی بناژۆخوازی نێو دەسەڵات دەدرێ، بەڵام لە بەرانبەر دا، ژنانی سێکۆلار لەگەڵ پەرەسەندی خێرای زانست و تێکنۆلۆژیی ڕایەڵە کۆمەڵایەتییەکان و لەو بەشەدا، چالاک دەبن. هەرچەند چالاکانی پرسی ژن بە توندی سەرکوت دەکران.

بە باوەڕەی من لەو دەورەیە دا، بزووتنەوەی ژنان بەرەوڕووی خەسارێکی گەورە دەبێتەوە. سەرکوتی بێبەزیانەی ١٣٨٨ (٢٠٠٩) کە گیانی " ندا آقا سلطان" و زۆر کەس لە نارەزایەتییەکان کە بە "بزووتنەوە یا شەپۆلی سەوز" ناوبانگی دەرکرد ئیستێندران، گیران و ئەشکەنجە و زندانی کران. بەڵام ئەساسی ئەو بزووتنەوەیە بە لەبەر چاوگرتنی فاکتی سەردەمیانە و ئاوگۆڕەکان لە تانوپۆی کۆمەڵایەتی و لە بیروڕای گشتیی وڵات دا، ئاسەواری فەرهەنگیی و زەمینەی زەینی دا، تا ڕادەیەک نیهادینە کرا.

لە دەرەوەی وڵاتیش ئەم ڕەوتە، ژمارەیەک لە ژنانی تاراوگەش لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە و بە شێوەی سازمانی پێوەندییەکانی دەرەوە و نێوخۆ بۆ

ئەو پرسە سەرنج ڕاکێش و کاریگەر دەکاو بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان وپەرەپێدانی تەشکیلاتی هەوڵ دەدا.

قۆناغی چوارەم، سەردەمی سەرکۆماریی حەسەنی ڕووحانییە کە بە پێچەوانەی ئەوەی خەڵک و ژنانیش چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی مەخمەلی بوون، دەرکەوت کە ئاورێک بە پێی بەڵێنییەکانی لە گرفتەکانی خەڵک و کۆمەڵگا ناداتەوە. دیارە لەم قۆناغە دا بزووتنەوەی ژنان پێوەندییەکانی لەگەڵ نێوخۆ چڕوپڕتر دەکاتەوە. باشتر و ڕێکوپێکتر لەپێشوو لە سەرهێڵ دەمێننەوە و بە ئامرازەکانی تێکنۆلۆژی دەتوانێ بەشدار و هاندەری زۆربەی نارەزایەتییەکان بن.

لە ئاکامگیری ڕەوتی ماف خوازیی ژنان لەو چوار قۆناغە دا، دەبینیین کە سەرەڕای توندترین شێوەی سەرکوت، ژنان لە بەشە کۆمەڵایەتییەکان دا، ڕۆڵی خۆیان کەم و زۆر هەر دەگێڕن و زۆر جاریش لە نارەزایەتییەکان دا پێشەنگیشن.

**قۆناغی پێنجەم ( خەباتی نوێی ژنان)**

هەروەک دەزانن شۆڕشی ژینا زیاتر لە پێنج مانگە شەقام و شارەکانی ئێران و تەنانەت دەرەوەی وڵاتیشی تەنیوە و هەوڵ دەدا، بە شێوەگەلیی جۆراوجۆر ڕەنگدانەوە و کاریگەریی لە سەر بیروڕای گشتیی هەبێ. لەو شۆڕشە دا، ژنان و کچان پێشەنگن کە بە خۆشییەوە کۆمەڵگا بە باشی هەستی بە گرینگی دەور و ڕۆڵی ژن لەو شۆڕشە دا، کردوە و دەبینیین لە سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان ئەمجارە دا، ژنان و کچان تایبەتمەندییەکی سەمبولیکیان لە شوناس و پێکهاتە و دروشمی خۆیاندا دیتۆتەوە کە توانیویەتی بیر و ڕای سیاسی و فەرهەنگی لە جیهان دا، بەدووی خۆی دا

ڕاکێشێ، و بەشێکی زۆر گرینگی ناوەندی بڕیاردەری وڵاتانی هێناوەتە سەر هێڵ.

ئەم شۆڕشە پێناسەیەکی تایبەتی لە خۆی گرتوە کە بۆتە هۆکارێک کە دروشمێکی گونجاو و کاریگەریی لێ بخولقێت، "ژن ژیان ئازادی" کە هەوێنی ئەم شۆڕشەیە؛

بێگومان بە هەڵکەوت نەبوە، بەڵکوو پێوەندی هەیە بە پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەو پاشخانەی زوڵم و هەڵاواردنی نیزامی دەسەڵاتدار بەسەر ڕەگەزێک دا، دایسەپاندوە و بە هەموو شێوەیەک پێشی لێگیراوە تا تێکەڵ بە ڕەوتی نوێ و پێشکەوتن نەبێ.

بەڵام بەپێچەوانەی هەموو بەربەستەکانی نیزام، ژنان بوێرانە و هوشیارانە هەلەکە دەقوازنەوەو دەستپێشخەریی لە راپەڕین دەکەنو ویستە پەنگ‌خواردووەکانیان تێکەڵ بە دەنگ و درووشمەکانی شەقام دەکەن و دەبن بە پێشەنگی ئەم سەرهەڵدانە.

گرینگی ئەو شۆڕشە و کاردانەوەکەی لە دنیای دەرەوە و پێویست بوونی پشتیوانانی زۆرتر لە و شۆڕشە بە بڕوای من دەگەڕێتەوە بۆ داوایەک یا هاوارێکی دادپەروەرانە و عەداڵەت خوازانە بەو مانایە کە ئەو ڕەگەزە، بەدرێژایی مێژوو لەو نیزامە  لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگاکانی ئێران دا، لە زۆر بوار دا چەوساوەتەوە و فاکتی سەرەکیی ئەو چەوسانەوەیە، یاسای بنچینەیی لەسەر ویست و ڕۆڵی ژن، لە ژیانی کۆمەڵگا دا.

هەربۆیە یەکرێزی  ژنان و پیاوانی پێشکەتوو، بە هەموو جیاوازییە، سیاسی، فەرهەنگی، ئیدئۆلۆژی و بیروبۆچوونەکانی تایبەت بە خۆیان لە رەدەی جوغرافیای سیاسی ئێران دا، توانی بیروڕای گشتیی ژنانی جیهانی بەدوادا بێ.

چونکە ئەو ویستە لەرووی پەسندی ڕێکخراوی مافی مرۆڤە و زۆربەی کۆڤانسیۆنەکانی مافی مرۆڤ دا، داخوازیەکی ڕەوا و سەردەمیانەیە. هەرچەند دروست نییە ئەو شۆڕشە موتڵەق بکەینەوە بە پرسی ژن، سەرەڕای ئەوەی بە شانازییەوە دەڵێم: چەخماغە شۆڕشەکە ژنانە بوو و پێداگریی دەکەم لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی ژن بۆ بەردەوامیان لە خۆپێشاندانەکان لە بە ئەنجام گەیاندنی ویستەکانیانە کە بە پێی تەمەنی خەباتی گەلانی ئێران، ئەوە یەکەمین جارە کە مەجالێک دەرخسێ تا بتوانن کاریگەریی لەسەر داخوازییەکانی نەتەواوەتی، کۆمەڵایەتیی و سیاسی‌یان هەبێ.

شۆرشی ژینا ئەم راستیەی دەرخست کە ژنان لە کۆماری ئیسلامیدا دەردێکی هاوبەشیشیان هەیە، و بێ جیاوازی نەتەوەیی، ئیتنیکی و مەزهەبی، بەریوەچوونی ئاپارتایدی جنسی یە کە لە یاساکانی شەرع سەرچاوەی گرتوە و لە لایەن رژیمی دەسهەلاتدار لە ئێران بەریوە دەچی و هەربۆیە تا گۆرینی رژیمی کۆماری ئیسلامی و هاتنە سەرکاری رێژیمێکی سکۆلار و دێمۆکراتیک ، ئاسۆیەکی روون و گەش بۆ مافی یەکسانی ژن و پیاو بەدەی ناکرێ.

من پێموایە ژنان ئەو هێز و پتانسێلەیان هەیە کە لە هەموو بازنەکانی سیاسی و دیپلۆماسی، کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی نەقشیان بەسەر ئەو ڕەوتە دا، زیاتر بێ و ڕەنگدانەوەی هەبێ. پێویستە پەیامی سێلێبریتی و هونەرمەندەکانی جیهانی، ئەندامانی پارڵمان و بڕیارەکانی دیپلۆماسی و ئابووریی دەرەوە، و لە هەمووان گرینگتر بەردەوامی شێلگیری شەقام و کۆمەڵگا بۆ بە ئامانج گەیاندنی ئەو شۆڕشە، کە تێکۆشان بۆ ئازادی، بەرانبەریی و کۆمەڵگایەکی دێمۆکڕاتیک و یەکسانە، بە جیددی وەربگیرێن.

دەتوانم بڵێم بەخۆشییەوە کۆمەڵگا بەگشتی هەستی بە زەروورەتی ئەو ئاڵۆگۆڕە کردەوە کە دەبێ لە ئێران بێتە ئاراوە. ژنان لەو کۆمەڵگایەدا و

بەتایبەتی لەو شۆڕشە دا، سوکان بەدەستن و ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕن و بوێرانە سەرەڕای هەموو هەزینە قورسەکان کە تا ئێستا لەو پێناوە دا بەخشیویانە، ماونەتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە فۆرم و شێوەی جۆراوجۆر، پەیامی خۆڕاگریی و بەردەوامبوونیان دەگەینن●

۱۵ ی مارسی ۲۰۲۳

بەرانبەر بە ۲۴ ی ڕەشەممەی ۱۴۰۱



# شۆڕشێکی مۆدێرن بە ڕێبەرایەتیی ژنان

کوێستان بابایی

**پێشەکی**

بەدرێژایی مێژووی کۆن و نوێی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەرهەڵدان و ڕێبەرایەتی بەدەست پیاوانەوە بووە. بەشداری ژنان سنووردار بووە و کاریگەریی بەرچاویان کەمتربووە، بۆیەش لە ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکاندا کاراکتێری سەرەکی نەبوون. بەچاوخشاندنێکی خێرا بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان دا بۆمان دەردەکەوێ کە ژنانی کورد هەر لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوە هاندراون و هاتوونەنێو کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان، بە ناردنیان بۆ خوێندن و دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بەژنان حێزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان و دواتر یەکیەتیی ژنان. کەمێک دوورتریش بڕۆین ژنانی کورد هەمووکات هاوکاری پیاوان بوون لە ڕاپەڕاندنی ئەرک و کاری ڕۆژانە بۆ بژێوی ژیان و خۆ بەڕێوەبردن لە مووچە و مەزراکان و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، کە پیشەی سەرەکی زۆرینەی خەلکی ئەوکات بوون.

ژنانی کورد بەگوێرەی پێشینەی بەشدارییان لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی دا، هەمووکات دەرفەتی هاتنە مەیدان  و بەشداری‌یان لە کایە

کۆمەڵایەتی‌یەکاندا هەبووە، بۆیە دەبینین لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبەکانی کوردستان دا بەرچاون، لەهەمانکاتدا هەرچەند زۆرکەم و زۆر لەخوار ئاستی پێویستدا بەڵام لە ڕێبەریی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانیش دا بەشدارن. بەدڵنیایی‌یەوە ئەگەر دەرفەتی زیاتر هەبا بێگومان ژنان زیاتر دەهاتنە مەیدانی کاروتێکۆشان و کایە سیاسی و ئابووری‌یەکانەوە. کاتێک باسی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە سەرەڕای هێندێک داب‌ونەریتی کۆمەڵایەتیی ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوونی ژنان، دەسەڵاتێکی مەزهەبی لەسەرکارە کە ئەویش دەرفەتەکانی ژنانی هێندەی دیکە سنووردارتر کردووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەهۆی کراوەیی ڕێژەیی کۆمەڵگای کوردستان و بەرەوپێشچوونی ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگا، ژمارەی کچان و ژنانی خوێندەوار زیادی کردووە و بەخۆشیەوە ژمارەیەکی زۆری کچان و ژنان خوێندەوارن و پلەی خوێندنی ئاکادێمی بەرزیشیان هەیە. بێگومان ئەمەش بە شێوەیەکی گشتیی کاریگەریی هەیە لەسەر گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەڵگا بەگشتیی و پیاوان بەتایبەتی بۆ تواناکانی ژنان لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا لەهەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی دا.

**شۆڕشی ژینا**

بەدوای کوشتنی ژینا ئەمینی‌دا، سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگیانەی بەهۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی‌یەوە لەبەردەم خەباتی ژنان دا هەن، ژنانی کورد بوونە پێشەنگی ڕاپەرینێکی مۆدێرن و سەردەمیانەی خەڵکی کوردستان و ئێرانیش. خەڵکی ئێران بەگشتیی و کوردستان بەتایبەتیی لە کۆماری ئیسلامی بێزاربوون و لەهەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن بۆئەوەی

ئەم نارەزایەتی‌یە بە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنن. مەرگی ژینا بوو بەدەسپێکی شۆڕشێکی سەرتاسەری لە کوردستان و زۆربەی شارەکانی ئێرانیشی گرتەوە. بێگوومان هۆکاری ئەم ڕاپەڕینە تەنها کوشتنی بە ناهەقی ژینا نەبوو، بەڵکو ئەم تاوانە بوو بەهۆکاری سەرەکی دەسپێکردنی ئەم ڕاپەڕینە. لەهەمانکاتدا پشتیوانی بەشەکانی دیکەی ئێران هەمان ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی نەبوو، بەڵام بە ئیلهام وەرگرتن لە ئازایەتیی ژنانی کورد و پشتیوانی بێوێنەی پیاوانی کوردستان، ئەوانیش کەوتنە جووڵە.

**<u>شۆڕشێکی ژنانە</u>**

جیاوازی ڕاپەڕینی ژن، ژیان ئازادی "شۆڕشی ژینا" لەوەدایە کە ژنان ڕێبەریی ئەم شۆڕشەیان کردوو و پیاوانیش بوونە پشتیوانیان و نەیانویست جڵەوی شۆڕشەکە بگرنە دەست، بەڵکو بوونە بزوێنەر و پشتیوانی. ئەم شۆڕشە سەرەتای قۆناغێکی تازەیە لە خەبات بەدژی دیکتاتۆریی لە ناوچەکەدا. فراوانی مانا و تێگەیشتنی دروشمی "ژن، ژیان ئازادی" کە باس لەتوانایی و کاریگەری ڕۆڵی ژنان دەکا لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلانی ئازادیخوازدا بەرامبەر بە دیکتاتۆری، نادادپەروەری جێندەری، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی. ژنان و پیاوانی ئێرانیشی هێنایە مەیدان. بێگومان، بەشداری‌یەکی سنووردار و لە پێشدا هەر بەپشتیوانی لە خەڵکی کوردستان و لەلایەن کوردەکانی دانیشتووی شارە جیاوازەکانی ئێرانەوە بوو و دواتر ڕێژەیەکی زیاتری خەڵک بەشداربوون و دروشمەکانی خەڵکی ڕاپەڕیویش گۆڕانیان بەسەردا هات و زیاتر جەختیان لەسەر کۆتایی هێنان بە سیستێم و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی کردەوە. یەکێک لە دروشمەکانی خەڵکی ئێران بریتیی بوو لە "کوردستان چشم و چراغ ایران" کە بەڵگەیە بۆ

هاوپێوەندی گەلانی ئێران و خاوەندارێتی کوردستان لە سەرهەڵدان و دەسپێکردنی ئەم شۆڕشە.

بەهۆی ئازایەتیی ژنان و پیاوان کە بەدەستی بەتاڵەوە بەرامبەر یەکێک لە دڕندەترین و دواکەوتووترین ڕێژیمەکانی جیهان و ناوچەدا چوونەوە و لە مردن، زیندان و ئازار و ئەشکەنجە نەدەترسان. هەر زوو شۆڕشەکە پشیتیوانیەکی بەرینی نێونەتەوەیی بۆدروست بوو. ڕاستە نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکان و خەڵکیش لەدەرەوەی وڵات هەوڵی زۆریان دا و لە ڕاستای کۆکردنەوەی دۆست و پشتیوان بۆ ئەم شۆڕشە تێکۆشاون.

## شۆڕشێ ژینا لە چەند بواردا مایەی سەرنج و لێوردبوونەوەیە

**<u>فێمێنیزم</u>**

بەبێ ئەوەی باسێک لە فێمێنیزم لەگۆڕێدا هەبێ سیمبۆلێکی فێمێنیستی وەرگرت و لە دنیاشدا لە پێشدا ژنان پشتیوانیان لێکرد "بەبڕێنی پرچەکانیان، لەکۆبوونەوە و بۆنە جیاوازەکاندا" و دواتر بەشێکی زۆری خەڵکی دنیاش کە بانگەواز و دەنگی ئەم شۆڕشەیان پێگەیشت و لەمانا و بنەماکانی تێگەیشتن. هەربەم هۆیەوە پشتیوانیی‌یەکی بەرینی نێونەتەوەیی بۆ ئەم شۆڕشە بینرا.

**<u>ئازایەتیی و بوێری</u>**

خاڵێکی دیکەی مایەی سەرنجی ئەم ڕاپەڕینە، سەرەڕای ئەوەی کە بەداخەوە تێچووی گیانیی زۆربووە و لەنێویاندا ژمارەیەکی زۆری ژنان، لاوان و مێرمندالانیش بوونە قوربانی. خەڵکی زۆر لە زیندانەکاندانو بە دڕندانەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن. دایکان، باوکان و کەس و

کاری قوربانیانی ئەم شۆڕشە لەبری شین و گریان! وتاری نەتەوەیی و نیشتیمانی پێشکەش دەکەن، وره و هێز و توانا دەدەنە بەر لاوان و بزوێنەرانی ئەم شۆڕشە و داوای بەردەوامی و سارد نەبوونەوەی ئەم شۆڕشە دەکەن، دایکانی جگەرسوتاوو داوادەکەن تۆڵەی جگەرگۆشەکانیان بکرێتەوە و ئەم شۆڕشە تاسەرکەوتن بەردەوامبێ.

**رۆڵی ژنان لە ڕێبەرایەتیی شۆڕش دا**

پیاوان شانازی بە بەشداری لەم شۆڕشەدا دەکەن و هیچ کێشەیەکیان نی‌یە لەگەڵ ئەوەی کە، ژنان بەرپرس و ڕێبەریانن. ژنان بەهێزتر و بەوەرەتر دەردەکەون و ئازایانە بەگژ بەکرێگیراوانی دەوڵەتدا دەچنەوە و ناترسن، ئەوان پێشەنگ و ڕێکخەری ڕێپێوانەکانن و ئەم پێشڕەوی‌یە لە ئامادەکاری و بەڕێوەبردنی خۆنیشاندانەکانی دەرەوەی وڵاتیش دا بەرچاوە.

**یەکێتی و یەکڕیزی، نێوان گەلانی ئێران**

ئێران وڵاتێکی فرەتەوەیە و بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و نەتەوەی باڵادەستەوە چەوسێندراونەوە و مافەکانیان پێشێلکراوە، شۆڕشی ژینا هاوپێوەندی نێوان گەلانی ئێرانی بەهێزترکرد و یەکیەتیی نێوان گەلانی ئێرانی وەکوو یەکێک لە بەهێزترین ئامرازەکانی سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا بەرجەستەتر کردەوە.

**شۆڕشی خەڵک**

خاڵێکی دیکەی گرینگی ئەم شۆڕشە بریتی‌یە لەوەی کە خەڵک بۆخۆیان بزوێنەر و ڕێبەری شۆڕشن و هیچ هێز و ڕێکخستنێکی سیاسی بزوێنەر و

ڕێکخەرنی‌یە. هەموو هێز و لایەنەکان هاتوونە ژێر سێبەری ویستی خەڵک و لەگەڵ شەپۆلی نارەزایەتی‌یەکانی خەڵکدا خۆیان دەگونجێنن و بەگوێرەی ویستی خەڵک و ڕاپەڕینەکەیان هاتوونە نێو شۆڕشەکە. ئەمەش لەزۆربواردا جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ سەرهەڵدان و شۆڕشەکانی پێشووتر دا، کە هێز و کەسایەتی دیاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕێبەر و بزوێنەری خەڵک بوون، لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵەکان پێچەوانە بوونەوە.

## ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی

شۆڕشی ژینا لە قۆناغی نارەزایەتیی بەرامبەر دەسەڵات تێپەڕیوە و بەدوای ئاڵتێرناتیڤی دێموکرات و دادپەروەرانەدا دەگەڕێ، سەرەڕای تێچووی زۆری گیانی، ئەم شۆڕشە تا ئێستاش بەردەوامە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی سنووردار بوونی پشتیوانی نێونەتەوەیی و نارێکی ڕیزەکانی ئۆپۆزیسێۆنی سیاسی کۆماری ئیسلامی، ئاسۆی ئامانجی سەرەکی ئەم شۆڕشە کە تێکەوە پێچانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی چەوسێنەرانە و دواکەوتوانەی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش ناڕوونە. ئەگەر ئالتێرناتیڤێکی هەمولا پەسەند هەبا بێگوومان هەنگاوەکانی ئەم شۆڕشە بەرەو سەرکەووتن زۆر خێراتردەبوون.

## دەسکەوتەکانی تا ئێستای ئەم شۆڕشە بریتین لە:

- خەڵکی ئێران بەگشتیی بەم ئاکامە گەیشتوون کە دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جێگای خۆی بدا بە دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و دادپەروەرانە کە ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرێ و ماف و ئازادی‌یەکانی گەلانی ئێران پارێزراو و ڕێزلێگیراوبن.

- خەڵکی ئێران بەیەکیەتیی و یەکڕیزی خۆیان دەتوانن کۆتایی بەم دەسەڵاتە بهێنن و ئەگەر یەکگرتووبن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ئەم ڕێژیمە ناتوانن لەبەرامبەریان دا ڕاوەستن.
- تابۆی ڕەهبەر و ئیمامی زەمانیان شکاند و خەڵک پڕ بە شەقامەکان هاواردەکەن، مردن بۆ ڕەهبەر و سیستێمی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتیی فەقیێ لە تەواویەتی خۆیدا رەتدەکەنەوە.
- کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دیتیان کە خەڵکی ئێران دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی‌یان ناوێ و لەلایەکی دیکەوە دیتیان کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چەندە دڕندە و لەهەمانکاتدا لەرزۆکە.
- دەسکەوتێکی دیکەی گرینگی ئەم شۆڕشە ئەوەیە کە خەڵک ئازادی و دێموکراسیان دەوێ، خەڵک لەگەڵ ئەوەی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی‌یان ناوێ، ناشیانهەوێ بگەڕێنەوە بۆ سیستێمی پێشتر تاقیکراوە و ڕووخێنراوی پاشایەتیی. خەڵک خوازیاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و سێکولارن.

**<u>ئەرکی ئێستامان بۆ بەردەوام هێشتنەوەی شۆڕشی ژینا و بەئاکام گەیاندنی</u>**

خەڵکی کوردستان و ئێران بەڕوونی پەیامی خۆیان بەهەموو لایەک ڕاگەیاند، کە ئەوان ئەم ڕێژیمەیان ناوێ. بەهەموولایەکیان ڕاگەیاند کە ئەوان یەکگرتوو و یەکدەنگن، دەسەڵاتی داهاتوو دەبێ ڕەنگدانەوەی هەموو دەنگ و ڕەگەکان بێ. ئێستا ئەرکی نوخبە و ئوپۆزیزسیۆنی ڕێکخراوی کورد و ئێرانیی‌یە کە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دروست بکەن و نەخشە ڕێگای سەرلەنوێ دروستکردنەوەی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەویی بیننە بەرباس و بەوردی پێناسەی بکەن. لەهەموو

شتێک گرینگتر ئەوەیە کە نوێنەرانی هەموو نەتەوە جیاوازەکانی ئێران لەدەوری یەک کۆببنەوە و بەرنامە و پلانی هەموولا پەسەند بۆ سیستێم و دەسەڵاتی دوای کۆماری ئیسلامی دابڕێژن.

به بڕوای من، هێزە سیاسی‌یە کوردستانی‌یەکان دەبێ هەرچی زووتر، خۆیان لە بەرەیەکی سیاسی‌دا ڕێکبخەن و ببنە خاوەنی یەک گوتاری سیاسی، ڕوو بە ئێرانی‌یەکان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیش. هیچ هێز و دەسەڵاتێک ناتوانێ ئارامی و ئاسایش لە ئێران و کوردستان‌دا دابین بکا، ئەگەر ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان لەبەرنامەی سیاسی و پلانی بەڕێوەبەریی خۆیدا نەگونجێنێ، ئەمە دەبێ خاڵی سەرەکی بڕوای ئێمە و بنەمای وتووێژی ئێمەبێ لەگەڵ هەموو لایانەکانی دیکەی ئۆپۆزیسێۆنی ئێرانی و نوێنەرانی گەلانی ئێران.

## کۆتایی

لە کۆتایی دا دەمەوێ بڵێم، سەربەرزم کە ژنانی وڵاتی من پێشەنگایەتیی شۆڕشی وڵاتێکی فرەنەتەوەی وەک ئێران دەکەن، دڵنیام ئەم شۆڕشە درەنگ یان زوو بەئاکام دەگا و شۆڕشی ژینا دەبێتە خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان لە ڕەوتی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەستی دیکتاتۆری. شۆڕشی ژینا دەبێتە پێناسە بۆ خەباتی ئازادی و یەکسانیخوازی گەلانی ناوچەکە و جیهانیش. دلنیام شۆڕشە دەبێتە بابتێکی گرینگی ناوەندە ئاکادێمی‌یەکانی زانستی سیاسی و مرۆڤایەتیی●



# شۆڕشی ژیناو دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"

گەلاوێژ محەممەدی

ئەو ڕاپەرینە و ئەو هەموو نارەزایەتی کە ئێستا لە ئێران بە گشتی و ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەت هەیە ئایا دەتوانین ناوی شۆڕشی ژینای لێ بنێن؟ من پێم وایە بەڵێ بە چەند هۆ/ ئارگۆمێنتەوەر دەتوانین بڵێن ئەو شۆڕشە وەک، " شۆڕشی ژینا و دروشمی ژن- ژیان- ئازادی" بۆ نارەزاییی دەربڕین بەرانبەر بە نارەوا کوژرانی ژینا بە دەستی پارێزەرانی یاسای دژە ژن لە ڕژیمی ئیسلامیی ئێران، وە بە پشت بەستن بە ئەزموونی ساڵها خەبات و تێکۆشان بەرانبەر بە سەرکوت و پێشێلکردنی مافەکانی ژنان بە دەستی ئەو حکوومەتە جینایەتکارە دەستی پێ کرد. کەواتە پێشەکی بۆ سەلماندی ئەوەی کە ئەو نارزایەتیانە دەچنە ناو چوارچێوەی شۆڕشەوە با بزانینی پێناسەی شۆڕش چییە؟

وەک وشە شۆڕش بە مانی گەڕانەوە لە دۆخێک ڕا بۆ دۆخێکی دیکە، ئاڵوگۆڕ، یان گۆڕانێکە یان دەتوانین بڵێن دەکرێت بە "گۆڕانێکی کوالیتی" هەژمار بکرێت. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین هەڵگەڕانەوە و گەشەکردن.

له کۆمەڵناسیدا بە واتای گەڕانەوە بۆ دۆخێکی باش، دۆخێکی پرشنگدار یان گەڕانەوە بۆ ئازادی ونبوو، کە بەداخەوە بە درێژایی مێژوو ئێمە کورد بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەت ئەو ئازادییەمان لێ زەوت کراو. ژنان لە ئێران ساڵهایە لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن و بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکرێن. ژنان لە کوردستان تەنها لەبەر ڕەگەزیان تووشی هەڵاواردن نەبوون و بەڵکوو بەردەوام تووشی ستەمی نەتەوەییش بوون، کە هەموو ئەوانەش کاریگەرییان لەسەر دۆخی ژیانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ژندا هەبووە و هەیە، تەنانەت لەسەر هەست و کەسایەتیشیان وەک مرۆڤێک کارلێکەریان هەبووە.

کاتێک بیرمەندان لە شۆڕشی فەرەنسادا باسی مافی سەربەخۆیی گەلان و گۆڕینی باری گوزەرانی جەماوەر بە دەستی خۆیان و ... هتدی دەکرد کە هەرگیز پێشتر بوونی نەبووە، کۆمەڵناسان و فەیلەسووفان دەستەواژەی شۆڕشیان هێناگۆڕی و بەو شێوەیە پێناسەیان کرد کە شۆڕش واتە" گۆڕینی سروشتی شتێک." پێناسەی وشەی شۆڕش لە زاراوەی جیهانیدا هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوە یان ڕووخاندنی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، بۆ دروست کردنی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەموو دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراویەکاندا لە چوار چێوەی ئامانجێکی دیاریکراودا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسان هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی جەماوەری کە ببێتە هۆی چاکسازی کۆمەڵایەتی گەورە یان پرۆسەی وەرچەرخان خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە.

کەواتە بە پێی ئەو پێناسەیە لە شۆڕش دەتوانم بڵێیم، بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو خەباتە هەمیشەییە ژنانی کورد بەرانبەر بە هەموو ئەو زوڵمانە، بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشنبیریان و ئاشنابوونی زیاتریان بە

مافەکانیان، ژنان بوێرانە هاتنە ڕیزی پێشەوەی خەبات و بێدەنگیان شکاند. ژنان هەر لە ڕۆژی ناشتنی تەرمی ژینا لە گۆڕستانی شاری سەقز لە چوارچێوەی شۆڕشێک بە ناوی "شۆڕشی ژینا و بە دروشمی ژن ژیان ئازادی" لەچکەکانیان فڕێ دا و دەنگی نارەزایەتیان هەڵبری. ئەو بێدەنگی شکاندنەی ژنانی کورد بووە بە چەخماخەیەک بۆ نارەزایەتییەکانی هەموو چین و توێژەکان و هەموو ستەملێکراوەکان لە سەراسەری ئێراندا. لە ڕاستیدا ژنانی کورد و بزوتنەوەکە بوونە چرای ڕێنوێنی ئەم شۆڕشە. بوونی ژنان بە ویستی پێشکەوتووانەوە کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی شۆڕشەکە و دروشمەکان و داواکارییەکان دانا، بۆیە زۆر جار باس لەوە ئەکرێ کە ڕاپەڕینی ئەم جارە شۆڕشێکی زۆر بێ وێنەیە و بە دڵنیایەوە هەتا ڕووخانی ئەو ڕژیمە توتالیتارەی ئیسلامی ئێران بەردەوام دەبێت، ئەگەر بەرزو و نزمیشی هەبێت.

دەکرێت داواکاری و بنەماکانی ئەو شۆڕشە بە مانای یەکلاکەرەوەی خۆی وەک ئامرازێک بۆ گۆڕینی بناغەی سیستەمی ڕژیمی ئیسلامی ئێران و تێکشەکاندنی دەسەڵاتی وەلی فەقییە لە قەڵەم بدرێت. شۆڕشە گەورەکان ئەو شۆڕشانەن کە گۆڕانکاریی بنەڕەتیان لە حوکمڕانی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وڵاتێک یان کۆمەڵگایەکدا پێکهێناوە. بەدڵنیایەوە شۆڕشی ژیناش یەکێکە لەو شۆڕشە گەورانە کە هەموو جیهان باسی دەکات و بەهیوای زوو گەیشتن بە لوتکەی ئامانجەکانی.

ئەگەر لەم شۆڕشە یان هەر شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا لایەنەکان و تاکەکانی بەشدار تەنها هەوڵەکەیان ئەوە بێت کە ببنە خاوەنی دروشمەکان و ناویان دەرکەوێ و نەتوانن لەتەک ناوەرۆکی ئەو شۆڕشەکەدا بێنەوە و هەوڵ بۆ ڕادیکاڵ کردنەوە و پێشکەتووترکردنی شۆڕشەکە و دروشمەکانی بدەن لە کۆتاییدا هەم شۆڕشەکە لەبواری کاتەوە وەدواوە

دەکەویت و هەم تاک و لایەنەکان قازانجێکی لێ ناکەن. نابێ بیرمان بچێ هیچ کەس بە بیری باوکسالاری ناتوانێ خۆی بکاتە خاوەنی ئەو شۆڕشە چونکە دروشم و خواستەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەتەک فیکری ئەو کەسانە نایەتەوە کە هەڵگری بیری سەپێندراوی باوک یان پیاوسالار بن. لە ڕاستیدا هەر تاک و لایەنێک هەوڵ بۆ خۆ بە خاوەنکردن و داگیرکردنی شۆڕشەکە بدا، بێگومان هەڵگری بیری تایبەتمەندییەکانی سیستەمی باوکسالارە. بۆیە تێگەیشتن لە ناوەرۆکی دروشمەکە یەکەمین هەنگاوە کە هەموو تاک و لایەنەکان ئەبێ هەڵیگرن.

ئەم شۆڕشە، بزووتنەوەیەکی گشتگیرە و ژنانێکی چالاک، کارامە و شوێندانەر ئەتوانن تێدا دەرکەون کە خاوەنی هزر، جەستە و بڕیاری خۆیان بن و بیسەلمێنن کە هەڵگری ئەو پێناسەیە نینە کە کۆمەڵگای باوک/ پیاوسالار بە درێژاییی مێژوو بۆیانی دیاری کردووە. هەموو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو پێویستی بە توانای گشت تاکەکان هەیە و تاکی کۆیلە و ژێردەستە ناتوانێ بۆ گەشەدان بە کۆمەڵگا کارتێکەری هەبێت. ئەم شۆڕشە هەوڵێکی هەمەلایەنەیە، بۆ لەناوبردنی سیستمێکی توتالیتار وەک ڕژیمی ئیسلامی ئێران کە مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان و کەمینەکانی بە تایبەت نەپاراستووە، حکوومەتێک کە تا سەر ئێسقان هەڵگری بیری پیاوسالاری و دژە مافی مرۆڤ بووە. ئەرکی یەکسانیخوازان و هەموو مرۆڤە پێشکەوتنخوازەکانە کە پارێزگاری لە ناوەڕۆکی مافی ژنان و ئەو شۆڕشە بکەن و هەوڵی بەهێزکردنی بدەن. نابێ ڕێگە بدرێ لە ژێر هیچ پاساوێکدا پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگا وەکوو مافی ژنان پەراوێز بخرێن .

کاتێک تماشای ناوەرۆکی بزووتنەوەکە و دروشمەکان و گۆڕانگارییەکان لە سەرەتای شۆڕشەکە تا ئەمڕۆ دەکەین هەموو شتێک وا نیشان ئەدەن کە

شۆڕشی ژینا لە بواری یەکسانیخوازییەوە وەکوو زۆر بواری دیکە پڕ دەسکەوت بووە و هەر لەم ماوە کورت و پڕ ئازار و قوربانییەدا هەوڵی جددی بۆ گۆڕانگاری لە فۆرم و کولتووری زاڵی نایەکسانی دراوە. بۆ نموونە لە چلەی ژینا کاتێک لە سەقز کچان و کوڕان بە دەست لەناو دەستی یەکتر بەشدار بوون، هیچ کەس وەک جاران نەی ئەتوانی رەخنەیان لێ بگرێ و بەریان پێ بگرێ. ئێستا زۆرێک لە ژنانی ڕۆژهەڵات هەست بەو ترسە کە بە درێژایی مێژووی ئەو ڕژیمە لە دەرەوەی ماڵەکانیان لەسەریان بووە ناکەن و ئەمە ئەکرێ بە سەرەتای شۆڕشێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێ.

ژنانی ئێران بەگشتی و ژنانی ئازای کوردستان بەتایبەتی هاوکات لەتەک بەشدارییان لە شۆڕش لە دژی حکوومەتی دیکتاتۆر و داگیرکەری ڕژیمی ئیسلامیی ئێران وەکوو نوێنەری بیرە دواکەوتوو و دژە ژن، شەڕیان لەتەک سیستمی باوکسالار کردووە کە مێژووەکەی لە حکوومەتی ئێران کۆنترە. بیرمان نەچێت کە هاوکات لەتەک هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی حکوومەتێکی دیکتاتۆری مرۆڤ کوژ و داگیرکەر دەکرێ و دەبێ پێکەوە و بە هەوڵی بەردەوامی هەموو یەکسانیخوازەکان و ئەو کەسانەی باوەڕیان بە یەکسانی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیان هەیە، پەرەپێدەری شۆڕشێکی بەردەوام بین بۆ دانانی بناغەی کۆمەڵگایەکی تەندرووست و یەکسان کە مافی هەمووان وەک یەک تیایدا پارێزراو بێت. بە هیوای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی و کەسایەتیمان وەک ژنی کورد●

نۆروێژ

٨.٠٢.٢٠٢٣



# ئالنگارییەکانی بەردەم بزووتنەوە "شۆڕش"ی ژینا

مۆژگان عەلیپوور

"ژن ژیان ئازادی" ئەو هاوارەی کە لەکاتی ناشـــتنی ژینا کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە دروشمێکی زۆر زوو گشتگیر، زۆری پێنەچوو بوو بە مانیفێستێکی شۆڕشگێڕانە بۆ خەڵکانی ڕاپەڕیوی سەر شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرانسەریی لە ئێران.

پاش تێپەڕینی زیاتر لە ٦ مانگ لەو ســـەرهەڵدان و شـــۆڕشـــە کە لە ئاستی جیهانیش پێشوازیی و پشتیوانی لێکرا، تا ئێستاش بەشێوەی جیاواز و بە فۆڕمێکی دیکە بە بەرئاورد لەگەڵ پێشـــوو لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی، پتر نارەزایەتیی و مان گرتن دا، بە شـــێوەی دوورگە (جەزیرە)یی بەردەوامە.

بەڵام کۆمەڵێک ئاســـتەنگ وایانکردوە کە ئەو بزووتنەوە و شـــۆڕشـــە جۆرێک کەم ڕەنگی و جۆرێکیش بەرەو بەلارێدابردنی دەچێ. لە ســـێ چوارمانگی ســـەرەتایی بەڕێوەچوونی نارەزاییەتییەکان قورســـایی پترلەســـەر زۆربەی شار، شارۆچکە و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بلووچستان بوو و تێچوونییەکی زۆریان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران داوە. واتە نەبوونی هاوســـەنگیی ناوچەکانی دیکەی ئێران یەکێک لە گەورەترین

ئالەنگارییەکان بووە. هەرچەند لە تاران و شـــــارە گەورەکانی دیکە لە زانکۆکان مانگرتن و نارەزایەتییەکان بەربەرین بوون و نارەزایەتی گەلێکی گرینگ لە شـــەقام و ســـاڵۆنەکانی خواردەمەنی و شـــوێنی کۆبوونەوەکان ئەنجام دران، کە ئەوانیش جۆرێک ئەرک وەخۆ گری بوون و کاریگەری زۆر باشیان هەبوو.

پێویستە ئاماژە بە نوێژی هەینی بەلووچستان وەک مەیدانێکی بەهێزی شـۆرش و خوتبەکانی بەرێز مەولەوی عەبدولحەمید وەکوو بەشـێکی دیکە لە دەنگی زوڵاڵی ســـیاســـی، فەرهەنگیی، کۆمەڵایەتیی و تەنانەت ئایینی پەراوێزخراوی گەلانی ماف پێشێل کراو بکەین کە ئێستاشی لەگەڵ دا بێ خەڵکی ئازادیخوازی بەلووچ بە ژن و پیاوەوە، پاش نوێژی هەینی دەرژنەوە سەرشەقامەکان دروشمی "ژن ژیان ئازادی" و مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر دەڵێنەوە و ڕووبەڕووی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەبنەوە.

لە ئێســـتادا نەبوونی ڕێبەری، ئەو بزووتنەوەیەی تووشـــی جۆرێک لە قەیرانی بەڕێوەبردن کردووە. ئەگەر ســـەرەتـا نەبوونی ڕێبەریی خـاڵی بەهێزی ئەو ڕاپەڕینە دەبینرا، ئێســـتـا دەتوانێ خـاڵی لاواز بێ. نەبوونی پێوەندی پتەو و بەردەوام بۆ بەڕێوەبردن لە ئاســـتی نێوخۆیی و دەرەوە دا، کاریگەریی نەرێنی لەســەر بەردەوامی و بەربەرینی ئەو شـۆڕشــە لە نێوخۆ داناوە.

لە ڕەوتی مەنشـوورەکان، ئاڵتێرناتیڤ سازی و پێکهێنانی هاوپەیمانیی لە نێوان هێز و کەسایەتییە سیاسییەکان لە دەرەوەی وڵات، و پاش هەوڵەکانی نەتەوەخوازە تەواوییەت خوازە فارســەکان، کۆبوونەوەی زانســتگەی جورج تاونی ئەمریکا، کە لە کۆمەڵێک کەسـایەتیی سـیاسـی، مافناس، هەواڵنێر و سـلیبریتی جیاوازبیر پێک هاتبوو، ناکۆکیی لێکەوتەوە. بەتایبەتی بەشـداریی

لایەنێکی کوردی لە نێو ئەو کۆبوونەوە و دواتر مەنشـــووره‌کەی، نیگەرانییەکی زۆری لەنێو خەڵک بۆ داهـاتووی ئێران و ســـیســـتمی سیاسییەکەی دروست کرد.

ســـەرکوت و زەبر و زەنگ کە ناســـنامەی چەندین ســـاڵەی کۆماری ئیسلامییە و تێچووی بەشداریی لە ناڕازایەتییەکانی زۆر بەرز کردۆتەوە، بۆ پێشگرتن لە نارەزایەتییەکان، لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران ئەگەر بۆ کورت مـاوەش بێ توانیویەتیی بە گرتنی ڕێژیەکی بەرچـاو لە خەڵک و کوشـــتن و لە ســـێدارەدانی ناڕازییان و تەنانەت دەســـتدرێژی سێکسی بۆ سەر زیندانیان، دڵەڕاوەکێ لەنێو خەڵک دا، دروست بکا.

نەبوونی پشـــتیوانی دەرەکی وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی بەتـایبەت ئەمریکا و نەبوونی هەنگاوی جیددی بۆ پاشـــەکشـــە کردنی کۆماری ئیســـلامی لە جینایەتەکانی، وایکرد کە بۆ ماوەیەکی کاتی نەڕازایەتییەکان لە کزی بدەن و دەرفەت بۆ کۆماری ئیســـلامی برخســـێنن کە لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان بکەونەوە دانوســـاتان و کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرن و ئەوەش ورەیەکی بە هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی داوەتەوە.

نەبوونی هاوئاهەنگیی پێویســـت و هاوپەیمانی و یەک هەڵوێســـتی هێزە کوردییەکان، یەکی دیکە لە خاڵە لاوازەکانی ئێســـتایە. ســـەرهەڵدانی ئەو شـــۆڕشـــە لە کوردســـتانەوە و بە دروشـــمی ژن ژیان ئازادی هەموو گەلانی ئێرانی بۆ داوای ویســـــت و داخوازەکانیان تا ڕادەیەک لە دەوری یەک کۆکردەوە و چاوەڕوانی و هیوا و ئومێدەکان بە حیزبە کوردییەکان لە ئاستی هەموو ئێران دا دەبینرا. بەڵام تا ئێســـتا نەتواندراوە کە بەرەیەکی نەتەوەیی گشـــتگیر پێک بێنن کە بتوانن لە بەرانبەر پاوانخوازان (تمامیت خواهان) فارس دا، کۆ دەنگ بن.

بزووتنەوە و شـــۆڕشـــی ژینا دەســـتپێکی قۆناغی ڕووخانی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام بەپێی تێپەڕینی کات و سناریۆکانی کۆماری ئیسلامی بۆ مەهارکردنی ئەو بزووتنەوەیە، پێویســتە گوتارەکان بگۆڕدرێن تا وڵامدەری ویستە نەتەوەییەکانیش بن. دروشمی "ژن ژیان ئازادی" لە سەرانسەری ئێران، بە زمانەکانی فارســی، تورکی، بەلووچی و تورکمەنی گوترانەوە، کە نیشانەی خۆ دیتنەوە لەو مانیفێست و نەخشە ڕێگایە دایە. بەڵام ئێستا لە ئاستی سیاسی دا، هەروەک گوترا، خەریکە بە لاڕێ دا، دەبرێ و تەنیا وەک ویستی ژنان بۆ یەکسانی و ئازادی خەڵک قبووڵ دەکرێ، کە دێتە سەر پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازی بە ناوی "حفظ تمامیت ارضی" چاوپۆشی لە مەسەلە نەتەوەییەکەمان دەکرێ و دانی پێدانانرێ.

کەوایە ئەو شـێواز و فۆرمی بەرەوپێشـچوونە پێویسـتی بە ئاڵوگۆڕە و ڕێبەرایەتیی کردنی نوێی دەوێ. بە ئاماژە بە چەند خاڵی ســەرەکی وەک بەربەســتەکان بۆ بەردەوامی دەتوانیین بڵێین کە: ســەرەڕای ئەوەی لەو بزووتنەوەیە دا، تێچوویەکی زۆر دراوە، ئەگەر خاڵە لاوازەکان چارەســەر نەکرێن، تەمەنی ئەو ڕێژیمە درێژتر دەبێتەوە. پێکهێنانی هاوپەیمانی لە دەرەوەی وڵات و پێوەندی هاوئاهەنگی لەگەڵ نێوخۆ و هێنانە ســەر هێڵی کۆمەڵگەی جیهانی و پاڵپشــتی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی لەو بزووتنەوە وهەروەها بەهێز بوون و یەکگرتوویی هێزەکانی ئاڵترناتیڤ دەتوانێ دەتوانێ یارمەتیدەری باشی بەردەوامی ئەو بزووتنەوەیە بن●



# شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ گەڕاندنەوەی مێژووی دزراوی ژنان بۆ خاوەنەکانی

مەجید حەقی

بەدرێژایی مێژووی ئایین سالاری، پیاوسالاری و باوکسالاری، ژن وەک کەرەسەیەک بۆ وەدیهێنانی پێویستی پیاو بەکار هێنراوە. دواتر کە کۆمەڵگاکان شوێنی خۆیان گرتووە، ئەرکی ژن خزمەتگوزاری پیاو، زاوزێ و بوون بە کوێلە و "غەنیمەتی" شەڕ بووە. مێژوو لە بەرامبەر نیوەی دیکەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و بنەمای بوونی هەموو مرۆڤایەتی ستەمێکی گەورەی ئەنجام داوە کە ئاکامەکەی بە زیانی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی شکاوە. لەو کۆمەڵگایانەی کە پیاوسالاری حاکمە زۆرترین کێشە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان سەریان هەڵداوە. هەموو شەڕەکان بەرهەمی بیری پیاوسالاری و سیاسەتی تەنیا یەکرەهەندی بەشی دەسەڵاتداری کۆمەڵگا بوون.

مێژوو لە ژنان دزراوە، ژنان لە سەرانسەری مێژووی پیاوسالاریدا پەراویزخراون، مرۆڤایەتیان لێ ئەستێندراوە و لە ئاکامدا رۆحی گەشەکردنی مرۆڤێش لە قەفەسی کۆنەپەرەستی و پیاوسالاری ملهورانە زیندانی کراوە. مێژوو دەبێ بگەڕێتەوە سەر جێگای خۆی. خاوەن مێژووەکان دەبێ ببنە

خاوەنی مافی خۆیان و کۆمەڵگا لەو حاڵەتە ”نوقستانی“یە دەرکەوێت. کۆمەڵگایەک کە ژن تێدا خاوەنی مافی بەشداری یەکسانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی نەبێت وەک جەستەی مرۆڤێکی نوقستانی "هزری" (معلول ذهنی)یە. بۆیە لەو کۆمەڵگایانەدا شەڕ، کێشە و تەنگەژەکۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، دەست درێژی، ترس، ناهێمنی، بێبڕوایی حاکمە. لەو کۆمەڵگایانەی کە بە شێوەیەکی ڕێژەییش بیت یەکسانی نێوان ژن و پیاو مسۆگەر کراوە، گەشەکردن، ژیان خۆشەویستی، شادی و بەختەوەری و تەمەندرێژی مرۆڤ دەبیندرێت.

شۆرشی ژینا دەسپێکێکی بەهێز و واتادارە لە پێناو ئاشتی کۆمەڵایەتی و گەیشتن بە رزگاری مرۆڤی و ئەمرۆ لە هەمووکاتێک زیاتر بزاڤی سیاسی نەتەوایەتی کورد پێویستە هەوڵی جیددی و ستراتیژی بە کردەوە بدات بۆ گۆرینی رەوشی بەشداری ژنان و وەدیهێنانی یەکسانی لە بەشداری سیاسیدا. ستراتیژی ڕزگاریی نەتەوەیی بە بێ ستراتیژی هاوتەریب و هاوکات بۆ لەناو بردنی نایەکسانی مسۆگەر نابێ بۆیە دەشێ ئامانجی بزاڤە سیاسیەکان

- پەسەندکردن و جێبەجێ کردنی ئەسڵی یەکسانی زایەندی (جێندەری) لە پرۆسەکانی بڕیاردانی رێکخراوەیی بێت

- بەرەوپێش بردنی پرسی زایەندی لە هەموو سیاسەتگوزاری و کاری رێکخراوەییدا

- بەرنامەرێژی تایبەت بۆ پێشکەوتنی ژنان.

بۆ ئەم مەبەستە پێویستە لە یەکەم هەنگاو لانی کەمی رێژەی بەشداری زایەندی (جێندەر) بەرامبەر دیاری بکرێت بەوحاڵەش ئەرکی ژنان تەنیا لە بەشی خزمەتگوزاری و اروچالاکیەکانی پلە سێ و چواری کۆمەڵگادا قەتیس نەکرێتەوە.

وەدیهێنانی یەکسانی دەبێتە هۆی بەهێزبوون و چالاکتربوونی هەموو کۆمەڵگا و سەرکەوتنی بزاڤی نەتەوایەتی کورد مسۆگەرتر دەکات. لە پێناو سەرکەوتن بەسەر کێشەکاندا و بەرەو پێش بردنی دروشمەکانی یەکسانی خوازی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی دا جێی خۆیەتی ستراتێژی خوارەوە وەک بنەمای دارشتنی پلانی یەکسانی کۆمەڵایەتی لە چالاکی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا وەبەرچاو بگیرێت:

١. هەروەک چۆن شۆرشی ژن ژیان ئازادی نیشانی داوە، ژنان دینەمۆی گۆڕانکاری کۆمەڵگان، بۆیە دەبێ لە ئاستی هەرە بەرزەوە بەشداری ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردانی یەکسان لە گەل پیاوان بەزوویی جێبەجێ بکرێت و ئەم پێویستییە بۆ داهاتووی نادیار نەسپێردرێ.

٢. دانانی بەرنامەی توانابەخشی و پەروەردە بۆ مسۆگەرکردنی پرەنسیپی دەرفەتی یەکسان لە مافی یەکساندا.

٣. سەرمایەدانان لە سەر گۆڕینی هزری پیاوسالاری ناو ڕێکخراوەکان

٤. بەرەوپێش بردنی پرسی یەکسانی ژن و پیاو و پشتیوانی لە بەشداری چالاکانەیان لە هەموو ئاستەکانی بڕیارداندا و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان

٥. دانانی بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنی تایبەت بە گەشەی یەکسانی لە ئاستی بنەماڵە و کۆمەڵگادا

دیاری کردنی ستراتێژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەولەویەتەکانی خەبات و چالاکیەکانی پێوەندیدار دیاری بکرێن. بوونی ستراتێژی دەروەستی و ”تعهد“ بە دروشمەکان مسۆگەر دەکات و ئەمەش دەبێتە هۆی ئاوێتە بوونی پرسی یەکسانی لە ناو هەموو سیاسەتەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی دا●



# ژن کوژییەکانی دوای دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"

نەسرین یوسفزادە

لە ئێران و لەدوای کوشـــتنی ژینـا ئەمینی بەدەســـتی هێزە ســـەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران زیاترین هەڵوێســـتەکان بەدژی ئەو ڕفتارانەی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ژنانی دەکا پیاوان بوون. کاتێک لە ماوەی شـەش مانگی ڕابردوودا لەگەڵ هەر دروشـمێکی شـۆرشـگێڕی گوێمان لە هاواری ئازادی و ســـەربەســـتی ژنان لە زاری پیاوان دەبوو ئیتر کوژرانی چەند ژن بە دەســـتی پیاوانی نیزکیان شـــتێکە کە دەرک کردنی کەمێک دژوارە. دژوارە چونکە کاتێک دروشـــمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە کۆمەڵگەی جیهانی و لە هەموو دنیا دەنگی داوەتەوە چاوەڕوان ناکرێ لە شـــوێنێک کە خۆی هەڵگری درووشـــمەکەیە ژنان بکوژرێن. کاتێک شـۆڕشـێکی مەزن بە ناوی شـۆڕشـی ژینا یان شـۆڕشـی ژنانە لەئارا دابووە دیاردەی قێزەون و نامرۆڤانەی ژن کوشتن و ژن سووتاندن بنبڕ نەبووە.

١١ی ڕەزبەر "فـائیزە مەلەکینیـا" لە ئـاوایی کوڕکوڕەی ســـنە ئـاگر تێبەردرا. ڕۆژی ٣ی ڕێبەنـدان نگین ڕۆســـتەمی لە ئاوایی نێی مەریوان بەدەستی کەسێکی نەناسراو ئاگری تێبەردرا و ئێستاش و ١١ی ڕێبەندان ژنێکی دیکە بەنـاوی "ڕزوان نەدیمی" خەڵکی ئـاوایی زێوەی کـامیـاران

بەدەســـتی هاوژینی پێشـــووی تەقەی لێ دەکرێ و دەکوژرێ و هەموویان بەشـێوازێک قوربانی دیاردەی منداڵ هاوســەری، بوون کە لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەدا کە سیستمیکی ئایینی بەسەریاندا زاڵە ڕوو دەدا.

بە بڕوای من هۆکاری کوشتنی ئەو ژنانە یان ئەوەی کە کێن و لە کوێ کوژراون گرینگییەکی ئەوتۆی نییە بەڵکوو گرینگ ئەوەیە لەو بارودۆخەشدا کە زۆربەی ژنان و پیاوان هاودەنگن لە گوتنەوەی دروشـمی ئازادی بۆ ژن لە کۆمەڵگەیەکی دوور لە جیاوازی ڕەگەزیدا ئێســـتاش پیاوانێک هەن کە گوێیان لە ئاسـت ئەو خواسـتە کەڕ و چاویان بەرایی ئەو ڕاسـتییە نادا کە کۆمەڵگە پێویســـتی بە هەردووک ڕەگەزە و ئەگە بڕیار بێ مـافێک بێ هەردووک وەک یەکیان هەیە و ئەگەر بڕیار بێ ســـزا بێ بەدڵنیاییەوە هەردووک ڕەگەز بەپێی ئەو تاوانەی کە کردوویانە ئەوەیش لەلایەن یاساوە نەوەک یەکلایانە و بەدەسـتی کەسـی بەرابەر (لە زۆربەی کاتەکاندا پیاو) سزا بدرێن.

کەم نین ئەو ژن و کچانەی کە لە ٤٣سـاڵی دەسـەڵاتداری ئەو ڕێژیمە بەدەســـتی هاوژین، باوک، برا و تەنانەت کوڕیان بە تۆمەتی نامووســـی کوژراون و تاوانبار بەکێشانی کەمترین سزا ئازاد کراوە. هۆکاری ئەوەش بۆ دوو شت دەگەڕێتەوە کە ئەویش ئەو یاسا غەڵەتەیە کە یاسادانەرانی ئەو ڕێژیمە بەســـەر خەڵکیاندا ســـەپاندووە یەکەم ئەوەی کە ئەگەر کچێک بە دەســـتی باوکی بکوژرێ ئەوە بە هۆی ئەوەی ئەو باوکە تەنیا ســـێحەبی خوێنی ئەو کچەیە کەوایە تەنیا شـــاکی هەر خۆیەتی کەوایە دادگا تەنیا بە ســـزایەکی کەم مەحکوومی دەکا نموونەکەی کە لەم ســـاڵانەی ڕابردوودا دەنگێکی زۆری دایەوە "ڕۆمینا ئەشرەفی" بوو کە بەدەستی باوکی بە داس سەر بڕدرا و باوکی تەنیا بە دە ساڵ زیندان مەحکووم کرا ئەوە لە کاتێدایە

لەو کاتەوە چەندین لاوی بێتاوان تەنیا لەبەر ئەوەی داوای مافی خۆیان دەکەن لە سێدارە دراون و حوکمی قورسیان بەسەردا سەپاوە. هەڵبەت مەبەستم ئەوە نییە کە دەبێ کەسێکی کەسێک دەکوژێ حەتمەن بکوژرێتەوە نا بەڕاستی ئەوە تا بڵێی یاسایەکی هەڵەیە چونکە ئاوا نەوەک هیچ شتێک چارەسەر نابێ بەڵکوو ڕق و کینەش زیاتر دەبێ بەڵام خۆ دەبێ یاسا بە جوورێک بێ کە هەرکەسێک ئەو مافە بەخۆی نەدا ئەگەر هێزی زیاتر بێ ئەوە دەتوانی ئەوی تر لەنیو بەری .

کوشتن و سوتاندن و سەربڕینی ژنان لە کوردستان و لە ئێران و لە وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دیاردەیەکی کۆن نییە و دوور لە چاوەڕوانی نییە، ئازاری ژنان و دەرکردنیان لە شوێنە گشتییەکان وەک گۆڕەپانە وەرزشییەکان لە ئێران و لەم دوایانە لە کوردستانی باشووریش یەک دوو نموونەمان بینی کە بوونی کچێک لەنێو گۆڕەپانێکی ماتۆڕسواری بوو بەهۆی ئەوەی پیاوەکان بەوپەڕی بێڕێزییەوە خۆیان دەرخەن.

ئەوە زۆری پیدەوێ تا ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگە دا خاشەبڕ بێ و نەمینێ و ئەو جیاوازییە ڕەگەزیە یەکێک لە هۆکارەکانی کە پیاوان خۆیان بە ملکداری ژن بزانن و پێیان وابێ ڕەگەزی سەرووتر و باشترن و مافی ئەوەیان هەیە ئەگەر ژنێک بە دڵی ئەوان ڕفتاری نەکرد لەنێوی بەرن و بیکوژن.

ساڵانە دەیان ژن دەبنە قوربانی و بە دەستی پیاوانی دەوروبەریان دەکوژرێن و لەنێو دەچن. ئەو ژنانە بە دڵنیاییەوە وەک هەر مرۆڤێکی دیکە مافی ژیانیان هەیە بەڵام دەبنە قوربانی فکریەتێکی لاواز و غەڵەت کە ئەویش ئاکامی پەروەردەی حکوومەتێکی نێرسالارە و بەدەستی کەسانی نیزیکیان لەنێو دەچن. ئەو پەروەدە سەقەتەی کە چەند دەیەیە کۆماری

ئیسلامی بە شێوەگەلی جۆراوجۆر ژنی خستووەتە ژێر چەپۆکی پیاوان و تا توانیویێتی ئـازاری داوە، ئیتر لەوەی گەڕێین چـاوی هەر ئەو پیـاوەی لەبەرامبەر ئەوەی ژن نیوەی تەواوکەری ئەوە، بەستووە کوێری کردووە.

ژنکوشـــتن لەســـەر ئەوەی ژنێک نایهەوێ لەگەڵ پیاوێک بژی یان بە دڵی پیاوێک ناجووڵێ و ڕفتار ناکا، جا گرینگ نییە ئەو پیاو کێیە، باوک، برا، مێرد و هێندێک جار کوڕ و...، تەنانەت زۆر جاریش هۆکارەکان زۆر سەیرتر لەوەن کە لە بیرەکاندا بگونجێن وەک کوشتن لەسەر ئەوەی ژنێک کچی دەبێ یان زۆر هۆکارگەلی ســـەیری دیکە کە پیاوان مافی ژیان لە ژنان دەستینن. ڕۆژانە دەبنە سەردێڕی هەواڵدێرییەکان و زۆر جار چاومان هێندەی ئەو هەواڵانە بینیوە کاتێک هەواڵیکی ئـاوا دەبینین داناچڵکێین و زۆر بە ئاســـایی وەری دەگرین. ژنێک دەســـتگیرانەکەی ئاگری تێبەردەدا، یەک مێردەکەی بە سەری بڕاوێوە لە گۆڕەپانی شاردا دەسووڕێتەوە، یەک بە داس بـاوکی لەنێو پێخەودا ســـەری دەبڕێ، یەک لەســـەر چۆمی مێردەکەی ســـەری دەبڕێ، یەک براکەی و ئـامۆزاکەی لە مـاڵی خۆی هەڵیدەواسن. ئەوانە و دەیانی وەک ئەوانە سەردێڕێ ئەو هەواڵانە بوون کە لە پێش ئەو ڕۆژانەی دنیا بە دەنگی بەرز هاواری ئازادی بۆ ژنـان بکا و دروشـــمی ”ژن، ژیان، ئازادی“ ببێتە موســـیقای ســـەر زاری ژن و پیاوی ئازادیخوازی ئەو وڵاتە، بۆیە کەمێک دژوارە بیستنی هەواڵی کوشتنی ژنێک لەو بارودۆخەدا.

لە دوای شـــۆڕشـــی ژینا فکرەکان زۆر گۆڕدراوە و زۆر لە پیاوان کە دەستپەروەردەی ڕێژیمێکی دژە ژن و چەوسێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران بوون و هیچ باوەڕێکیان بە مافی ژن نەبوو و ژنیان لە پەڕاوێزی ژیانیاندا و وەک ڕەگەزی دووهەم دەبینی فکریان گۆڕدرا و بە هەموو هێزیان هاواریان

کرد کە ژن دەبێ و پێویستە کە ئازاد بێ، ئەو پیاوانەی کە ئەگەر ژنێکیان لە دەرێ بدیبایە بە دەیان لاتاو و قســــەی ناحەز لەگەڵی دەدوان ئەمجار وێرای لەچک ســــووتاندنی ژنان دەنگی ئازادی بۆ ژنانیان بەرز دەکردەوە. ئەوە نوقتەگۆڕانێکی ئەساسی بوو لەنێو کۆمەڵگەدا بەڵام بەداخەوە ئێستاش کەســانێک هەن کە خۆیان قوربانی پەروەردەیەکی پیاوســالار و تۆکمەن و خەتاباری ئەســڵی ئەو پەروەردەیە ســیســتم و دەســەڵاتێکە کە بەســەر کۆمەڵگەدا زاڵ بووە .

ئەو سیستمەی ئەوە شێوە پیاوانەی بە شێوازێک پەروەردە کردووە کە وابزانن خۆیان ڕەگەزی یەکەم و سەروەر و ژنان ژێرچەپۆکە و ژێردەستیانن و مافی خاوەندارییەتیان بە نیسبەت ئەوان دەبێ و هەر ئەوەوەیە مافی ئەوە بە خۆیان دەدەن دەست بەسەر ژنان دا هەڵێننەوە و بەشێوازێکی نامرۆڤانە لەنێو بەرن.

جیاوازی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران ئەوەیە کە ئەزمونی خەبات و ژنان پێکەوە هاوشــان هەیە و ســیاســەتەکانی کۆماری ئیســلامی نەیتوانیوە کاریگەری قوڵ دابنێ و نموونەی هاوکاری و کارکردنی ژنان و پیاوان لە"Njo" کان لە شــــارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســــتان زیندووترین بەڵگەیە●

# ژنان و کچان
# لە مەیدانی خەباتدان

هێرۆ جەڵدیانی

ئەوە ســاڵ پێ دەنێینە حەفتاو حەوتەمین ســاڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردســتانی ئێران. ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ شــۆڕشــێکی سـەراسـەری لە ئێران و کوردستان کە لە نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکترمان دەکاتەوە.

ئەگەر ئاوڕێکی کورت لەو دەســەڵاتدارییەی کە چل و ســێ ســاڵە لە ئێران دا هەیە بدەینەوە، هەر لە ســەرەتای شــۆڕشــدا کۆماری ئیســلامی، کێشـەی بۆ ژنان بە بیانووی ئەوەی کە دەسـەڵاتێکی ئاینیە، دروست کرد، کە مەبەســتێکی گرینگی ئەوە بوو ژنان بگەڕێنێتەوە بۆ دەورانی جاهیلیەت. جگە لەوەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان کێشــەی فەرهەنگی و کولتوری کە لە قەدیمەوە باو کرابوو و مابۆوە بۆ بۆ وێنە ژن بە ژنە، گەروە بە چووکە، شــیر بەها، خوێن بەها، ڕەگەڵکەوتنی کچان و ژنان لەگەڵ کوڕان و پیاوان لە کاتی بەربەســــتەکان بۆ ژیانی هاوبەش پێک هێنان و هتد... ببوونە هووگەلێک هەم نابەرانبەرییەکی زۆر ناخۆش کە لە هەناوی کۆمەڵگا بە گشــــتیی هەبوو کە ژیانی ژنانی دەخســــتە حاڵەتێکی بەســــتراوە پێوەکانی

بڕیاردەر لە ماڵی   و هەم دەسەڵاتی نوێی ئیسلامی بە گوتارێکی چاوەڕوان نەکراوە و دواکەوتوانەی "ڕووپۆشــی زۆرە ملیٚ" (حجاب اجباری) بەتایبەتی کۆمەڵگای کچان و ژنان تووشی مەترسی بکا.

هەر دوو ڕوانگەی ســوونەتی لە گۆمەڵگە و دواکەوتوانەی دەســەڵاتی نوێ و بە پێچەوانەی بەڵێنییەکانی خومەینی لە نوفێل لوشـاتووی فەڕانسـە پێش گەیشتینی بە دەسەڵات بوو. بۆیە ٢٥ ڕۆژ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان لە ئێران بە دژی ســەرەڕۆیی دەســەڵاتی محەممەد ڕەزا شـا، و لە ڕێوڕەســمی ٨ی مارســی ١٩٧٩ (١٧ی ڕەشــەممەی ١٣٥٧) دا،  خەبات ژنان بۆ دەســتەبەرکردنی ئازادییەکان و دژی ڕووپۆشــی دەسـتی پێکرد. لە تاران ڕێپێوانی گەورەی ژنان و کچان هاتە ئارا و لە ســـنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتنە مەیدانی ژنان و کچان لە شەقام خۆی دەرخست.

دەسەڵاتی نوێ کە لە ساڵی ١٣٥٨ ی هەتاوی لە چەند قوناغ دا، خۆی داســـەپاند. بە کەیفی خۆی بە بەهانەی ئایین و مەزهەب مەیدانداری بە دژی ژنان و کچان و بەربەســت دروســت کردن بۆ کاری دەرەوەی ماڵ و گەشە کردنیان دەست پێکرد و ململانێیەکی نابەنرانبەر دەستی پێکرد.

لە کوردســـتان وەزعەکە جیاواز بوو. ٣٢ ســـاڵ پێش شـــۆڕش حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دامەزرابوو. کۆماری کوردستان و حیزبی دێمۆکڕاتی ژنانی کوردســـتان لە مێژووی حکوومەتی ســـاوای کوردی دا، گرینگترین پـاشـــخـانی کۆمەڵگـاکەی بوو. لە ٢٦ ی ڕێبەنـدانی ١٣٥٧ کۆمەڵی شـۆڕشـگێڕیش تێکۆشـانی ئاشـکرای خۆی ڕاگەیاندبوو کە بیروڕای چەپ و ئازادیخوازنەی هەبوو و سەبارەت بە یەکسانی ژن و پیاو هەنگاوی دەنا.

حیزبی دێمۆکڕات کە لە ١١ ی ڕەشــەممەی ١٣٥٧ دا، بە تێکۆشـــانی ئاشکرای خۆی پتر لە ١٠٠ کەسی لە ستوادێۆمی شاری مەهاباد، پێتەختی

کۆمار، کۆکردەوە. ژنان و کچان بەشـــێوەی مەدەنی و پێشـــمەرگانە بۆ بەرگریی لە ئازادی و لەگەڵ کوڕان و پیاوەکان هەنگاویان نا.

دواترکە کوردستان هێرشی چەند جارەی پێکرا و شەڕێکی نەخوازراوی بەســـەر دا ســـەپێندرا، حیزبە ســـیاســـییەکان و کۆمەڵگای نوێی مەدەنیی یەکگرتووانە بەرگریان کرد لە سێ مانگ شەڕی زۆر نابەرانبەردا، ڕێژیمی کاتی ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە و قبووڵی ئاگربەست کرا.

حیزبی دێمۆکڕات لەو دەرفەتە کەلکی باشـی وەرگرت، هەم ڕێکخراوی ژنانی چالاک کرد، و هەم بە یاســـا گەلێکی موســـبەت [ئەرێنی]، دیاردە ناحەزەکانی لە سەرەوە باسمان کردن، کەم ڕەنگ و کەم توانا کردن. بەڵام بەداخەوە ئەو وەزعە دوای ٩ مانگ بەهۆی ڕێژیمی ئیســـلامی لەنێو برا. بەڵام یاساکانی موسبەت بە قازنجی ژنان و کچان لەنێو کۆمەڵگا دا مان و کاریان پێکرا. بە پێی بەرەوپێشـچوونی ژیان و ڕۆژ بە ڕۆژگوشـار هێنان بۆ پتانســـێلی بەرگریی و لاوازکردنی تێکۆشـــەرانی ســـازماندراوی حیزب و ڕێکخراوەکان لە کوردستان، کۆمەڵێک لە کچان و ژنان گیران، ئەشکەنجە و ئازار دران و زیندانی کورت ماوە و درێژ ماوەیان لە بەناو "دادگای چەند دەقیقەیی" بەســـەر داســـەپا و تەنانەت چەند پێشـــمەرگەی کچ و ژنیش بەداخەوە ئێعدام کران.

هـاوکـات کەش و هەوای ســـیـاســـی و دڵگەرمیی کۆمەڵایەتیی بە دەستکەوتەکان بە تایبەتیی ئازادی و کە پتر سەرانسەری بوو، و پەنجەی لەگەڵ نەرم بکەن. لەو دەرفەتەشدا چەندین گروهی جۆراوجۆر هەبوون کە دەیانهەویست لەوەی کە حکومەت ئەو هەموو فشارەی هاویشتۆتە سەر ژنان، ئەوانیش کەڵکی خۆی لێوەرگرن. بەڵام بە خۆشـــییەوە بەشـــێک لە ژنـانی ئێران زۆر وشـــیـارتر لەوە بوون کە بکەونە نێو داوی ئەو فێـڵ و

کەڵەکانە لە سەرەتای ئینقلاب لە بیری دەسەڵاتداران و کردەو دزێوەکانیان دا، هەبوو.بەتایبەتی کچان و ژنان هەر زۆر زانیان لەگەڵ دەســــەڵاتێکی سەرەڕۆ بەرەڕوون کە بەرەو تۆتالیتێریش چووە.

دەســــەڵات دەیزانی ئەگەر زوو پێشـــــی ئەو جوڵانەوانە نەگرێ، لە داهاتوودا بۆی دەبێتە دەردەســـەر، بۆیە دوای بڕیاری حیجابی ئیجباری بۆ ژنان و مەنعی کراوات و پاپیۆن لە پیاوان ڕیش دانێن و کەلک وەرگرتن لە یەخە کراسی ئاخوندی بوو بە بەشێک لە سەرکوتکارای سازمان دراو و گوشار بۆ بەرتەسک کردنەوەی کراوەییەکی کە پێشتر لەوبوارانە هەبوون. ئەگەر بڕوانینە زیندانەکانی ســـاڵانی ٦٠ تا ٧٠، زیندانەکان پڕبوون لە زیندانی بیروڕای جیاوز و سـیاسـی، بۆ نموونە بە بەهانەی هەبوونی چالاکی لەگەڵ حـیـزبە کـوردیەکـانـی ڕۆژهەڵات وە حـیـزب و ڕێـکـخـراوە سەراسەریەکانی دیکە لە ئێراندا، خەڵک و بە تایبەتی ژنان دەست بەسەر دەکران.

زیندانیەکان لە زیندانەکاندا بە هۆی شـــــکەنجە، تەجاوز و ئیعدام لە باری ڕوحی و ڕەوانی زۆر لە فشاردا بوون. سەرەڕای ئەوانەش هەشت ساڵ شــەڕی نێوان ئێران و ئێراق ژمارەیەکی زۆری لە ژنان بێ ســەرپەرســت هێشــتەوە و ســەرپەرســتی بنەماڵەکانیشــیان خســتە ئەســتۆیان. وە باری ئیقتســـــادی لەو ســــەردەمیدا زۆر وێران بوو. تەنانەت حکومەت بەوەش ڕانەدەوەســتا، لە تەمەنی کەم ئیجازەیان دەدا کە کچان بە شــوو بدرێن و ســیغەش بە پێی قانونی مەزهەبی شــیعە ئیجازەی پێ درا کە تا ئێســتاش ڕێ پێدراوە. لە لایەکی دی شــەرعیەت درا بەوەی کە هەر ژنێک زینا بکا ســـەنگســـار بکرێ. لە ماوەی یەک دەهەدا ئەوەی کە نەدەبا لە بەرامبەر ژنان کرابا بە دژی ژنان کرا.

لێرەدا ئیشـــارەیەک بە ژنی کورد بکەم لە کوردســـتانی ئێراندا، ژنانی کورد بەهۆی ئەوەی کە حیزبەکانی کوردی بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردســـــتانی ئێران لە مەیداندا چالاک بوون، وزەی ئەوەیان هەبوو کە چـالاکتر بن و فەعـالیەتی خۆیـان تـا ئەو جێیەی بۆیـان دەکرا، بکەن. هەرچەندە موبارزەکردن بۆ ژنان لەگەڵ پیاواندا بۆ بەرابەری و یەکســـانی ئاسان نەبوو، بەڵام ژنان و کچان بە هێز و توانا و باوەڕ بە خۆیان بەردەوام بوون لەو ڕێگایە دا.

دەسەڵاتیش بەشێکی غافڵ نەبوو لەوەی کە سرنجی ژنان بۆ لای خۆی ڕابکێشـی، دەسـتی کرد بە جموجۆڵی سیاسـی تا هاوکات لە نێوخۆ و دنیای دەرەوە لەو بوارە دا، سـیمای دژە ژنە ژنی نیزام جۆرێکی دیکە نیشـان بدا، بۆیە چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی ژنان و بڵاوکراوەی دیکەی بە ناوی ژنان و مافی ژنان بەتایبەتی لە دەورانی خاتەمی دا، بڵاو کردنەوە و تەنانەت چەند ڕێکخراوی ژنان و لەنێو ئەوان دا، باســـی فێمینیســـتە ئیســـلامییەکانیش چالاکییان هەبوو. بەڵام لە ڕاســـتی ئەوەی ڕووی ڕاســـتەقینەی ڕێژیم بوو، ئەوانەی "بسیج خواهران" لە دواییشدا "گەشتی ئیرشادی" پیاوانە و ژنانە بۆ ســـەرکوتی پتر بەناوی "امر بە معروف و نهی از منکر" ئەنجام بدەن، سـەرەڕای ئەوەی هاوکات لە بەسـیجی جۆراوجۆر بەتایبەتی لە قوتانخانە و زاســـتگەکان دا، بە ناوی "خواهران زینەی " دروســـت کران و لە گیان خەڵکی ڕێژیمی دژە ژن و دەژی گەلی نەویســـــت بەردران، لە دەیەی ڕابردووش دا، لە گەڵ دروسـت کردنی سـپای "دفاع از حرم" زینبەبیوون، فاتمییون ، زنان و کچانیش بەو ناوانە دامەزراندەوە بۆ بەرگری لە ڕێژێمە داگیرکەرکەی.

له بەشــــی ئیتلاعاتی و ئەمنییەتیش بە دروســـــت کردنی دیاردەی "پرستو"، ژنان و کچانی زیندانی و بەکرێگیراوە بۆ جاسووسی لەسەر حیزب و لایەنە ســـــیاســـــییەکان و کارە زۆر دزیوەکانی بەکار دێنێ، لە نوێژی جومعەکانیشدا بەشداریان پێدەکا. بەشی ئابووریش بە بونیادی "امام " کە خومەینی پیاوچاک نیشان بدەن بۆ ژنانی بێ سەرپەرست یان دامەزرا، کە گویا یارمەتی بە بێ ســــەرپرســــتان دەکەن ە و لەو ڕێگەدا، ژنان لە نێو چاودەســــتی و مواجب خۆری هەژار و لە دەرەوەش بۆ هاوکاری ژنانی گرووپە "نیابت"ییەکان زۆرتر کەلکی لێوەردەگیرێ. جگە لەوانەش چەندین کۆنفرانســی ژنانی لە وڵاتەکانی دراوســێی وەکو ئێراق، لوبنان و ســوریە و وڵاتە عەرەبیەکانی دیکە پێکهێناو لە سازمانی میللەلیش نوێنەری لە "پلەی ژنان" هەبوو. کە بە خۆشــییەوە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی شــۆڕشــی ژینا (مەهسا)، کۆماریی ئیسلامی ئێران لەو شوێنە دەرکرا.

ئەو کارانە هەموو بە پوڵ و ســــەرمایەی ئێران کە لەبەر دەســــتی ئەو ڕێژیمە دایەچوونە سەر، بۆ ئەوەی کە بە دنیای دەرەوە بسەلمێنێ کە دیفاع لە مافی ژنان دەکا وە ئەوەش خۆراکێک بێ بۆ خەڵکی نێوخۆ. بەڵام بە خۆشــیەوە ژنانی ئاگاە و ڕۆشــنبیر لە ئێران و لە کوردســتان بۆ ئەوەی کە بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە نگریسە بکەن، لە زانکۆ و لە مەدرەسەکان ڕوتبەی ئەوەڵیان بەدەستدێنا تا بەو شێوەیە بتوانن خۆیان دەرخەن و جێگە و پێگەیەک لە نێو کۆمەڵگادا بە دەست بێنن.

ژمارەیەکی زۆر لەو کچ و ژنانەی کە ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کرد بەهۆی زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی، تا ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە لە باری ســیاســی و کۆمەڵایەتی نەخشــی ئیجابیان هەبووە. چ لە باری هونەری، چ لەباری وەرزشــــی و عیلمی و تەنانەت تا ئاســــتێک ڕۆیشــــتوون کە لە

پارلمانەکانی ئورووپادا نوێنەرایەتی خەڵکی دەکەن. ژنانی کوردیش بەشێک بوون لەو ژنانە.

ئەرکی ژنانی کوردی نێو حیزبە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە دەرەوەی ئێراندا قورستر بووە لەبەر ئەوەی کە سەرەڕای ئەرکی دایکایەتی، ئەرکی پێشمەرگایەتیشیان بە ئەستۆ گرتووە، وە لە هەر گۆشەیەک لەو کوردستانەدا موبارزەی خۆیان ڕۆژ بە ڕۆژ بەربڵاوتر کردووە وچەندین کۆنفرانس و سیمینار لەسەر کەسایەتی ژنان و ئەو شۆڕشانەی کە تا ئێستا لە کوردستاندا کراون، بەڕێوە بردووە، وە هەر بەوشێوەیەش شێلگیرانەتر بەردەوامن. هەرجارەێک کە لە ئێرانێ سەرهەڵدانێک بە دژی دەسەڵات ڕوودەدا، ژنان نەخشێکی بەرچاو دەگێڕن. بەڵام لە ڕابردوودا ئەو سەرهەڵدانانە هەرجارەی بە جۆرێک دامرکاونەتەوە، ئەویش بەهۆی زیندانی کردن و ئیعدام کردن و خوێن ڕشتنی هەزاران کەس لەسەر شەقامەکان و لە نێو زیندانەکاندا. بەڵام ئەجارە جیاواز لە هەموو جارەکانی دیکە ئاگری ژێر خۆڵەمێش سەر لە نوێ سەری هەڵداوەتەوە.

ئەم جار کە شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژینا سەری هەڵداوە و ئەو شۆڕشە هەموو نەتەوەکانی لە نێو ئێراندا گرتۆتەوە. ئەوە کچی کوردە، دیسان خوێنی ڕژا بەڵام بوو بە چرای ڕووناکی و پێشڕەوی، کە دروشمی سەرەکی ئەو شۆڕشە ژن ژیان ئازادی یە. ئەو دروشمە لە دنیای دەرەوە پشتیوانی زۆر باشی لێکرا و گەیشتۆتە جێیەک کە وەزەیەکی گرینگی بۆ لەنێوچوونی دەسەڵات دروست کردوە.

چل و سێ ساڵ خەبات کردن لەو ڕێگایەدا، ئەویش لە بەرانبەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و بگرە سەرکوتکارتریش و توتالیتێر، کە بە ناوی جۆرێک لە ئایین و بەگوێرەی مەزهەبی شیعە هەرچی لە دەستی هاتووە

بەســەر گەلانی ئێرانی هێناوە. زۆر ئازیزمان لەو ڕێگایەدا لە دەســتدا، زۆر ســـەرمایەی نەتەوەییمان لە نێوچوون، وڵاتیان بە وێرانی کێشـــا، ژینگەی ســـروشـــتیان بە وێرانی کێشـــا، فکر و ئەقڵیەت و جاهیلیەتی چل و ســـێ ســـاڵەیان دەرخواردی خەڵک دا، فەرهەنگ و داب و نەریتی نەتەوەکانیان شـــێواندوە. ژنان و کچانی بە دوو دەســـتە دابەشـــکرد بە کلتوری ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات. من لەو باوەڕەدام دوای ئەو دەسـەڵاتەی لە ئێران دایە، ئەگەر ببێتە حکومەتێکی دێمۆکراتیک، کاتێکی زۆر دەوێ و حەوســـــەلە وە لەخۆ بردووییەکی زۆری و کاری بنیادنەر و بنەچینەیی دەوێ هەتا ئاڵوگۆڕێکی جێی ڕەزامەندی دروست کرێ.

بۆ ئەوەی ژنان و کچان بە بەرانبەریی و یەکسانی لە کۆمەڵگا لە لایەک و لەگەڵ کوڕان و کچان لە ژیان و تێکۆشـان و دەسـتکەوتەکان لە لایەک بگەن، لایەکی دیکەش پێویســتە لە ژنانی پســپۆڕ وشــارەزا و خوێندوارانی ئەکادیمی لە ڕشـــــتەگەلیی جۆراوجۆر بەتایبەتیی ســـــیاســـــت و پێوندییە نێونەتەوەیی و بەرنـامە و پلان دانـانەکـان کەڵـک وەرگیرێ. بە تـایبەتی ڕێکخراوەکان ئەرکدارتر بن کە بە وردبینی بەرنامە گەلێکی تۆکمە دابڕێژن و بە مەشـقی بەردەوامی یەکگرتوویی بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانمان هەوڵ بدین و دوای سەرکەوتن، لە کۆمەڵگامان دا، نیهادینە و ڕێشەدار بکرین●

ژن، ژیان، ئازادی

٢٦ ی فیوریەی ٢٠٢٣ی زایینی،

بەرانبەر بە ٧ ی ڕەشەممەی ٢٠٢٣ ی هەتاوی.



# شۆڕشی ژینا و چەند سەرنجێك

هیوا ئەحمەدی

هەروەک دەزانین شـۆڕشـی ژینا بە شـەهید کردنی کچە کوردێکی سـەقزی بەناوی ژینا (مهسا) ئەمینی لە تاران دەستی پێکرد و تا ئێستاش پۆلەمۆژەی ئەو شۆڕشە هەر لە گرشە و گەشە دایە و شیمانە دەکرێ تا کۆتایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە کۆمەڵێک دەستکەوتەوە بەردەوام بێت.

ئەو شـۆڕشـە ئەگەر لە لایەک چەخماغەی ڕاپەڕینێک بوو بە دژی کۆماری ئیسـلامی کە لە کوردسـتانەوە بڵێسـەی دا و لە تارانەوە گڕاژۆ کرا، لە لایەکی دیکەشـەوە بوو بە هۆی یەکگرتوویی سـەرجەم گەلانی ئێران و پشـتیوانیی ئەوان لەو بزووتنە ڕەوا و مەدەنیەی کوردسـتان، بەڵام هاوکات کۆمەڵیک جیاوازی و ڕوانگەی مەیدانی جیاوازی خستە ڕوو کە باس کردن لە هیندێکیان بە پێویست دەزانم.

شـۆڕشـی ژینا بە کوردی و بە دروشـمی ژن، ژیان، ئازادی سـەریهەڵدا و بە فارسـی و بە شـوعاری "زن، زندگی، آزادی" پەرەی ئەسـتاند. ئەو چەمکە کە لە هەردووک زماندا بە ڕواڵەت بە یەک شـێوە مانا دەکرایەوە، بەڵام بە کردەوە چەندین مانای مەیدانی لێکەوتەوە کە دوو بەشـی سـەرەکی بە دوو جەمسـەری جیاوازەوە لەخۆ دەگرێ.

یەکێکیان شـــۆڕشـــی ژینا و ژن و ژیان بۆ گەڕاندنەوەی کەرامەتی مرۆڤ، تێکدانی پلەبەندی مرۆڤەکان، هەڵوێست دژی مرۆڤکوژیی و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی، دژی داگیرکردنی ئازادیی تاکەکان و خوازیاری یەکسانی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و جینایەتی و بەمانای ڕاستەقینەی وشـــە دژی تەواوییەتی نیزامی دەســـەڵاتداریی کۆماری ئیســـلامی بوو و هەیە کە دژی هەموو ئەم پێوانە سەردەمیانەیە، بەڵام بەشێکی ئەم شۆڕشە بە شێوەیەکی مەبەستدار لە ڕێگای کەس و لایەنی تایبەتەوە بەلارێدا چوو و بۆ مەڕامی ســـیاســـی و حیزبی و بگرە تاکەکەســـیش لە ئەســـلی مەبەســـتەکە دوور کەوتەوە. تەنانەت خودی دروشمەکەیان کردە "مرد، میهن، آبادی" چونکە لە شۆڕشی ژینادا پیرۆزیی لە خودی ژیان و لە یەکســـانی و بەرابەریی مرۆڤەکان دایە نەک لە گەڕانەوە بۆ مێژووی کۆن و تەقدیس کردن و بە پیرۆز زانینی ئەو کەســـانە کە لە پێشـــدا تاقیکراونەتەوە و لەم تاقیکارییەش نەک هەر دەرنەچوونە، بگرە خودی کۆماری ئیسلامی کە بەســـەر گەلانی ئێراندا خۆی سەپاند، بەرهەمی ئەم زوڵم و زۆر و نابەرابەرییەی ئەو مێژووە پڕکارەساتە بوو.

لە شۆڕشی ژینادا نیشتمان بەبێ جیاوازی و پلەبەندی بۆ مرۆڤەکانە و لە ناو ئەم نیشـــتمانەدا ئەوە دەســـەلمێنێ کە ئەم شـــۆڕشـــە بە زمانێک لەدایکبوو کە غەیری زمانی ناوەندنشـــین و نەتەوەی دەســـەڵاتدارە. کەچی بەشـــێک دەیانهەوێ بەناوی ئەو شۆڕشەوە دەستکەوتەکانی چەواشە بکەن و بڵێن ئێران یەک نیشتمان و یەک نەتەوە و یەک زمانە و کەس بۆی نیە جگە لەو ڕوانگەیە پێڕەو بکات.

ئەگەر ئەمڕۆ خەڵک لەبەردەم حکوومەتی شێخدا کەڕامەتی پێشێل دەکرێ و بەناحەق گیانی لێ دەســـتێندرێ، لە ئەگەری ســـەرکەوتن لە بەلارێدا بردنی ئەو شۆڕشە لە لایەن ئەم تاقمە پاوانخوازەوە، دەبێ سبەی خەڵک لەبەردەم "شا"شدا ئیرادەی بە چۆکدا بێ و لە کۆتەوە بکەوێتە زنجیری پڕ لە جەور و ئازاری

هەتوان نەکراوی ڕابردووە کە ئەوانیش خوێنخۆری خەڵک و بەتاڵان بردنی سامانی نەتەویی و میللیی ئەو وڵاتەیان تاقیکردبۆوە. ئەگەر ئەوانە واتە کۆماری ئیسلامی دژایەتیی خەڵک لەگەڵ خۆی بە دژایەتیی خوا و دینی خوا دادەنێ، ئەوە شاپەرست و پاوانخوازەکانیش هەر چەشنە دژایەتیی لەگەڵ خۆیان لەلایەن خەڵکەوە بە دژایەتیی نیشتمان و دیاردەی ئاریائیزم دەزانن و بە خەیانەتی ناو دەبەن!

کەوابوو بۆ کورد و باقی نەتەوە ژێردەست و بەشخوراوەکان، خۆیان گوتەنی "هەر هەمان ئاش و هەمان کاسە"یە و بێگومان دۆخەکە لەوە کە هەیە خراپتر دەبێ. کەوابوو ئەوکات نە شۆڕشی چەندین و چەندان ساڵەی هێز و لایەنە سیاسییەکان بە بەرهەم دەگات و نە شۆڕشی ژیناش بۆ ژیان و بووژانەوەی ژیانی مرۆڤ و ئەو مەبەستانە کە خەڵک بۆی ڕاپەڕیون، مانا دەکرێتەوە. چونکە شا دەیهەوێ بە سەلیقە و سەلاحی خۆی وڵات ئیدارە بکا و خەڵکیش پڕ بە باڵای شا فەرمانبەر و گوێ لە مستی بن. بۆیە لە کۆنەوە شایەکان گوتوویانە "صلاح کار خویش را، خسروان دانند". کەچی شۆڕشی ژینا ڕاست بە پێچەوانەوە وەرچەرخانێکی نوێیە لە نوێترین و کەم وێنەترین شۆڕشی ژن لە ئاستی جیهانیدا کە جگە لەو مەبەستانەی باسکران، کۆمەڵێک ڕوانگە و بۆچوونی نوێ لە خۆ دەگرێ وەک ڕوانینی نوێ بۆ ژیان و هەموو چەمک و پێوەرەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بەتایبەت ڕوانین لە پێگە و جێگەی ژن لە فەرهەنگی زوڵمسالاری و تاکسالاری ڕۆژهەڵاتی نێوەراستدا.

لە شۆڕشی ژینادا مرۆڤ و سەرجەم بەها مرۆییەکان بەرەو ئاسمانی ڕوانگە نوێیەکان باڵ دەگرن و لە پێوەندی ستاتیک و بەردەوامی نێوان مرۆڤ و چەرخی گەردوون دەدوێن. واتە لە ڕوانگەی ئەو شۆڕشەوە گیانی مرۆڤەکان فیدای ئێران ناکرێ، بەڵکوو ئێران بە پێی پێوەرە ئینسانییەکان و کەرامەتی

ئینسانی نرخی بۆ دیاری دەکرێ. یانی ئەرزیشی ئێران وەک یەکەیەکی جوغرافی، پێوەندی بە جێگە و پێگەی مرۆڤەکان لە چواچێوەی ئەو جوغرافیایەدا هەیە، نەک پێچەوانەکەی. واتە نرخی ئەو وڵاتە ئەوکاتە باڵایە کە بەرابەریی میللی و نەتەوەیی، ڕەگەزیی، ئازادیی تاک و کۆ، دوورکەوتنەوە لە پلەبەندی و سنووردانان لە نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان و باوەڕ و ئیدئۆلۆژی جیاوازەکان و هتد...گرینگی پێ بدرێ و هەوڵی دابینکردنی بۆ بدرێ.

لە شۆڕشی ژینادا، ژیناکان ماهییەتی دەوڵەت، ئەرزیش، ئەخلاق و فەرهەنگی کۆمەڵگا پێناسە دەکەن. لە حاڵێکدا ئەوانەی دەیانهەوی شۆڕشی ژینا بەلاڕێدا بەرن لەگەڵ ئەوەی هیچ ڕۆڵێکیان لەو ڕاپەڕینەدا نەبووە، دەیانهەوێ واتای هەموو ئەو چەمکانە بە مەیلی خۆیان بگۆڕن و بەناوی دیمۆکراسی و دروشمی بریقەدار، بەڵام لە راستیدا بە شێوەی دیکتاتۆڕی و توتالیتێریسمانە دەست بەسەر دەستکەوتەکانەوە بگرن.

بۆیە لە ئاست ئەو هەموو پلان وپیلانە ناپێویست و نادۆستانەدا، کورد دەبێ بە یەکگرتوویی و پێداگرتر لە هەمیشە لەسەر داواکانی خۆی سوور بێ و ژیانی ڕاستەقینە بۆخۆی و بۆ هەموو ژیناکان داوا بکات●



# Yekîtiya Jinan û rewşa jinê

Perî Reşîdiyan

Di ٧٧'mîn salvegera avakirina Yêketiya Jinên Demokrat ên Kurdistana Îranê de, tevî pîrozbahî ji avaker, birêveber û endam û alîgirên Yekîtiya Jinan, cehd didim awirek biçûk ji rewşa jina Kurd di Rojhilata Kurdistanê de piştî avabûna vê saziyê vedim ku tevî hemû evraz û nişîv û astengiyên xebatê, ez bawerim di pêvajoya hişyarkirina civakê û perwerdekirina jina Kurd de heya asteke zaf bandora xwe hebûye. Helbet eva jî bê nirx û bedel nebûye, belkî encama ked û tekoşîna wan keç û jinan e ku serbarê hemû astengî û kevneşpiyên civakê, lê bi xwîn, temen û xebata bêhempa a xwe karîn tesîrê ji civakê bikin û heya qasekê biguherin.

Berhema vê xebat û tekoşîna nizîk bi heşt dehsalî ya jinan, mirov dikare gotina babê şehîdekî şoreşa Jînayê ''Mihemed Hesenzade'' bi mînak bigre ku li ser gora kurê xwe anî ziman ''Berê gava pesna mêrekê hatiba kirin, digotin camêr e, bixîret e, binamûs e, biwijdan e û...hwd, lê niha ger mêrek xwediyê wan taybetmendiyan be, dibe zaf jin be''. Li rastî de eva tenê gotinek hestekî yan atifî nine, belkî berjenga hişmendî û zehniyetek nû û erênî a mêran û civaka mêrserdest e li hember pirsa jinê û rol û pêgeha wê di civakê de, ku hewce ye were xurtkirin. Jiberku Jina

Kurd li Rojhilatê xwedî ezmûn û xebatek pir bihêz in û ji aliyekî ve mil bi milê mêran di çepera xebata netewî û rizgariya nîştiman de bûne û ji aliyê din ve jî di nav civakê de xebata regezî û wekheviya maf bi mêran re. Ew her du xebat girîng in, helbet xebat bo rizgariya welat girîngtir e. Lê hewce ye her du xebat bihevre bimeşin. Mirov dibîne ku zêdtir jinên ku xebat ji bo mafê wekheviyê dimeşînin, lê kêmasiya herî girîng ew e ku mêrên Kurd kêmtir xwe li nava xebata wekheviya regezî de dibînin.

Li Kurdistanê mêjdem e ku dirûşma ''Jin, Jiyan, Azadî'' hatiye qîrandin û deng û hawar û hêza vê durûşmê bûye xemla welat û li bajar û çiyayên Kurdistanê de deng vedide. Dema ku li Rojhelatê û li ser mezara keça kurd ''Jîna Emînî''de ew durûşm dihate qîrandin. Jina kurd bi agahî û zanîn ve ew durûşma biwate anî ser ziman. Ew durûşma hinde hêsan nehatiye dan, belkî ji riha xebat û berxwedana bizava kurd û tekoşîna ji bo wekheviya maf bûye.

Serê çend mehan e ku li Rojhelata Kurdistanê û hemû deverên Îranê de serhildanek bêhempa bi navê ''Şoreşa Jînayê'' li dijî rejîma mirovkuj û terorîst a Îranê dest pêkiriye. Em rojane dibînin ku keç û lawên Kurd li kolanan de ji dij rejîma totalîter û paşkevtî a Îranê li berxwe didin. Keç û xortên Kurd bi îlhamwergirtin ji dîroka xwe, baş dizanin ku gelê kurd çi car serê xwe ji bo wê rijîmê neçemandiye û desthilata dagîrkerî û siyaseta koloniyalîstî qebûl nekiriye û çi caran jî qebûl nake.

Pêşenga sereke û dînamîzma vê raperînê, jina kurd e. Jina kurd xwedî îrade ye û dizane çi dixweze û dizane ku li bin barê du zulm û stemên netewî û zayendî de ye. Daxweziyên jina kurd diyar in. Ev pêşenegî, bivêrî û cesareta jina kurd li hember neheqî û kuştina hikûmetî de, bû sedem ku dengê azadîxwazî û rizgarîxwaziya neteweyên din ên Îranê û bi giştî jinan bilind bibe. Tevî vê ku azar û

êşa jinên netewên bindest ên Îranê weke Kurd, Belç, Ereb, Azerî û ...hwd ji jinên neteweya serdest cuda ye, lê Jinên navendê weke sipîpostên Amerîkayê ku nekarîn daxwez yan xwsetekên jinên reşpest fêm bikin. Daxwezên jinen reşpest daxweziyên sereke bûn, weke mafê xwendin, karkirin, dengdan, hebûna îmkanatên tendurustî. Lewma Jinên neteweya serdest jî zulm û neheqiya ku ji jina kurd hatiye û tê kirin, hêj bi başî fam nekiriye û weke berhema perwerdeyek faşîstî û seqet ya koloniyalîstî, bi bihîstina dengê mafxwzî yan durûşmên netwî ên jina kurd de, mora parçekirina welat li eniya wan dixin û piştgirî û rewatiyê didin pêvajoya tepeserî û bêdengkirina wan bizavan. Lewre hewce dike dengê mafxwazî û mezlûmiyeta jina kurd zêdetir bihê bilindkirin û bona guherînkarî û tesîrdayînê bi nihêrînek xesarnasî ve mêzeyî vê xebatê were kirin.

Kêmasiya ku em li xebata jinên kurd li Rojhelatê de dibînin, mixabin zêde ne. Erê em ku xwedî Yekîtî û organên curbicur in.

Rojhelat ku xwediyê çendîn partî û tevgerên curbicur e û di pêvajoya rizgariya welat li tekoşînê de ne, çima hêj kêmasî dixuyin.

Ezê li vir de basa hin kêmasî û giriftên ku texa jin pêre rûbirû ne, bikim.

Dema mirov mêze li Partiyên siyasî ên Rojhilat dike, bi xweşî ve rêjeyek berbiçav a keç û jinan têde dibîne. Pir in ji jinên ku pora xwe li çepera xebatê de spî kirine, hemû temenê ciwaniya xwe terxanî xebatê kirine, lê mixabin li navendên biryardan û rêveberiye de ciyên wan vala ye. Gelo tu bêjî ew yek bi zanebûn be? Gelo tu bêjî heçeperên wan jinan li nava kûrahiya dilê xwe de bawerî bi mafê wekheviye hebin?

Gelo PDKÎ ku xwediyê dîroka ٧٧ salî ye çima rêjeya jinan li navenda biryardanê de zaf kêm e. Gelo çima li Navenda Hevkariyê ku çend partiyên siyasî tê de bi hevre dixebitin, ti jinek têde nine.


Ew pirsane û gelik pirsên dinê, zaf caran mejiyê min û nimûneyên weke min mijûl û dadigrin.

Helbet hemû xeta nakeve ser milê mêran. Em dibînin jinên ku li nava Yekîtiyan de dixebitin , hindek xemsar in. Bo mînak zaf caran dema ku komîtwyên welatan civînan lidar dixin, mafê Yekîtiya Jinan dibe çêkirina xwarin, şuştin û veşuştin.

Li vê şoreşa ku niha didome, jina kurd selimand ku xwedî çi hêz û raman û moralekê ye. Durûşma Jin, jiyan, Azadî niha sînorên Kurdistan û Îranê derbas kiriye û bûye bi durûşmek cîhanî û enternaşnal û piştevaniyek zêde bo xwe misoger kiriye. Lewma dema wê hatiye ku em jinên kurd û mêrên rewşenbîr û pêşketinxwaz pitir ji jinan xwedî derkevin ku xwedî ceribîn û pêşîneyek dirêj ya xebatê ne û jin jî bi xwebaweriyek zêde û qahîmtir bo maf û azadiyên xwe derbikevin qadan û bixebitin.

Erka partiyan e ku hizr û ramanên xwe li dor jinê abdeyt û rojev bikin û jina kurd wek ektereke sereke û dînamîk ji bo xebatê bibîne. Hebûna jinan li nava navendên biryardanê de dikare bibe sebeba wê hindê ku kar û xebat, bihêztir û biqawettir bibe•

Ji hêza jina netirsin. Jin kaniya jiyanê ye. Jin Jiyan azadî






ئاشق

# گوڵاڵەکان دەڕوێنەوە

دۆخ هەرچەندە تەنگـــــەبەر بێ
هەنگاو دەنێـــم، ناکشـــێمەوە
وەکوو گوڵ دوای هەڵوەریـنێ
هەموو سـاڵێ دەڕوێمــــەوە

بڕوانن دەشتـــــــی ئەو زێدە
بە سوورەگـــوڵ داپۆشـــراوە
بە چاوی خۆم ســـەد جارم دی
گوڵ پەڕپەڕ بـوو و هەر ڕواوە

ئەو کاروانــــەی بەڕێــوەیە
ئاخری دەگاتە ســـــەرمەنزڵ
مرادی ڕێبـــــــواری ماندوو
بێگومان هەر دەبێ حاســڵ

سـڵاو لە گیـانی پاکتـان گوڵاڵەکـانی بەهـاری شـۆڕش. ڕێبـوارانی ڕێگـای پڕ لە شانازیتان ئامانجتان وەدی دێنن![١]

---

١ پۆلێکی دیکە لە شەهیدانی ئەم دواییانەی بزووتنەوە ڕەواکەمان!




# سروودێك بۆ نەورۆز

ڕەحیم لوقمانی

تا چیام ڕامان و هێزە، هەر هەم و خۆڕاگرم
تا لە دڵدا خوێنی نەورۆزم هەبێ قەت نامرم
چۆن چیای بڕوام دەڕووخێ گەر قەڵای دێرینمە!
چۆن هەتاوم کز دەبێ گەر ڕەمزی ئاڵا و دینمە!
ئەی ئەوانەی ساڵەهایە دێنە مەرگ و جەنگی من
بەرخودانی گەل ژیانە، تێبگەن فەرهەنگی من
”چی نەما کردیان بەحاڵم بۆ ئەوەی بتوێمەوە
هەر دەژیم و هەر لە پێشوو چاکتریش دەڕوێمەوە“
بێنە کوردستان ببینن بانگی ئاشتیخوازی کورد
ڕەنگی چۆپی و زەنگی ساز و ”زیرەکی“ ئاوازی کورد
ئێرە کوردستانی ئاشتی و مەشخەڵانی شادییە
ئاگری کورد هەڵپەڕینە، سەمبولی ئازادییە
پڕ چیام گڕکانی عەشقە و باوەڕی پڕ سۆزی من
خۆشەویستی نیشتمانە، ئاگری نەورۆزی من

♦♦♦



**ناسر حیسامی**

وەرن لەو بەژنە بڕوانن
بەپێوە کیژی کورد دەمرێ
دە ئێوەش مەشخەڵێک هەڵ کەن
کە شاری ئێمە گڕ دەگرێ.

ببینن چۆن تەواری مە
شکۆی نێزە و چەقۆی دەشکاند
چ سەربەرز و چ ئازا بوو
لە زنجیردا چیای دەدواند.

لە بەر دەرگای هەمووماڵێک
بووەتە پەیکەری وەستان
لە کۆڵانی هەموو شارێک
بووە هاواری ژێردەستان.

بزووت ئێستاکە ئەو خەڵکەی
دەمێک بوو بێ بزە و دەنگ بوو
چ گەش دەنوێنێ ئەو ئاسۆی
دەمێک بوو تار و بێڕەنگ بوو

سڵاو ئەی بەربەیانی گەش
بـمێنی ئەی ئومێدی سوور
هەڵۆ با بێن لە تۆ فێر بن
بە باڵی خوێن، فڕینی دوور





## هێمن شاعیری

# ژن، ژیان، ئازادی

برایم جەهانگیری

... هێمن لە پێشدا باسی ڕزگاریی نیشتیمانەکەی دەکات و لەو باسە دا ژن و پیاو لە پەنا یەک دادەنێ و پێیوایە دەبێ ژن و پیاوی کورد بە یەکەوە شان وەبەر بەرپرسایەتی بدەن و بۆ ڕزگاری نیشتمانی هەوڵ بدەن.

”ئەختر کچە کوردی چاومەست
ئەی پێشمەرگەی میللەتپەرست
ئیلهامدەری شێعر و هەڵبەست
کە دیتمی تفەنگ بەدەست
زانیم گوڵی هیوا پشکووت
بەیانی ئازادی ئەنگووت“

لە شوێنێکی دیکە دا دووبارە دەڵێ:

”من تەشرێسێکی وەک شیرینی وەفاییم بۆ چییە
کیژی وریای چاوکراوەی فێرە زانیینم دەوێ“

لەو دوو شێعرە دا دەردەکەوێ کە مامۆستا هێمن یەکەم، گرینگی بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد دەدا و دوایەش

بەرپرسـایەتیی ئەو خەبـاتە بەتەنیـا نـاوێتە سەرشـانی پیـاوی کـورد، بەڵکـوو ژنـیش هـان دەدا کە شـان بە شـانی پیـاوان بـۆ ڕزگـاری نەتەوە و نیشـتمانی کـورد لە چنـگ سـتەم وداگیرکـاری هەوڵ بـدات. گرینگـی بەشـداریکردنی ژنـان لە خەبـاتی ڕزگـاریخوازانە دا لای مامۆسـتا هـێمن هێنـدە بەنـرخ بـووە کە دیتـوویەتی ئەخـتەری کـچە کـورد چەکـی پێشـمەرگەی لە شـان کـردوە، ئەو جـار بـاوەڕی بە ڕزگـاری کورد هێناوە. بۆیە دەڵێ: "زانیم بەیانی ئازادی ئەنگووت".

بەڵام هـێمن لە هەمـان کاتـدا هەمـوو شـتێک لەو بـوارە دا، نابەسـتێتەوە بە خەبـاتی ڕزگـاریخوازانە و نقـورچێکێش لە خەڵـکەکەی خـۆی دەگـرێ بـۆ ئەو سـتەمەی لە ژنـانی دەکـات و بەمجـۆرە هەم پیـاوی کـورد وشـیار دەکـاتەوە و هەم ژن وە ئاگـا دێنێـتەوە کە ئەو دوو جـار سـتەمی لێـدەکرێ. سـەیری ئەو شـایەدییە بـکەن کە خـۆی بە تەنیا دیوانێکە:

"ئەسیری بسکی لوولی کچە کوردێکی نەشمیلم
تەماشا کەن چ سەیرێکە بەدەستی دیلەوە دیلم"

لێـرەدا، مامۆسـتا هـێمن بە زانـایی بە تیرێـک دوو نیشـان دەپێکـێ. ژنـی کـورد دوو جـار ئەسـیر و دیـلە. یەکەم دیلـی بەردەسـتی داگیرکارانە و دوویەم دیلی نەریتی کوردەوارییە. و...

---

وەرگیـراوە لە بەشـێک لە نووسـراوەی کـاک بـرایم جەهـانگیری، بەرلە مـاڵاوایی، لە لاپەڕەی ١٢ی ڕۆژنـامەی کوردسـتان، ژمـارە ٨٤٥، ٢٠ ئـاپریلی ٢٠٢٣، پێنج شەممۆ ٣١ی خاکەلێوەی ١٤٠٢.